# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٥٧
چوارشەممە
٢٠١٠/١١/١٠
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


## ئاگاداری

ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز دەکەینەوە کە چوار شەممەی داهاتوو، بەبۆنەی جەژنەوە ڕۆژنامەی دەستوور دەرناچێت، لەئێستاشەوە جەژن لەهەمووان پیرۆزبێت.

# بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان
# نێچیرڤان بارزانی دەگاتە تاران



دەستوور

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی رایدەگەیەنێت کەوەفدێکی بالآی حیزبەکەیان بەسەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی لەئێرانن، بەمەبەستی هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی‌و ئێران.

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکایەتی شاندێک چووە بۆ ئێران، کەفازڵ میرانی‌و فوئاد حسێنیشی لەگەڵدایە".

ئەوەشی وت "مەبەستی کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆکردنە لەبارەی قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی‌و سەردانی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بۆ هەولێر".

ئاماژەی بەوەشدا کەمەبەستێکی تری سەردانەکە، پەیوەندی بەوگرژییانەوە هەیە کە لەماوەی رابردوودا لەنێوان پارتی‌و ئێراندا هەبووە، بۆ باشترکردنی ئەو پەیوەندییانەیە، چونکە هەندێک گرفت هەبوو.

هەروەها وتی "پارتی ئێستا پەیوەندی لەگەڵ تورکیا زۆرباشە، لەبەرئەوە پێویستە لەگەڵ ئێرانیش پەیوەندی باشبێت‌و ئەو سەردانەش بۆ ئەو مەبەستەیە".

لەلایەکی ترەوە یوسف محەمەد مامۆستا لەبەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی‌و چاودێری سیاسی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێران خۆی یەکێکە لەکارەکتەرە سەرەکییەکانی ناوخۆی عێراق‌و رۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەیە لەئاراستەکردنی بارودۆخی سیاسی‌و ئەمنیی عێراق، بۆیە کاتێک بەرپرسی حیزبە کوردستانییەکان سەردانی ئێران دەکەن، ئەمە هەم دانپێدانانە بەو رۆڵەی کەئێران هەیەتی لەناوخۆی عێراق‌و بەهەرێمی کوردستانیشەوە، چونکە بەردەوام کاریگەی هەبووە لەهاوکێشەکانی هەرێمدا لەرابردوو ئێستاشدا".

یوسف محەمەد ئەوەشی وت کە بەشێکی تایبەتی ئەو سەردانە پەیوەندی هەیە بەهێورکردنەوەی ئەو گرژییانەی کەپێشتر روویانداوە، هەر لەچاپکردنی کتێبەکەی قانعی فەرد، کەپارتی وای لەقەڵەمدا بۆ شێواندنی مێژووی مەلا مستەفا بێت، ئەمە جگە لەو کێشەیەی کە لەسەداو سیمای ئێرانەوە هاتە ئاراوە، بەهەمان شێوە ئەو ناکۆکییەی کەکەوتە نێوان پارتی‌و ئێرانەوە لەسەر نزیکبوونەوەی پارتی لەلیستی عێراقییەو ئەیاد عەلاوی. لەماوەی رابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان ئێران‌و پارتی گرژبوونێکی توندی بەخۆیەوە بینیوە، ئێران بەشێوازی جیاجیا هەڕەشە لەپارتی دەکردو پارتی ئێرانی بەشێواندنی مێژووی حیزبەکەی‌و مستەفا بارزانی تۆمەتبار کردو ئێرانیش پارتی بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا تۆمەتبار کرد.



"زمانی کوردی تووشی بەرەڵایی نووسین بووە"

13 »

## ٢١ هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە کەرکوک

پ. دەستوور

لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک دەڵێت بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە ٢١ هەزار خێزانی عەرەب لەپارێزگاکانی تری عێراقەوە هاتوونەتە کەرکوک. راشیگەیاند ماوەیەک لەمەوبەر ٨٥ کەسیان لەو عەرەبە هاوردە نوێیانە دەستگیرکردووە، بەڵام هەمان رۆژ ئازادیانکردوون.

لیوا جەمال لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا ئاماژەی بەوەدا چەندان خێزانی عەرەب بەبێ ئاگاداریی بەرپرسانی کەرکوک هاتوونەتە شارەکەوەو ئەوانیش بۆ ئەو مەبەستە چەندان کۆبوونەوەیان ئەنجامداوەو ئیجرائاتیان کردووە، وتی "بەڵام ئەو لایەنانەی پشتگیریاندەکەن رێگرن لەئیجرائات، لەدوای جەژنی رەمەزانەوە ٨٥ کەس لەو عەرەبانە دەستگیرکراون، بەڵام هەمان رۆژ بەردران، لەوعەرەبانەی کەدەستگیرکراون، دەیان کەسیان بەتۆمەتی کردەوە توندڕەوییەکان هاتبوونە کەرکوک، ئەوانەشمان بەبەڵگەوە بۆ لایەنی عەرەبی‌و تورکمانی ئاشکراکرد. هەر ئەوکەسانەشی بەبێ مۆڵەت هاتوونەتە شارەکە رووداوی بازاڕی زێڕینگەرەکانیان ئەنجامداوە".

لیوا جەمال دەڵێت بەهۆی هاتنی لێشاوی عەرەب بۆ کەرکوک ئێستا بارودۆخی ئەمنی پارێزگای دیالەو سەلاحەدین ئەنبار لەکەرکوک سەقامگیرترە، وتی "هەرچەندە ناتوانم تۆمەتی ئەوە بخەمەپاڵ هەموو ئەوانەی دێنە کەرکوک، بەڵام فەرمانگەی کۆچ‌و کۆچبەران دەڵێت نزیکەی ٥٥٠٠ خێزان هاتووەتە کەرکوک، بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکانیش ٢١ هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە کەرکوک، ئەگەر ئەو ٢١ هەزارە ١٪ی دەستی لەتیرۆر هەبێت، ئەوا زۆرە. بۆیە ئاگاداری پارێزگارمان کردووەتەوە هەر کردەوەیە ئەنجامبدرێت، ئێمە بەرپرسیار نابین، ئێستاش چاوەڕوانی لیژنەیەک دەکەین، ئەگەرنا خۆمان ئیجرائاتیان لەگەڵدا دەکەین".

"لەکەرکوک دەستدرێژیی سێکسی روولەزیادبوونە"

7 »

مۆبایل رەوشی خوێندنگەکانی تێکداوە

11 »

## گۆڕان: داواکانمان پشتگوێخران



شۆڕش خالید

سالار عەزیز سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا رایگەیاند کۆبوونەوەکانی نێوان بزووتنەوەکەی‌و دەسەڵات لەبارەی گەڕانەوەی گۆڕان بۆ ناو ئیئیتیلافەکە پاشەکشێی پێوە دیارەو وتی "ئەگەر داواکانمان وەک بزووتنەوەی گۆڕان جێبەجێنەکرێت، ئەوا کارتی جەماوەر بەکاردەهێنین".

سالار عەزیز وتی "پاش کشانەوەی ئێمە، ئەوان دەستپێشخەریان کرد بۆ گفتوگۆ بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی ئێمەی لەسەر کشاوینەتەوە گفتوگۆی لەسەر بکەین‌و ئێمەش ئامادەیی خۆمان نیشاندا. کۆبوونەوەکانیش زۆر ودی‌و ئیجابی بوون‌و هیوای ئەوەی لێدەکرا کەپێکهاتن لەنێواندا ببێت. بەڵام ئێستا ئەوان پاشەکشەیەکیان پێوە دیارە".

هەروەها وتی "ئێمە چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین". لەبارەی ئەوەی ئەگەر هەر داواکانیان جێبەجێنەکرێت وتی "ئەگەر پێویستیش بکات دێینە سەرجادە، ئێمە هێزێکی کەم نین‌و بەڵگەو قسەی زۆرمان هەیە تا قەناعەت بەخەڵک بکەین، بەڵام خۆشحاڵدەبین کەبتوانین پێکەوە ئەم وڵاتە دروستکەینەوە".

چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە (٩)دا بخوێنەوە.

## مامۆستایەکی زانکۆ لەسەر سێکس سزا دەدرێت

دەشتی ئەنوەر لەگەرمیان

ئەو دکتۆرەی بەتۆمەتی ئەوەی لەبەرانبەر پێدانی نمرەدا داوای سێکسی لەخوێندکارەکانی کردووە، بڕیارە لەم چەند رۆژەدا سزا بدرێت.

دوای ئەوەی دکتۆرێکی کۆلێژی پەروەردەی کەلار بەتۆمەتی ئەوەی لەبەرانبەر پێدانی نمرەدا، داوای سێکسی لەخوێندکارە کچەکان کردبوو، لیژنەیەکی لەسەر پێکهات، بڕیارە لیژنەکە لەم چەند رۆژەدا بڕیاری کۆتایی بداتو ئەو مامۆستایە سزا بدات.

سەردار حەمە عەلی سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بەدەستووری راگەیاند دوای ئەوەی لیژنەکە دروستکرا لەسەر ئەو مامۆستایەو بەڵگەنامەکان خرایە بەردەست‌و روونبووەوە ئەو مامۆستایە چەندان خوێندکاری ئیستغلالکردووە، لەبەرامبەر پێدانی نمرە کاری سێکسیان لەگەڵدا بکات، وا بڕیارە سزا بدرێت.

سەردار وتی "بەپێی بەڵگەنامەکان کەقسەی کچە خوێندکارەکان‌و دکتۆرەکەشی تێدایە، ئێمە کاری خۆمان کردووەو بڕیاریشدراوە ئەو دکتۆرە لەکۆلێژی پەروەردەی گەرمیان نەمێنێت، بۆ زانکۆیەکی تر یان کۆلێژێکی تر بگوازرێتەوە".

د.عادل ڕەشید سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەو کێشیە بەدەستووری وت "ئێمە هەموو رێگەیەکی یاساییمان گرتەبەرو هەموو ئەندامانی لیژنەکەش هاوڕابوون لەگەڵماندا، کارەکانیش زۆر بەباشی بەڕێوەچوو، چونکە ئیشی لیژنەکە زۆر وردبووەو پێویستی بەوە دەکرد هەردوولا ئەوەی سکاڵای کردووەو ئەوەش کەسکاڵای لەسەر تۆمارکراوە، بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەین، سەرئەنجام ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان داوەتە دەست سەرۆکی زانکۆی سلێمانی‌و ماوەتەوە ئەوان بڕیارەکە ئاشکرابکەن".

دکتۆر عەلی سەعید سەرۆکی زانکۆی سلێمانی وتی "بڕیاری لیژنەکە لەبەردەستی مندایەو ئێمەش بەگوێرەی تاوانەکەی، سزای دەدەین".

جەنابی سەرۆک؛ تکایە وازۆیبکە

19 »

# لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان داوای بڕی ٤٠٠ هەزار دینار لەهەر خوێندکارێکی ڕۆژهەڵات دەکرێت

هێمن لەتیف لەسلێمانی


چەند خوێندکارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەیمانگاکەوە داوای بڕی ٤٠٠ هەزار دیناریان بۆ هەر خوێندکارێک لێدەکرێت، بەبیانووی ئەوەی ساڵی پار ژمێریارەکە لەپێدانی دەرماڵەی خوێندکاراندا هەڵەی کردووە.
بەپێی وتەی ئەو خوێندکارانە ڕۆژی دووشەممە بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگاکە پێیڕاگەیاندوون کەهەریەکەو بڕی ٤٠٠ هەزار دینار بگەڕێننەوە، چونکە لەساڵی ڕابردوودا پارەی زیادەیان وەرگرتووە، یاریدەدەری پەیمانگاکەیش ڕەتیدەکاتەوە، داوای ٤٠٠ هەزار دیناریان لەو خوێندکارانە کردبێت.
یەکێک لەو خوێندکارانە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستوور وت "بانگی خوێندکارە ڕۆژهەڵاتییەکانیان کردووە، پێیانوتوون بڕی ٤٠٠ هەزار دینار بهێننەوە، چونکە لەپارەی مانگانەی ساڵی ڕابردوودا زیادەیان وەرگرتووە".
خوێندکارێکی دیکەی دەرەوەی شار باس لەوەدەکات ئەگەر بڕی ٤٠٠ هەزار دیناری لێوەربگرن، دەیکات بەکێشەیەکی گەورە، چونکە ئەگەر لەحساباتدا هەڵەش کرابێت، ئەوا دەبێت بەرپرسی ئەو بەشە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، نەک خوێندکار باجەکەی بدات.
ئەو خوێندکارە وتی "لەساڵی ڕابردوودا مانگانە بڕی ١٥٠ هەزار دینارمان وەردەگرت، ئێستاش دەنگۆی ئەوە هەیە بکرێت بە١٠٠ هەزار دینار، لەوکاتەیشدا تەنیا ٥٠ هەزار دینارمان دەدەنێو بڕی ٥٠ هەزار دینارەکەی تریشمان لێدەبڕن، دەڵێن پار مۆزەفەکە هەڵەی کردووە، چونکە پار ٥٠ هەزار دینار زیادیان سەرفکردووە، ئەمساڵ باجەکەی لەخوێندکار وەردەگرنەوە".
مامۆستا شاخەوان کەمال، یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەدەستووری وت "ئەو هەواڵە دوورە لەڕاستییەوەو بەو شێوەیە نییە کەخوێندکارەکان باسیان لێوەکردووە، بەشێوەیەکی ترە". بەڵام ناوبراو ئەو شێوەیەی بۆ دەستوور ئاشکرانەکردو وتی "دەبێت سەردانمانبکەن بۆ پەیمانگاکەمان".
هەروەها وتی "خوێندکاری دەرەوەی شار مانگانە بڕی ١٠٠ هەزار دینار وەردەگرن، بەبێئەوەی بڕی ٥٠ هەزار دینارکەمبکرێتەوە".

# بەنزیکبوونەوە لەکۆنگرە ئەندامانی پارتی سەردانی بارەگاکانیان ناکەن

تایبەت بە دەستوور

بەرپرسێکی پارتی ڕایگەیاند کە ئەندامانی پارتی کەمتر سەردانی بارەگاکان دەکەن، چونکە ئەو هیوایەی کە هەیانبوو لەبەڵێنپێدانو پلەو پایەی حیزبی بەهۆی نزیکبوونەوە لەکۆنگرەوە وەستێنراوە.
ئەو بەرپرسەی پارتی ئاماژە بەوە دەدات کە زۆربەی ئەو کادیرو ئەندامانەی کە پێشتر ڕۆژانە بۆ چالاکیو کاری حیزبی سەردانی بارەگاکانیان دەکرد، ئێستا هەندێکیان سەردان ناکەنو هەندێکیشیان بەدەگمەن سەر لەبارەگاکان دەدەن، وتی "بەمەش بارەگاکان کزیی پێوە دیارەو هەندێک بارەگامان ڕۆژ هەیە تاکە کەسێکیش سەردانی ناکات".
سەبارەت بەهۆکاری ئەو ساردییە لەکارو سەردانەکان بەرپرسەکەی پارتی وتی "نزیکبوونەوە لەکۆنگرە هۆکاری سەرەکییە، چونکە هەموو ئەو ئەندامو کادیرانەی کە بەهیوای بەرزبوونەوەی پلەو ئیمتیازات بوون بێئومێدبوون، دەزانن کە تا دوای کۆنگرە گۆڕانکاری ناکرێت، جگە لەوەش پارتی خۆیشی بەهۆی نزیکبوونەوە لەکۆنگرەوەو بۆ دروستنەبوونی کێشەی ناوخۆیی حیزبی، زۆر بەوردی کات بەسەر دەباتو بڕیاریو گۆڕانکاری وا دەرناکات کە گفتوگۆو کێشە دروستبکات".
بەوتەی ئەو بەرپرسەی پارتی، یەکێکی تر لەو دوورکەوتنەوەیە ئەو بەڵێنانەیە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکان پارتی بەئەندامو کادیرانی خۆی دابوو، بەتایبەت گفتێکی زۆری دابوو بەوەی کە کێشەی نشتەجێبوون چارەسەر بکات، وتی "بەڵام تائێستا ئەو بەڵێنانە جێبەجێنەکراوە".

# سەیوان سەعیدیان لەسەر داوایەکی ئەفسەرێکی ئاسایش سێ مانگ زیندانی بۆ دەرچوو



دەستوور لەهەولێر

سەیوان سەعیدیان هونەرمەندی دیزاینەر دوای ئەوەی لەمانگی شەشی ڕابردوودا کێشەیەکی بۆ دروستدەبێت لەگەڵ ئەفسەرێکی ئاسایشو هەردووکیان لەدژی یەکتر لەپۆلیس داوا تۆماردەکەن، داواکەی سەیوان پشتگوێ دەخرێتو لەسەر داوای ئەفسەرەکەش ئەو سێ مانگ زیندانی بۆ دەردەچێت.
سەیوان سەعیدیان بەدەستووری ڕاگەیاند "ڕۆژی ٦\٢٧ لەلایەن عەلی کەلاریو عومەر کەلاری برایو پاسەوانەکانی لەئوتێل چوارچرا هێرشکرایە سەرمو بریندارکرامو سوکایەتیی زۆریان پێکردم".
سەعیدیان هەروەها وتی "دوای ئەو ڕووداوە، ڕاستەوخۆ لەئاسایشی هەولێرو پۆلیسی تەیراوە، سکاڵام دژی عەلی کەلاریو عومەر کەلاری تۆمارکرد، تائێستا هیچ لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵ نەکراوە، ئەوە نەبێت دوای دوو مانگ عومەر کەلاری چووە پۆلیسو هەرلەوێش ناوبراو سکاڵای دژی من تۆمارکرد، گوایە من سوکایەتیم بەکەلارییەکان کردووە".
لە١٠\٢٥ لەسەر ئەو داوایەی عەلی کەلاری دادگا بڕیاری زیندانیکردنی سەیوان دەدات بۆ ماوەی ٣ مانگ، بەڵام بەهۆی ئەوەی پێشتر تاوانی نەکردووە جێبەجێنەکراوە.
سەیوانیش پێشتر سکاڵای دژە بەو عەقیدەو براکەی تۆمارکردووە، بەڵام بەهەڵواسراوی ماوەتەوە.
سەیوان وتی "بەهۆی ئەوەی ئەو عەقیدەو براکەی کەخاوەن عەشیرەتن، ئێستا لەڕووی ئەمنییەوە هەست بەپارێزگاری ناکەم، لەکاتێکدا من خاوەن ماف بووم کەچی ئێستا بوومەتە تاوانبار".

# پێش جەژن دەرماڵەی دوو مانگی خوێندکاران دەدرێت

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

دوای مانگو نیوێک لەدەوامی فەرمیی لەزانکۆو پەیمانگاکان، بەڵام تائێستا دەرماڵەی خوێندکاران نەدراوە، کەمانگانە بڕی ٦٠ هەزار دینار بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شارو ٤٠ هەزاریش بۆ خوێندکارانی ناوشار دەدرێت.
د. ئاراس فەریق زەینەڵ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران سەبارەت بەدواکەوتنی دەرماڵەی خوێندکاران لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە هەموو شتێکمان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی کەدەرماڵە بدەین، بەڵام کێشەی هاتنو گواستنەوەو جێگیربوونو هاتنەوەی ناوی خوێندکاران هۆکاربووە بۆ دواکەوتنی، ئەوەش تەواو بووە".
زەینەڵ وتی "ئێستا تەنیا ناوی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەدەی کەلار ماوە بۆمانبنێرن، کەبەمزووانە ئەوانیش دەینێرن، لەبەرئەوە ئەگەر ناردیان ئەوا ڕەنگە پێش جەژن دەرماڵە بدەین بەخوێندکاران، کە لە٩/٢٥ەوە بۆیان حسابکراوە".

# کۆبوونەوەکەی دوێنێی بەغداش هیچ ئەنجامێکی نەبوو



زانیار محەمەد

مەحمود عوسمان ئەندامی کوردی پەرلەمانی عێراق بەدەستووری وت لەکۆبوونەوەکەی دوێنێ ئێوارەی سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەبەغدا، تەنیا ڕێککەوتن لەسەر هاوسەنگیو تەوافوقو ئیلتیزام بەدەستوورەوە کراوە.
کۆبوونەوەکە کەئێوارەی دوێنێ ئەنجامدرا، هەریەکە لەئەیاد عەلاویو تاریق هاشمی بەشدارییان نەکردووە، لەکۆبوونەوەکەشدا باس لەمەسەلەی پۆستەکان نەکراوە.
مەحمود عوسمان وتی "لەم کۆبوونەوانەوە دەردەکەوێت لەوە ناچێت هەموو لایەنە سیاسییەکان لەحکومەتێکی هاوبەشی نیشتیمانیدا بەشداریبکەن، بەڵام حکومەتێکی زۆرینەی سیاسی دروستدەبێت، ئەوانی تریش دەتوانن ئۆپۆزسیۆن بن، ئەو ئامانجە سەرناگرێت، کە دەویسترێت حکومەتێکی هاوبەشی نیشتیمانی دروستبکرێت، بەڵام زۆرینەی سیاسی، حکومەت دروستدەکەنو ئەوەی تریش دەبنە ئۆپۆزسیۆن".
مەحمود عوسمان وتی لەکۆبوونەوەی دوێنێدا باسی پۆستەکان نەکراوە، هەروەها باسی کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکراوە، کە پێشتر ڕاگەیەنرابوو پێنجشەممە پەرلەمان کۆدەبێتەوە.
ئاشکراشیکرد ئەمڕۆ چوارشەممە جارێکی تر سەرکردە سیاسییەکان کۆدەبنەوە.

# ژمارەیەک خوێندکاری یەکەم لەسەر ئاستی کۆلێژەکان لەبەرنامەکەی تواناسازی بێبەشبوون

عەبدولڕەحمان محەمەد

ژمارەیەک یەکەمی سەر ئاستی کۆلێژەکان لەزانکۆکانی کوردستان لەبەرنامەی تواناسازی بێبەشبوون، دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم ناوەکان گۆڕانکارییان تێدا کرا.
بەپێی بەدواداچوونێکی دەستوور، دەرکەوتووە چەند خوێندکارێک دوای ئەوەی ناویان لەناو ئەو لیستەدابووە، کەبەرنامەی تواناسازی لاوان دەیانگرێتەوە، بەڵام دوای گۆڕانکاریکردن لەلیستی ناوەکاندا، ناویان لەلیستەکەدا لابراوەو گومانی ئەوە دەکەنی بەرپرسان کەسانی نزیک لەخۆیانیان دانابێت.
لوقمان عەبدوڵڵا یەکێک لەو خوێندکارانە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕی کەسەرەتا ناوی لەلیستەکەدا هەبووە، بەڵام دواتر دوای گۆڕانکاریکردن لەناوەکان، ناوەکەی ئەو لابراوە.
لوقمان وتی "بڕیارەکە کێشەی بۆ دروستکردووم، چونکە من قوتابیی یەکەمی سەر ئاستی خوێندنی ئیسلامی بەشی زانستی ئیسلامیی زانکۆی سەلاحەدین بووم، سەرەتا ناوی من هەبوو، زۆر دڵمخۆشبوو بەدەرچوونی بڕیارێکی لەو جۆرە کەکەسە بەتواناکان لەلایەن حکومەتی خۆمانەوە پشتگیریبکرێنو یارمەتیمان بدات بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاترو بڕوانامەی بەرزتر بۆ ئەوەی خزمەتی خاکو نیشتیمانمان بکەین، بەڵام دوای گۆڕانکاریکردن لەناوەکان بێهوابووین".



یەکێکی تر لەخوێندکارەکان کەنەیویست ناوی خۆی بدات وتی "من وەک یەکەمی سەر ئاستی بەشو کۆلێژ ناوم دەرچوو لەبەرنامەی تواناسازی بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەر لەدەرەوە، دوای تەواوکردنی کارەکانو مامەڵەکان، ناوم سڕاوەتەوە لەسەر بەرنامەی تواناسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانو ڕەوانەی سەر بەغدا کراوم، هەرچەندە من لێرەدا هەموو کارەکانم تەواوکردووەو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە پشتگیری داراییم بۆ دەرچووەو قبوڵیشم لەزانکۆی (نیوکاسڵ) لەوڵاتی بەریتانیا وەرگرتووە".
د.گۆڤەند شێروانی بەڕێوەبەری گشتیی نێراوانو پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان لەوەزارەتی خوێندنی باڵا وتی "ئێمە وەکو کورد ئەمساڵ پڕۆگرامی ناردنەدەرەوەی خوێندکارانمان هەیە، لەهەمانکاتیشدا مافی خۆمان هەیە لەناردنەدەرەوەی خوێندکاران لەسەر ئەرکی حکومەتی فیدڕاڵ، کەهەموو ساڵێک ئەم پرۆگرامە هەیەو بەردەوامە.
کەیەکەمەکانی سەر ئاستی کۆلێژ دەنێرێنە بەغداو لەوێوە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرێن بۆ توێژینەوەکانیان بێئەوەی بەشداری پێشبڕکێ ببن، بەڵام ئەمساڵ ژمارەکە زیادکراو داواکرا یەکەمو دووەمو سێیەمی سەر ئاستی کۆلێژ ڕەوانەی دەرەوە بکرێت لەسەر ئەرکو بودجەی حکومەتی فیدڕاڵ".
هەروەها وتی لەهەمانکاتدا ئێمە بەرنامەی تواناسازیمان لەبەردەستدابوو، هەڵساین بەناردنی ناوی ئەو خوێندکارانەی کەئەم بڕیارەی حکومەتی فیدڕاڵی دەیانگرێتەوەو سڕینەوەی ناویان لەسەر بەرنامەی تواناسازی هەرێمی کوردستانو دانانی چەند کەسێکی تر لەشوێنیان. بۆ ئەوەی ئەم کورسییەی خوێندن لەدەستنەدەینو هەلی ناردنەدەرەوە زیاتر بێت لەهەرێمی کوردستان.



سێرە

هەفتانە مەلا ئاریان دەینووسێت

Arian@hetaw.net

# تاڵەبانی

ئەو لۆژیکە تەقدیسکارییەی کە تاڵەبانی پێویستی بەکورسی نییە، ئەوە کورسییە پێویستی بەئەوە، ئەگەر بۆ بەشێک لەخەڵک لەدوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری دەستەواژەیەکی کۆمیدی بووبێت، ئەوا راستییەکەی لەئێستادا وتنێکی راستە، راست بەو مانایەی ئەگەر پرۆسەی دەربرینەکە لەسەرەتاشەوە لەسەر بنەڕەتی موجامەلەو خۆڕەپێشکردنی سیاسی وترابێت، ئەوە دواجار بەپێی دەرهاویشتە سیاسیو ژینگەی دابەشبوونی هێزو دڕدۆنگی ناو گۆڕەپانی عێراق قسەیەکی لەجێیە.

تاڵەبانی، موقەدەس نییە، ئەویش مرۆڤێکی ئاساییە، شاکوڕێکی ترە لەقوتابخانەی شۆڕش، کە لەدوای شاخەوە خەڵکی بیرچووەتەوە. سەرکردەیەکی ترە خۆشگوزەرانی خۆی، برسییەتی خەڵکی بیر بردووەتەوەو پیاوێکی ترە لەکاروانی سیاسەت کە توڕە دەبێو هەڵە دەکاتو پەرچەکرداریشی هەیە، سەرۆکێکی ترە لەهەناوی لێدوانەکانیدا قسەی ڕەقو دەستەواژەی توندو تورەیی سیاسی هەڵگرتووە، تاڵەبانی لەخاڵگەلێکی ڕەفتاردا لەگەڵ سەرۆکو سەرکردەکانی تردا هاوبەشەو نەیتوانیوە دەست لەو مۆراڵە سیاسییە هەڵبگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەر لەسەرو ریزبەندییەکەوەیە، هێشتاش تاڵەبانی حەکیمە سیاسییەکەی کوردو پیاوە میانڕەوەکەی نەتەوەیە، بەسەرێکدا هێزی قبوڵکردنی فرە حیزبیو ئازادیی سیاسیو بیروڕای ئازادی لەوانی تر پترەو لەو جوگرافیایەش کە ئەوی تێدا باڵادەستە ئەمە بووەتە کولتوور، بەسەرەکەی دیکەشدا توانای لێبوردەییو وەلانانی دڵڕەقیو کۆتاییهێنان بەکێشمەکێشە سیاسییەکانی هەیە، ئەمەش لەمێژووی یەکێتی نیشتیمانیدا بەڕوونی رەنگدەداتەوە. راستییەکەی تاڵەبانی، بەئەزموونی زۆر، وریاییو ژیریی سیاسی، دڵنەرمیو لێبوردەیی، باوەڕبوون بەئازادی وتن، ئێستاش کۆڵەکەیەکی سەرەکیی مانەوەی هیوای دیموکراسیو گەشەپێدانی کولتووری پێکەوەژیانە لەهەرێم.

شێرکۆ بێکەس لەو ساتەی دەسەڵاتی سەدام کۆتاییهات لەوتارێکدا نووسی "عێراق دڕۆیەکی گەورەیەو دەبێت هەڵبوەشێتەوە"، راستییەکەی ئەوەی لەخۆڕا نەگوت، ئەو قسەیە ئاوێزانی زەینێکی دووری مێژوویی‌و ئەزموونێکی فراوانو لێکدیتنێکی دووروردرێژە، ئەم دنیابینییەی بێکەس ڕەنگدانەوەی دۆخێکە لەراسسیستی کە تەنیا لەسەر کورسیو باڵاخانەی کۆمارە تۆقێنەرەکەدا نییە، بەڵکو بەشێکە لەدنیابینی سیاسیو ئاکارو ڕەفتاری کۆمەڵایەتیو بگرە جومگەکانی پەروەردەش، لەو عێراقەدا کە ئەو وەک دڕۆیەکی گەورە وێنایدەکات، مزگەوتەکەی هەڵگری بیری راسیستیو کەنیسەکەی پڕە لەدڵڕەقیو مەزارو مەرجەعیەتەکان هەڵگری دنیابینی خۆباڵایین، لەو شوێنەدا پزیشکەکان، جوتیارو کرێکارو قوتابی، هەمیشە لەسەر بنەڕەتی ئینتیما بچووکەکان بیردەکەنەوەو وەک مەلیک فەیسەڵ لەیەکەم لەکۆبوونەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان وتی "عێراق، وڵاتێکە عێراقیی لێ ناژی"، ئەوانیش ئەوەندەی بەچاوی سوونەو بەگوێی شیعەو بەدڵی تورکمانو بەهەستی کوردو ئاشووریو ئەوانی دیکە، دەیبینن‌و دەیبیستن‌و هەستپێدەکەن، هێندە عێراقییانە ناتوانن ئەو دۆخە پەسەندبکەن.

راستییەکەی عێراق لەو رۆژەی بووەتە دەوڵەت، لەفەیسەڵی یەکەمەوە بۆ غازی یەکەمو فەیسەڵی دووەمو عەبدولکەریم قاسمو عەبدولسەلام عارفو عەبدولڕەحمان عارفو ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حسێن‌و تا غازی یاوەریش، هەموویان کوڕی دیدگا ناسیۆنالیستەکانی خۆیان بوون، ئەوانە لەسەر بنەڕەتی ئینتیما بچووکەکەی خۆیان، کە عەرەببوونە بیریانکردووەتەوەو بەمەش کولتوورێکی راسیستی کە لەهەناوی خۆیدا هەموو جیاوازییەکی ئیتنیو ئاینیو مەزهەبی دەسڕێتەوەو ئەو جوگرافیایە پەیوەستدەکاتەوە بەڕۆحی خۆباڵایی عەرەببەوە. بەڵام، تاڵەبانی جیا لەهەمووان، جیاواز لەنەتەوەو دیدگا بیرییەکانی، جودا لەتێڕوانین‌و تێگەیشتنە سیاسییەکانی، یەکەم ئەزموونی وەرگۆڕاندنی مێژووی عێراق لەوەوە دەستپێدەکات، ئەو لەماوەی چوار ساڵی سەرۆکیدا رایەڵی پەیوەندیی نێوان هێزە رکابەرە مێژووییەکان بوو، ئەندازیاری زۆر قۆناغی ئاشتبوونەوەو رێکخستنەوەو یەکخستنەوەی هێزە دڕدۆنگەکان بووە. تاڵەبانی، بەزمانە سیاسیو ئەزموونە زۆرەکەیەوە، توانیویەتی لەزمانی شیعەی تینوو بەدەسەڵاتو سوننەی پەراوێز لەپرۆسەی سیاسیو تورکمانی هەستکردو بەپشتگوێخراو، خەمی ئەوانی تریش تێبگات، ئەو سەرکردەیەک بووە، بەحیکمەتە سیاسییەکەی لەگرنگترین جومگەکانی سەقامگیری، کە هاوسەنگی راگرتنە لەنێوان بەیەکدادانی ئەجێندای دەوڵەتانی دنیا، کە هەر هێزەی بەهۆی وابەستەییەوە نوێنەرایەتی یەکێکیان دەکات، رۆڵببینێ.

ئێستا لەساتەوەختی دیاریکردنی سەرۆکێکی نوێدان بۆ عێراق، سەرۆکی نوێ رەنگە تاڵەبانی نەبێت، ئەگەر هەیە کوڕێکی تری کولتووری راسیستی عەرەب بێو بیەوێت جارێکی تر بەپاڵپشتی هێزی نێودەوڵەتی عێراق بەپۆشاکە ناسیۆنالیستەکەی عەرەب داپۆشێتەوە، ئەگەر هەیە دەرچوویەکی قوتابخانەی بەعسو عەلمانییەکی بەرواڵەت سەردەمیو بەمۆراڵ سەدامی پەیکەری ریزبەندیی دەسەڵات لەعێراق وەربگرێت، ئەوکاتە نەک هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ تەواوی ژیانی سیاسی ناوچەکە، هەڵگری چەند مەسجێک دەبێت.

راستییەکەی ئەگەر لەقۆناغێکی مێژوودا تێگەیشتن لەتەوافوق بریتی بووبێت لەگەیشتن بەیەکی راکانو کۆکبوون لەسەر پرسی پێکهاتە جیاوازەکان، ئەوە دەشێت تەوافوق لەداهاتووی پرۆسەی سیاسیدا بەمانای یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیی نێوان پێکهاتە دڕدۆنگەکانی یەک نەتەوە بێت، ئیدی بەمەش کورد هەم سەرۆک کۆماری کە نیشانەی شەراکەتو وەکییەکی مرۆییە لەعێراقدا لەدەستدەچێتو هەمیش وەزیری دەرەوە کە کورد دەگەیەنێتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رایەڵەکەی دەپچڕێ، بەمەش بەعەرەبکردنەوەی سەرۆکایەتیی کۆمار دەبێتەوە کولتوورو ئایندەش عێراقی لەسەر دەڕوات. ئەگەر ئەو قسەیە راستبێت کە تاڵەبانی پێویستی بەکورسی نییە، کورسی پێویستی بەوە، ئەوە هەم عێراقو پرۆسە سیاسییەکەی بارگاوی دەبێت بەقەیرانو چیتر ئەو دەوڵەتە هێزی کۆکردنەوەی ناکۆکەکانی نابێت، هەمیش بۆ کورد پەیامێکی ترسناکە، کە دوای ئەم پرۆسە باوەڕ ناکرێ شتێک کورد بەعێراق ببەستێتەوە.

تاڵەبانی، کاندیدی نەتەوەیە، ئەگەر مەرجی مانەوەی کوردیش نەبێت لەعێراق، بەڵام یەک لەفاکتەرەکانی پابەندبوونە، لەبەرئەوە سەندنەوەی ئەو پۆستە لەتاڵەبانی، رێک سەندنەوەی مافی شەراکەتە لەکورد، بۆیە یەکدەنگیی کوردیو وەلانانی دڕدۆنگییە سیاسییە ناوخۆییەکان‌و سیاسەتی شیرو تیر لێک سوین، لەبەرخاتری تاڵەبانی نییە، لەبەر کوردەو دەشبێت هەمووان نەیەڵن ئەجێندای عەرەبیو ناوچەیی بەسەرخواستێکی کورددا سەربکەوێت.

راستییەکەی بەهۆی هێزی تاڵەبانییەوە عەرەب لەسەر سەرۆکایەتیی کۆمار ئامادەن گفتوگۆ لەگەڵ کورد بکەن، دوای ئەو مێژووە ئیدی بەوە باوەڕناکرێت لەناو پرۆسەی سیاسیدا.

# سەرۆک ئیمزای مەکە !

## بارزانی لەنێوان پاشەکشە لەدیموکراسیو کرانەوەی زیاتر کامیان هەڵدەبژێرێت؟

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

کەمپینی سەرۆک ئیمزای مەکە، بۆ رەتکردنەوەی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان، داوا لەسەرۆکی هەرێم دەکەن ئەو یاسایە بگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، تا مەوداکانی ئازادیی خۆپیشاندان فراوانبکرێن.

ئاکۆ خەلیل زاد ئەندامی کەمپینی سەرۆک ئیمزای مەکە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئامانجی ئەم کەمپینە فشار خستنەسەر سەرۆکی هەرێمە بۆ ئیمزانەکردنی یاساکە".

ئاکۆ خەلیل زاد دەڵێت بەڕای ئەوان ئەو پرۆژە یاسایە کەلەپەرلەمان تێپەڕبووە، پرۆژە یاسایەکی سامناکە، ئەگەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، وتی "لەبەرئەوە ئەو پرۆژەیە سەرکوتی مافو ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵک دەکات، مافێک پێشێلدەکات، کە مافێکی سەرەتایی خەڵکی کوردستانە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینو هاتنە سەرشەقام".

کەمپینەکە بەنیازە لەزۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئیمزا بۆ رەتکردنەوەی یاساکە کۆبکاتەوە، پاشان بڕیاری خۆپیشاندانێکی گەورە بدات، تا فشارێک بخەنە سەر سەرۆکی هەرێمو رەتیبکاتەوە.



خەلیلزاد پێیوایە ئەگەر فشاری مەدەنی زۆر هەبێت لەسەر سەرۆکی هەرێم، ئەوا ناچارە دەبێت یاساکە ئیمزا نەکات، وتی "چونکە یەکێک لەدروشمەکانمان کەئامادەمان کردووە، دەڵێن دەبێت سەرۆکی هەرێم داوا لەخەڵکی بکات مۆڵەت لەخەڵکی وەربگرێت بۆ ئەوەی ئیمزای ئەو پرۆژە یاسایە بکات، نەک ئەوان مۆڵەت بدەن بەخەڵک، کەچۆن بڕواتە سەرشەقام، بۆیە ئەگەر سەرۆکی هەرێم خۆی بەسەرۆکی هەموو خەڵک دەزانێتو چاوی لەخۆشگوزەرانیو پێویستی خەڵکە ئەوا دەبێت گوێ لەخەڵک بگرێت".

د. زانا رەئوف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیازێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێم کردووە کە پرۆژەکە بگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەووتی "پرسی تایبەت بەخۆپیشاندانی لەناکاو، لەگەڵ مۆڵەت وەرگرتنیدا بەو ئیجرائاتە توندەو لەگەڵ سەپاندنی سزادا بەسەر ئەوانە کە موخالەفەی ئەحکامەکان دەکەن، ئەمانە لەگەڵ چەمکی بەدەستووری بوونی مافی خۆپیشاندان یەک ناگرێتەوە".

زانا رەئوف دەڵێت تەنانەت ئەگەر گەیشتە قۆناغی ئەوەی کەلەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە ئستیجابەیەک نەبوو، ئەوا دەتوانرێت پەنا ببرێتەبەر دادگای دەستووریو لەوێ سکاڵا تۆماربکرێت.

# بنەماڵەی عەباس بایز ئاغا رێگری لەدروستکردنی پردێک دەکەن



هاووڵاتییەک: بنەماڵەی بایز ئاغا هەڕەشە دەکەن

فەرمانی چومانی

دانیشتووانی گوندی ئاشوران لەناحیەی سەنگەسەر گلەیی ئەوە دەکەن کەبنەماڵەی بایز ئاغا رێگەنادەن پردێکی گوندەکەیان دروستبکرێتەوە، کە تائێستا ٩ هاووڵاتی بەهۆی دروستنەکردنەوەی ئەو پردە گیانیان لەدەستداوە.

پردی ئاشوران لەگوندی ئاشورانی ناحیەی سەنگەسەر، شەش ساڵ لەمەوبەر بەهۆی لافاوەوە رووخاوەو بەو هۆیەوە تائێستا ٩ هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوەو چەندان خوێندکاریش وازیان لەخوێندن هێناوە. حکومەت بڕیاری دروستکردنەوەی ئەو پردەی داوە، بەڵام لەلایەن بنەماڵەی عەباس بایزئاغاوە هەڕەشە لەبەڵێندەری پرۆژەکە دەکرێتو دروستکردنی پردەکە وەستێنراوە.

نەسرین نەبی ٢٠ ساڵ، دانیشتووی گوندی ئاشورانە دەڵێت "تائێستا نۆ منداڵمان لەو رووبارە ژیانیان لەدەستداوە، ئایا ئەوەی هەیە حکومەتە، یا کەسێک حکومەتەو پرۆژەکان رادەگرێت".

شاسوار عوسمان دانیشتووی گوندی ئاشوران، وتی "زیاتر لە٦ ساڵە پردەکەمان رووخاوە، هەوڵی زۆرماندا تاپرۆژە بۆ پردەکە دەرچووە، کەدەستپێکرد عەباس بایز هەڕەشەی لەبەڵێندەرەکە کردووە، چونکە هەندێک زەوی ئەوانی گرتووەو پرۆژەکە وەستێنراوە، ئەوەش رەوا نییە، بۆیە دەپرسین ئایا حکومەت یا عەباس بایز کامیان دەسەڵاتدارن".

شاسوار وتی "تائێستا ١٢ ماڵ گوندیان چۆڵکردووەو ٩ منداڵ خنکاونو چەند خوێندکاریش وازیان لەخوێندن هێناوە، داواکارم حکومەت بەجدی کاربکاتو لەوە بکۆڵێتەوە کەسەرۆک عەشیرەتێک هەڕەشە لەگوندێک بکات".

حاجی عەلی خاوەنی کۆمپانیای عەلی ئیبراهیم کەئەو پردە دروستدەکات دەڵێت چووینە سەر پرۆژەکە، بەڵام چەند کەسێک لەبنەماڵەی عەباس بایز کە لەناویاندا کامەرانی کوڕیو برایم ئاغاو ئاغای عەلی ئاغا، هەڕەشەیان لێکردین.

کامەران عەباس بایز ئاغا، بەدەستووری وت "ئەو پردە لەلایەن هەندێک کەسی ناحەزی ئێمە دەیانەوێت زیان بەزەویو گوندەکەمان بکەوێت، خوا قەبوڵی ناکات ئەو پردە بدرێت بەئۆردوگایەکی زۆرەملێ، چونکە خەڵکی ئاشوران لەڕاستیدا ئێمەین، ئەوانەی لەوێن لەگوندەکانی ترەوە هاتوون، دەمانەوێت ئەو پردە لەنزیک ئۆردوگای سەنگەسەر بکرێت، کە خەڵک زیاتر سودمەند دەبێت، بۆچی سێ کیلۆمەتر لەوێ دووردەخرێتەوە".

کامەران رەتیکردەوە کە هەڕەشەیان لەو بەڵێندەرە کردبێت، وتی "ئەو پردە لەشوێنی جارانی بکرێت زەوی زۆرمان بەردەکەوێت، لەبەرئەوەی ئێمە پارتینو لەوێ نین، دەیانەوێت غەدرمان لێبکەن".

عەبدوڵا ئیبراهیم بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر بەدەستووری وت "وەک ئیدارەی سەنگەسەر بەباشمانزانیو لەسەر داواکاریی خۆمان پرۆژەکەمان دروستکردووە بۆ بەستنەوەی ئاشوران بەسەنگەسەر، نزیکەی ساڵێکە سەرقاڵی بەئەنجامگەیاندنی ئەو پرۆژەیەن، راستە بەڵێندەر هاتووەو هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام بەدواداچوونی بۆ دەکەینو بەردەوامدەبین لەجێبەجێکردنیو لەژێر هەڕەشەی کەس پرۆژەکە ناوەستێت".

# دوو کەس لەتۆمەتبارانی هێرشەکەی چاکسازیی ژنانو منداڵان دەستگیردەکرێن

ئامەد حەسەن لەسلێمانی

سالار عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند، دوو لەتۆمەتبارانی هێرشەکەی سەر بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی ژنانو منداڵان دەستگیرکراون.

سالار لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "دوو لەو تۆمەتبارانە دەستگیرکراونو لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە بەردەوامەو حکومەت گرنگی زۆر بەو رووداوە دەدات".

بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی روونیشیکردەوە، کەئەو دوو کەسەی دەستگیرکراون لەبنەماڵەی کەسێکەوە نزیکن، کەپێشتر لەڕووداوێکدا کوژراوە، بەڵام تائێستا کێشەکە رووننەبووەتەوە.

سالار عەبدوڵڵا ئەوەشی وت "وا باسدەکرێت لەبەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی ژنانو منداڵان پرسیار لەزیندانییەک کراوە، پێش ئەوەی هێرشیان بکرێتەسەر".

هەروەها دەڵێت "ئۆتۆمبێلێکیش دەستی بەسەردا گیراوە، کەلێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، تا بزانرێت لەهێرشکردنەسەر زیندانییەکەدا بەکارهێنراوە، یان نا".

ئاماژەی بەوەشدا کە لەباسکردنی رووداوەکەدا دژبەیەکی هەیەو پۆلیس لەکاتی رووداوەکەدا لەوێ نەبووە، بەڵام زیندانەکە خۆیان رەنگە زانیارییان زیاتر لابێت لەبارەی هێرشبەرەکانەوە.

لای خۆشیەوە ئومێدە محەمەد عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنانو منداڵان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "سکاڵامان تۆمارکردووەو چاوەڕێی ئەنجام دەکەینو کێشەکە ئێستا لای پۆلیسو دادگایە".

بەپێی زانیارییەکان کۆمەڵێک چەکدار کەبە ٢٠ کەس مەزەندەکراون، شەوی هەینیی رابردوو هەڵیانکووتاوەتە سەر خانەی تێبینی سەر بەبەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی ژنانو منداڵانو بەدوای تۆمەتبارێکدا گەڕاونو پاسەوانەکانیان چەککردووە.

# داوادەکرێت ڕێگە لەهەڵهاتنی موستەشارەکان بگیرێت

## وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان لیژنەیەک بۆ چاودێریی موستەشارو جاشەکان دادەنێت

محەمەد نەجیبو بورهان قادر

لەگەڵ داواکردنی ناوی موستەشارەکان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ترسی هەڵهاتنی موستەشارەکانیان هەیە، بەڵام وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان دەڵێن چاودێری وردی ئەو حاڵەتانە دەکەن.

دوای دەرچوونی بڕیاری دەستگیرکردنی کۆمەڵێک موستەشارو جاش لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوادەکەن ڕێگەی فڕۆکەخانەو سنوورەکان لەو موستەشارەکان بگیرێت. ترسی موستەشارەکانیش تادێت زیاتر دەبێت.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور زۆرینەی ئەو جاشو موستەشارانەی ناویان لەناو ئەو لیستەدابوو کەدادگا لەمانگی ڕابردوودا داوایکرد، ئێستا لەکوردستانو هەندێکیان بەرپرسیاریەتی حیزبییان هەیەو ترسی دەستگیرکردنیان لێ نیشتووە.

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە٢٠١٠/١٠/١١ بەنووسراوی فەرمی ژمارە (رس، ٨٣،١٠) بڕیاری دەستگیرکردنی ٢٥٨ موستەشارو جاشی دەرکردووەو ئەو نووسراوەی ئاراستەی هەردوو سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت کردووە، کەتۆمەتبارکراون بەپرۆسەی ئەنفالی کورد.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەقەزای ئاکرێی سەر بەشاری دهۆک بەدەستووری ڕاگەیاند ژمارەیەک لەو موستەشارو جاشانەی ڕژێمی بەعس کەکاتی خۆی لەسنووری سلێمانیو دەوروبەری بوون، ئێستا لەقەزای ئاکرێ نیشتەجێنو دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە، ترسیان هەیە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەفەرمی داوایان بکرێتو دەستگیربکرێن.

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە وتی "ئەو بەرپرسانەی پێشووی بەعس ئێستا ژمارەیەکیان لەقەزای ئاکرێو دەوروبەری نیشتەجێنو پێشتر لەدژی گەلو شۆڕشی کورد چەندان کاری نابەجێو نامرۆڤانەیان کردووە، ئێستاش زۆربەیان پلەی حیزبیو هەندێکیشیان پلەی حکومیان هەیەو ترسی سەرەکیی دەستگیرکردنیان لەحکومەتی عێراقە نەوەک حکومەتی هەرێم". ئاماژەی بەوەشدا کەلێرەو لەوێ قسەیان لەبارەی چۆنیەتی خۆدەربازکردن لەو دەستگیرکردنە داوە.

جەوهەر عەلی قایمقامی ئاکرێ بێئاگایی خۆی لەو زانیاریانە دەربڕیو وتی "هیچ ئاگاداری ئەو بابەتەنیمو نازانم کەس هەبێت کەموستەشار بێو بەرپرسیاریەتی هەبێت".

هیوا جەمال وتەبێژی کەمپینی بنەماڵەی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی کۆیە بەدەستووری وت "دوای ڕاگەیاندنی ئەو کەمپینە یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کرد، دواتر لەسەنگەسەرو سلێمانیو گەرمیانو دواتر کوردۆساید چووە بەردەم پەرلەمانو یاداشتێکیان دایە پەرلەمان بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران".

ئەو ئاماژەشی بەوەدا کە لەگەرمیانیش کەمپینێکیان سازکردو یاداشتێکیان دایە سەرۆکی هەرێم تا لەماوەی دە ڕۆژدا وەڵامیان بدەنەوە، بەڵام وتی "ئێستا ٨ مانگ بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوەو وەڵامی نەداوەتەوە".

هیوا ئاماژەی بەوەشدا کەئەوان نازانن چیبکەن، وتی "لەبەرئەوە حیزبە سەرەکییەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لەداڵدەدانی ئەو تاوانبارانە، ئەگەرنا بۆ نایاندەنە دەست دەسەڵات".

داواشیکرد چاودێری ئەو داواکراوانە بکرێتو دەستگیربکرێن.


مەلا بەهادین بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەوەزارەت لیژنەیەکی تایبەت دانراوە بۆ ئەو مەبەستەو چاودێریکردنیان، بۆیە نازانم کارەکانی بەکوێ گەیشتووە، چونکە ئێمەش پرسیارمانکردووە لەوەزارەت وەڵامی ئەوان ئەوەبووە، کەوتوویانە سەرقاڵی کارکردنین لەو قەزییەدا".

پەروین عەبدولڕەحمان ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدانو قوربانیانی جینۆساید لەپەرلەمانی کوردستان وتی "ئێمەوە وەک لیژنەی پێشمەرگەو کاروباری شەهیدان بڕیارمانداوە ئەو موستەشارانەی کەلێبوردنی ساڵی ١٩٩٢ی نایانگرێتەوە، لەگەڵ ڕژێمدا بوون، داوامانەتە دەست حکومەت".

ئەو ئاماژە بەوەشدەکات کەئەوان کەمتەرخەم نابن لەسەر ئەو قەزیەیەو وتی "چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکین، بۆیە یەکەم شت ئەوەیە کەخەڵکی دەتوانن لەڕێگەی دادگاوە، داوای مەدەنیو یاساییان لەسەر تۆماربکاتو مافەکانیان وەربگرنەوە، ئەویتریان ئەوەیە کەئەو مافەمان داوەتە دەسەڵات بۆ ئەوەی کەدەسەڵات بتوانێت حکومی خۆی بدات لەسەر ئەوانە".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەوان چاوەڕوانی سەرۆکی حکومەتو سەرۆکایەتیی پەرلەمانن بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان بدەن لەسەر ئەو تاوانبارانەو وتی "ئەوکات ئەوانە ناتوانن بچنە دەرەوەو بەسزای خۆیان دەگەن".

هیوا جەمال دەڵێت لەسێ چوار ڕۆژی داهاتوودا لەگەڵ برادەرانی کەمپینی گەرمیانو سەنگەسەرو کوردۆساید قسەدەکەن تابزانین چ ڕێگاچارەیەکی تر بدۆزینەوە، وتی "چونکە سەرۆکی هەرێم بێدەنگە لەو قەزیەیەو نازانین موستەشارەکانیان لەکەسوکاری شەهیدان پێ گەورەترە یان چی؟".



تائێستا کار بۆ دادگایکردنی موستەشارەکان نەکراوە

**دوای هاتنەوەی ناوی خوێندکاران، لەزانکۆو پەیمانگاکان، ناڕەزایییەکی زۆر لەلای ئەو خوێندکارانە دروستبوو، کە لەهیچ زانکۆو پەیمانگایەک وەرنەگیراون. خوێندکارە وەرنەگیراوەکان وا نیشاندەدەن کە داواکەیان ڕەوایە، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ڕەتیدەکەنەوە، کە ناڕەزایی ئەو خوێندکارانە ڕەوا بێت. ڕۆژنامەی دەستوور بەپێویستی زانی بۆچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو بارەیەوە وەربگرێت، ئاخۆ ئەو کێشەیە وەک هەموو ساڵانی ڕابردوو، بەچارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە، یان چارەسەرێکی قەناعەتپێکەری بۆ دەدۆزرێتەوە.**

## "٥٠ نمرە دەرچوونە، کەواتە دەبێت وەربگیرێن"

## "خوێندکارێک بەچەند تاقیکردنەوەیەک ٥٠-٥٥ نمرە بهێنێت هەق وانییە وەربگیرێت"



پەیمان عەبدولکەریم ئەندامی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان



د. جەبار قادر ڕاوێژ کاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری خوێندنی باڵا

**دەستوور:** بۆ ئەمساڵی خوێندن نزیکەی ١٠ هەزار خوێندکاری تری ١٢ ئامادەیی لەخوێندن بێبەش دەبنو لەهیچ زانکۆو پەیمانگایەک وەرناگیرێت، وەک پەرلەمانو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هەڵوێستتان چییە لەوبارەیەوە؟

**پەیمان عەبدولکەریم:** چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان لەبەرانبەر وەرنەگرتنی ئەو خوێندکارانەدا کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداو نوێنەری ئەو خوێندکارانە بەشداری تێدا کرد، باسیان لەکێشەی خۆیانکرد، لەڕاستیدا کێشەی ئەوان یەک کێشە نەبوو، یەکێکیان نەهاتنەوەی ناوی ژمارەیەکی زۆری خوێندکاربوو لەهیچ زانکۆو پەیمانگایەک، بەڵام ئەو خوێندکارانە دەتوانن سکاڵای خۆیان تۆماربکەن، کێشەی دووەم ئەو خوێندکارانە بوو کەکۆی نمرەکانیان لەنێوان ٦٠-٦٥ بوو، دوایان لەپەرلەمان کرد چارەسەری کێشەکەیان بۆ بکات. یەکێک لەچارەسەرەکان کەباسکران، ئەوەبوون ڕازیبوون بچنە پەیمانگەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق، بەڵام ئەم پێشنیازە بەپێشنیازێکی ڕەوا دانانێم، چونکە کێشەی هەشتا قوتابی ترمان لەوێ بەهەڵپەسێراوی ماوەتەوە، هەروەها پێشنیازێکی تر ئەوەیە پەیمانگەکان وەریانبگرن، ئەویش بەزیادکردنی دەوامی پەیمانگەکان، چەند بیروڕایەکی تر هەبوو. بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە لەم ڕۆژانە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆببینەوە بیر لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەکەینەوە.

**دەستوور:** بەرنامەتان هەیە لەپەرلەمان بەدواداچوون بکەن یاخود بانگهێشتی وەزیری خوێندنی باڵا بکەن؟

**پەیمان عەبدولکەریم:** بەڵێ بانگهێشتی وەزیری وەزیری خوێندنی باڵا دەکەین یان خۆمان سەردانی دەکەین، هەروەها ئێمە بەبەردەوامی کۆبوونەوەو دانیشتنمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو خودی وەزیر د. دلاوەر، هیواداریین ئەو کێشانەی ئەمساڵ ڕوویانداوە، بۆ دوایەمین ساڵ بێتو ساڵی داهاتوو ئەو کێشانە تاڕادەیەکی زۆر چارەسەربکرێنو جارێکی تر نەوەکانمان لەخوێندن بێبەش نەبن.

**دەستوور:** بەرپرسێکی خوێندنی باڵا لەحکومەتی هەرێم باس لەوەدەکات ئەگەر خوێندکارێک لەچەند تاقیکردنەوەکدا نەتوانێت ٥٠ نمرە بهێنێت، بۆچی وەربگیرێت، ئێوە هەڵوێستان چییە لەو بارەیەوە؟

**پەیمان عەبدولکەریم:** ئەوە قسەیەکی زۆر ناڕەوایە. بەبڕوای من ٥٠ نمرەی دەرچوونە کەواتە دەبێت وەربگیرێن، پارو پێرار ٥٠ی ڕێک لەپەیمانگاکان وەرگیراون. ئەمساڵیش دەبێت چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەی بۆچی ٧ وانەیان بۆ داناونو دەبێت لەهەر ٧ وانەکەدا دەربچن، ئینجا بەدەرچوو هەژمار دەکرێن، ئەگەروایە با وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا پرۆگرامێکی نوێ دابڕێژێت، بڵێ ئەگەر خوێندکار داواکاریی کۆلێژە زانستییەکانی کرد، تەنیا ٣ مادەمان لێی دەوێت، باوا بڵێت. ئەوکاتە کەس وەرنەگرێت لەو مادانەی دەرنەچوون، بەڵام ئێستا دەبێت لە٧ وانە دەربچێت، ئەوکاتە بەدەرچوو هەژمار دەکرێت. زۆریی ڕێژەی خوێندکاران، ئەو کێشانەیان دروستکردووە.

**دەستوور:** تێبینیتان چییە لەسەر کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ؟

**پەیمان عەبدولکەریم:** سەرەتای ئەمساڵ بەوەزارەتی خوێندنی باڵامان ڕاگەیاند دەبێت ئەمساڵ خوێندکارانی پۆلی یەکەم لەساڵانی تر، زووتر دەست بەخوێندن بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەمساڵیش زۆر زیاتر دەرکەوت پێدەچێت تا دوای جەژنی قوربان دەوام نەکەن، ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، لەدنیادا شتی وانەبووە. هەرکە گەیشتنە سەر کورسییەکانیان تاقیکردنەوەی کۆرسی یەکەم دەستپێدەکاتو هیچ لەزەتێک لەسەرەتای وەرگرتنیان وەرناگرنو تاڕادەیەک سەریان لێدەشێوێت، بەشێکی زۆری مانەوەو داواکردنی پەڕینەوە (عبور) لەپۆلی یەک ڕوودەدات، چونکە خوێندکار بواری نییە بەتەواوەتی خوێندنەکەی کۆنترۆڵبکات.

**دەستوور:** بۆ ئەم ساڵی خوێندن نزیکەی ١٠ هەزار خوێندکاری تری ١٢ ئامادەیی لەخوێندن بێبەشدەبنو لەهیچ زانکۆو پەیمانگایەک وەرناگیرێن، هۆکاری وەرنەگرتنی ئەو ژمارەی خوێندکاران چییە؟


**د.جەبار قادر:** دوو هۆکار هەیە بۆ وەرنەگرتنی ئەو ڕێژەیەی خوێندکاران، لەئەمساڵی خوێندندا یەکێکیان ئەوەیە توانای زانکۆو پەیمانگاکانو زانکۆ ئەهلییەکان ئەوەندە نییە کەهەموو دەرچووانی ئامادەیی وەربگیرێن. لایەنی دووەمیش ئەوەیە، ئەمساڵ بەگوێرەی فۆرمێکی نوێ وادیارە ژمارەیەکی زۆر لەدەرچووانی پۆلی دوانزە فۆرمەکانیان بەشێوەیەکی دروست پڕنەکردووەتەوە، بۆیە یان ناویان لەجێگەیەک هاتووەتەوە، کەبەدڵیان نییە یان هەر ناویان نەهاتووەتەوە لەماوەیەکی کورتدا. پێموایە ئەم بەشەی دووەم چارەسەردەکرێت، ئەوانەی کە بەهەڵە ناویان دەرچووە، یان بەشێوەیەکی باش فۆرمەکانیان پڕنەکردووەتەوە یان هەڵبژاردنەکانیان بەباشی نەکردووە، دەتوانن سکاڵا پێشکەشبکەن، بەڵام ئەوەی کەهەموو دەرچووانی ئامادەیی وەربگیرێن، پێموایە ناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ٣٧ هەزار وەرگیراوە. لەمێژووی کوردستاندا شتی وانەبووە زیاد لەتوانای زانکۆو پەیمانگاکان وەرگیراون.

**دەستوور:** بیر لەچارەسەرکردنی کێشەی ئەو خوێندکارانە کراوەتەوە کە لەهیچ زانکۆو پەیمانگایەک وەرناگیرێن؟

**د. جەبار قادر:** چەند لیژنەیەک هەیە کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن، چونکە زیاتر لەچەند مانگێکە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا ئەو کێشەیە دروستبێت، لەبەرئەوەی ئێمە ژمارەکانمان لابوو زیاتر لە٧٦ هەزار خوێندکار بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کرد، پرسیار ئەوەبوو ئەگەر نیوەشیان بەهەردوو خولی یەکەمو دووەم دەربچن، نزیکەی ٤٠ هەزار دەرچوومان دەبێتو زانکۆو پەیمانگاکانیش ناتوانن ٤٠ هەزار وەربگرن. بۆیە بیر لەچارەسەرکردنی کێشەی ئەو خوێندکارانە کراوەتەوەو لیژنەی تایبەتی دروستکراوە. ئەو لیژنانە هەوڵیانداوە سەرباری بڕیاری ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان لەزانکۆو پەیمانگاکان وەربگیرێن، کار بۆ ئەوە کراوە لەڕێگەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییەوەو پەروەردەوە هەندێک هەوڵبدرێت بۆئەوەی خولی کورتخایەن بۆ ئەوانەی لەهیچ جێگەیەک وەرناگیرێن، بۆئەوەی فێری پیشەیەکی بەکەڵک بن، تا بتوانن لەبازاڕی گەشەکردووی کوردستاندا پێشبڕکێ بکەن لەگەڵ خەڵکانی تر کە لەدەرەوە دێن، لێرە کاردەکەن، بەڵام پێویستە خۆمان کۆمەڵێک کادری ناوەندی پێبگەیەنین، کەپێویستمان پێیان دەبێت. خەڵکیش دەبێت کەمێک واقیعبین بێت، کەسێک لەدوو سێ تاقیکردنەوە ٥٠ یان ٥٥ هێنابێتو بەنیازی ئەوەبێت لەزانکۆیەک، جێگەیەک بگرێت بۆچوونێکی زۆر واقیعی نییە.

**دەستوور:** لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی وەزیری خوێندنی باڵادا بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی خوێندکاران، د. جوان جەلال ڕایگەیاند ئەو خوێندکارانەی تێکڕای نمرەکانیان لە٦٠ بۆ سەرەوەیە لەپەیمانگاکان وەردەگیرێنو ئەوانەشی لە٧٠ بۆ سەرەوەیە لەزانکۆکان وەردەگیرێن، بەڵام ئێستا تەنیا ئەو خوێندکارانە وەرگیراون کەتێکڕای نمرەکانیان لە ٦٥ بۆ سەرەوەیە، ئایا بۆچی ئەو بەڵێنەیان جێبەجێنەکرد کەپێشتر بەدەرچووانیان دابوو؟

**د.جەبار قادر:** هەڵەیەکی تەکنیکی بوو، چونکە دەرکەوت ژمارەیەک کورسی هەیە توانای وەرگرتنی تێدا هەیە، هەندێک هەڵەش لەپڕکردنەوەی فۆرمەکان ڕوویداوە. ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەک لەدەرچووەکان ناویان نەهاتووەتەوە، بەڵام ئەوە لەماوەی هەفتەیەکدا بەڵێندراوە چارەسەربکرێتو ئەوکاتە هیچ کەسێک لەسەرووی ٦٠ نامێنێت لەدەرەوەی زانکۆو پەیمانگاکان، وەزارەتی خوێندنی باڵاش ڕایگەیاندووە دەبێت ئەوەی ٦٠ بۆ سەرەوەی هەیە، لەپەیمانگاکان جێگەی کرابێتەوە.



# بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک: فەرمانەکانم وەکو خۆی جێبەجێناکرێن

زانیار داقوقی لەکەرکوک

لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت بەهۆی ئەوەی هەموو ئەفسەرەکان لەیەک نەتەوە نین، ململانێ سیاسییەکان کاریگەرییان کردووەتە سەر ئەوەی فەرمانەکانی وەک پێویست جێبەجێ نەکرێن، ئاماژە بەوەش دەدات دەسەڵاتی گۆڕینی ئەفسەری بنکەکانیان نییە، بەهۆی ئەوەی کە بەسەر نەتەوەکاندا دابەشکراون.

دەستوور: لێکۆڵینەوەکان لەڕووداوەکەی زەڕەنگەرەکان بەکوێ گەیشت؟

لیوا جەمال: لێکۆڵینەوە تائێستا بەردەوامە، ژمارەیەکی باش لەئەنجامدەرانی کردەوەکە کەبریتین لە ١٣ کەس دەستگیرکراون، ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدانو دانیان بەتاوانەکەدا ناوەو ئەو چەکانەی تەقەشیان پێکردووە ئاشکرابووە، ئێمەش دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو قەوانانەی کەدۆزراوەنەتەوە تێبینیمانکردووە هاوشێوە دەرچوون، یەکێکی تریشیان لەلایەن عەمید سەرحەدەوە بەبرینداری دەستگیرکراوەو یەکێکی تریش کوژراوە، لەماوەیەکی نزیکدا لەڕاگەیاندنەکانەوە وردەکارییەکە ئاشکرادەکەین.

**دەستوور:** بۆتان دەرکەوتووە کەمتەرخەمییەکە لەکوێوەیە؟ ئایا ئیجرائات دەکەن؟

**لیوا جەمال:** شتیک نییە بەناوی کەمتەرخەمی لەهێزەکانی پۆلیسدا، بۆ نمونە لەڕووداوەکە سێ پۆلیس شەهیدبوون، هەریەکەیان پۆلیسی بنکەیەکن، لەو کاتەشدا بەرپرسانی هێزەکانی پۆلیس لەکاتی ڕووداوەکە سەرجەمیان ئامادەبوون لەڕووبەڕوبوونەوەکەدا شەش پۆلیسی تریش بریندارбوون، لەلایەن پۆلیسی کەرکوکیشەوە ئەو کارە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئایا هەر کەسێک گیانی خۆی فیدابکات، پێیدەڵێن کەمتەرخەم؟

**دەستوور:** هەر ڕووداوەو لەکەرکوک ڕوودەداتو لیژنەیەک پێکدەهێنرێت، بەڵام نەمانبینی هیچ کەس بەتۆمەتی کەمتەرخەمی سزا بدرێت، یان ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت، یان هیچ ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بدرێت بزانرێت؟

**لیوا جەمال:** بۆ ئەمەیان لیژنەیەک لەوەزارەتی ناوخۆ پێکهێنراوە، هەرکەسێک کەمتەرخەمبێت سزادەدرێت، هیچ کەمتەرخەمییەک نییە، بەڵام لیژنەکە دێت تەنیا بۆ محاسەبەکردن نییە، بەڵکو ئەو لیژنەیە ڕاپۆرتی خۆی بۆ وەزیری ناوخۆ بەرزدەکاتەوە، لەوانەیە سوپاس نامە ببەخشنە پۆلیس.

**دەستوور:** هۆکاری زیادبوونی ئەو تەقینەوانەو ڕفاندن و گرژییانەی کەرکوک چییە، ئایا فەرمانەکانت وەکو خۆی جێبەجێناکرێن لەلایەن بنکەکانەوە؟

**لیوا جەمال:** لەهەموو دنیادا وایە، ئەفسەرێک باشەو ئەفسەرێکی تر مامناوەندە، لەکەرکوک نۆ بنکەی پۆلیس هەیە ئەو بنکانە هەر هەمووی وەک یەک نییە، خەڵکانێک هەن فەرمانەکان بەڕێکوپێکی جێبەجێدەکەن، هەندێک خەڵکی ترش هەیە لەوانەیە بەو شێوەیە نەیکات وەکو هاوشێوەی خوێندکارێک، هەندێک خوێندکار دەتوانێت بەجوانی وەڵام بداتەوە، هەندێکی تریش وەڵامی نییە. ئێمەش بەردەوام چاودێری دەکەین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزیی سەرجەم ئەفسەرەکانمان لەیەک نەتەوە نین، بەڵکو نەتەوەی جۆراوجۆر لەم شارە هەیە، ئێمەش لەکەمتەرخەمی هەر ئەفسەرێک ئیجرائات ئەنجامدەدەین.

**دەستوور:** هیچ ئەفسەرێک لەپۆستەکەی لادەبەن؟

**لیوا جەمال:** ناتوانین هیچ گۆڕانکارییەک بکەین، ئێمە پێمانناکرێت لایانبدەین، چونکە لەکەرکوک پۆستەکان لەنێوان نەتەوەکاندا دابەشکراوە.

**دەستوور:** هەر ڕووداوێک لەکەرکوک ڕوودەدات بەهۆی زۆریی دەزگا ئەمنییەکانەوە هەر یەکەو لەلای خۆی ڕوونکردنەوە دەدات، (بۆ نمونە ئاسایشی پارتیو یەکێتی)، لەولاشەوە بەڕێوەبەری بنکەکان زۆرجار دەزگای پاراستنو دژە تیرۆریش قسەدەکەن، بەشێوەیەک لەشێوەکان یەکتر تۆمەتباردەکەن، مەبەستم ئەوەیە فەوزایەک دروستبووە، خەڵک ڕاستی ڕووداوەکەی لێ وندەبێت، ئەو زۆری ڕوونکردنەوانە لەسەر ڕووداوەکان کێشەی بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئێوە دروستنەکردووە؟

**لیوا جەمال:** ئێمە لەکارێک یان ڕووداوو کردەوەیەکی گەورەدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازدەکەین، هەموو ڕۆژنامەنووسان بانگدەکەم، چونکە جگە لەئێمە بۆ هیچ لایەنێکی تر نییە لێدوان بدات، چونکە ئێمە بەفەرمی نووسراومان لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێگەیشتووە بۆ لێدوان، من بۆ ڕوونکردنەوە لەهەر ڕروداوێک ئەو لایەنانە بانگدەکەم، بۆ نمونە چەندان کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیمان سازکردووە ئەو لایەنانەم بانگکردووە بۆئەوەی لەنزیکەوە لەلێدوانەکان بەشداربن و داوام لەو کەسانەکردووە بەهیچ جۆرێک نابێت لێدوان بدەن، ئەوەی وتەیەکی هەیە ڕێگەی پێدەدەین بێتە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەوە لێدوان بدات، هەرکەسێک لێدواندەدات، خۆی بەرپرسیارە، ئەگەر لەسەر لێدوانێک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە محاسەبە بکرێت، ئێمە پشتگیری لێناکەین، هەرکەسێک بەپیشەی خۆی بەرپرسیارەو بنکەکانیش سنووری خۆیان هەیە، نابێت کەس لەسنوری خۆی تێپەڕێت.

**دەستوور:** کردەوە توندوتیژییەکان تاچەند پەیوەندیی بەهاتنی ئەو خێزانە زۆرەی عەرەبەکانەوە هەیە؟

**لیوا جەمال:** ئێستا چەندان خێزانی عەرەب بەبێ ئاگاداری بەرپرسانی کەرکوک هاتوونەتە شارەکەوە، بۆ ئەو مەبەستە چەندان کۆبوونەوەمان ئەنجامداوەو ئیجرائاتمانکردووە، بەڵام ئەو لایەنانەی پشتگیریاندەکەن ڕێگرن لەئیجرائات، لەدوای جەژنی ڕەمەزانەوە ٨٥ کەس لەو عەرەبانە دەستگیرکران، بەڵام هەمان ڕۆژ بەردران، لەوعەرەبانەی کەدەستگیرکران، دەیان کەسیان بەتۆمەتی کردەوە توندڕەوییەکان هاتبوونە کەرکوک، ئەوانەشمان بەبەڵگەوە بۆ لایەنی عەرەبیو تورکمانی ئاشکراکرد. هەر ئەو کەسانەشی بەبێ مۆڵەت هاتوونەتە شارەکە ڕووداوی بازاڕی زێڕگەرەکانیان ئەنجامداوە. ئێستا بارودۆخی پارێزگای دیالەو سەڵاحەدین زۆرباشە، ئەنباریش لەکەرکوک سەقامگیرترە، ئێستا ڕووداوەکان ڕووەو کەرکوکە. هەرچەندە ناتوانم تۆمەتی ئەوە بخەمەپاڵ هەموو ئەوانەی دێنە کەرکوک، بەڵام فەرمانگەی کۆچوکۆچبەران دەڵێت نزیکەی ٥٥٠٠ خێزان هاتووەتە کەرکوک، بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکانیش ٢١ هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە کەرکوک، ئەگەر ئەو ٢١ هەزارە ١٪ی دەستی لەتیرۆر هەبێت ئەوە زۆرە. بۆیە ئاگاداری پارێزگارمان کردووەتەوە هەر کردەوەیە ئەنجامبدرێت ئێمە بەرپرسیار نابین، ئێستاش چاوەڕوانی لیژنەیەک دەکەین ئەگەرنا خۆمان ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکەین.

**دەستوور:** تاچەند لایەنە تورکمانیو عەرەبەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هاوکارن لەگەڵ پۆلیس؟

**لیوا جەمال:** تائێستا لایەنی عەرەبیو تورکمانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دوای ئەوەی سەدان شەهیدو سەدان کەمئەندام بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکانەوە برینداربوون، بەهیچ جۆرێک دەستخۆشی لەپۆلیس ناکەن، جگە لەدژایەتی هیچ هاوکارییەکمان ناکەن.




"دەسەڵاتی لابردنی ئەفسەرەکانم نییە"

# یاسا مافی زیندانیان دەفەوتێنێت!

## زیندانیانی سیاسیی شەڕی ناوخۆ دەترسن بەیاسا مافی قەرەبوو وەرگرتنەوە لەدەستبدەن

بورهان قادر لەهەولێر

چاوەڕواندەکرێت یاسایەکی تایبەت بۆ زیندانیانی سیاسیی شەڕی ناوخۆ پەسەندبکرێت، قوربانیانی شەڕەکەش گومانیدەکەن یاساکە لەوەرگرتنی قەرەبووکردنەوە بێبەشیان بکات.

دوای ئەوەی کۆمکاری زیندانە سیاسییەکان ڕەتیکردەوە زیندانیانی سیاسیی شەڕی ناوخۆ بەئەندام وەربگیرێنو کار بۆ قەرەبووکردنەوەیان بکات، یەکێتیو پارتی دەستەی داکۆکیکردنی زیندانییە سیاسییەکانی شەڕی ناوخۆیان دروستکرد، بۆ لێکۆڵینەوە لەدۆسیەکە، بەرپرسانی دەستەکە دەڵێن بەرپرسانی حکومەت پێیانوتوون کێشەکە بەپرۆژە یاسایەک چارەسەردەکەن.

دەستەکە فۆرمێکی دابەشکردووە بەسەر زیندانییەکاندا، کە چەند مەرجێکی داناوە بۆ ناساندنی ئەو قوربانیانە بەزیندانی سیاسی لەوانە، ماوەی زیندانی، بەڵگەو شاهید.

دکتۆر موحسین عەبدولکەریم نوێنەری یەکێتی لەدەستەی داکۆکیکردنی زیندانییە سیاسییەکانی شەڕی ناوخۆ، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ماوەی ساڵێکە فۆرم وەردەرگرین، ئێستا سەرقاڵی وردبینی لەناوەکان دەکەین بۆ ئەوەی ئەو ناوانە نەبنە ئەندام کە زیندان نەبوون، وردبینییەکە بۆ ئەوەیە تا ڕاستو ناڕاست لەیەک جیابکەنەوە.

دکتۆر موحسین دەڵێت لە ٥/١٩ی ئەمساڵ سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردووە بۆ وەبیرهێنانەوەی وەڵامی یاداشتێکی دەستەکە، کە مانگی دوو پێشکەشی حکومەتیان کردبوو، بەڵام پێیان وتوون سەرقاڵی پرۆژە یاسایەکن، تا بەیاسا زیندانیانی سیاسیی ناوخۆ بناسێننو دواتر قەرەبووبکرێنەوە.

د. موحسین ڕایگەیاند ئەو پرۆژە یاسایەی بۆ قەرەبووکردنەوەی زیندانیانی سیاسیی شەڕی ناوخۆ ئامادەکراوە، ماوەی زیندانیکردن دەکاتە پێوەر بۆ قبوڵکردنی کەسێک بەزیندانیو دواتر قەرەبووکردنەوەی، وتی "بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین کەمترین ماوەی مانەوە لەزیندانی دەستنیشان بکرێت بۆ ئەو کەسەی، کە بەزیندانی سیاسی قبوڵبکرێت".

زیندانیانی سیاسی دەترسن بەهۆی کورتیی ماوەی زیندانیکردنەوە بێبەشبکرێن لەوەرگرتنی قەرەبووکردنەوە.

یەکێک لەو زیندانییانە کە یەکێتی بووەو دەڵێت لە٣١ی ئابدا لەهەولێر لەلایەن هێزەکانی پارتییەوە دەستگیرکراوەو دوای بەستنەوەی دەستو قاچو چاوەکانی بەڕێگەیەکی پێچاوپێچدا، کە ئەو هەستدەکات بۆ ڕێگای مەسیف بووە، بردوویانە بۆ زیندان، وتی "لەوێ دەستیانکرد بەلێدانم، تا کاتێک ئازادکرام بەردەوام ئەشکەنجەیاندەدام، هەر ئەوەشبوو بووە هۆی ئەوەی کە ببم بەکەمئەندام".

ئەو زیندانییە دەڵێت دوو مانگو بیست ڕۆژ لەزیندان ماوەتەوەو دواتر بەهۆی پەیوەندییە عەشایەریو خێزانییەکان ئازادکراوە، بەڵام کەمئەندام بووە، وتی "کەچی تائێستا حکومەتی هەرێمو حیزبەکەی خۆیشم بەدینارێک قەرەبوویان نەکردوومەتەوە".

قورسترین شت بۆ زیندانیانی شەڕی ناوخۆ، پەیداکردنی بەڵگەیە لەسەر زیندانییەکەیان، بەتایبەت ئەوکات هیچ کەس دادگایی نەدەکراو هیچ بڕیارێکی ڕەسمی لەبارەی ئەوانە دەرنەکراوە، تائێستا ببێتە بەڵگە، ژمارەکی دیاریکراویان نەبێت خاچی سوور بینیونیو ناوی تۆمارکردن، ئەوانی تر قورسە بەڵگە پەیدابکەن لەسەر زیندانیکردنیان.

یەکێک لەو پێشمەرگانەی پارتی لەبەرەی شەڕ لەکەپکی حەمەد ئاغا بەدیلگیراوە، لەترسی سزای زیاتر نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی "ئەو کات ئەگەر خاچی سوور نەبوایە ئێمەیان دەکوشت".

دکتۆر نوری تاڵەبانی مامۆستای یاساو چاودێری سیاسی پێیوایە دۆسیەی زیندانییە سیاسییەکانی شەڕی ناوخۆ، کێشەیەکی سیاسییەو یاسایی نییە، دەڵێت لەخولی پێشووی پەرلەمانیشدا ئەو کێشەیە باسکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی مەسەلەکە سیاسی بووە، تائێستا یەکلاییکراوەتەوە.

دکتۆر نوری تاڵەبانی دەڵێت لەیاسادا ئەگەر تاوانێک ڕوویدات، سەرەتا دەبێت ئەوە بسەلمێنیت کە کێ بەو تاوانە هەستاوەو کردوویەتی، ئەوکات زیانلێکەوتووەکە دەتوانێت داوای مافی ماددیو مەعنەوی خۆی بکات.

دکتۆر موحسین ئاماژە بەوە دەدات کە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ڕازیبووە لەسەر بڕینەوەی موچەو چارەسەرکردنی نەخۆشیو کێشە جەستەییەکانی زیندانییەکان لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمو هەژمارکردنی ماوەی دابڕان بەخزمەت بۆیان، وتی "ئێمەش داوادەکەین پەلە بکرێت لەپەسەندکردنی پرۆژە یاساکە، تا قوربانییەکان قەرەبووبکرێنەوە".

بۆ بەدواداچوونی زیاتر دەستوور پەیوەندیکرد بەمحەمەد قەرەداغی سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، ناوبراو وتی ئەوە پەیوەندی بەئەوەوە نییەو لیژنەیەکی باڵا هەیە بۆ ئەو دۆسیەیەو وەزیری پێشمەرگەو ناوخۆ سەرپەرشتی دەکەن.

دەستوور پەیوەندیکرد بەشێخ جەعفەر مستەفا وەزیری پێشمەرگە، ناوبراو وتی کە ئەو هەر ئاگای لەدۆسیەیەکی لەو شێوە نییەو هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە نییە.



زیندانیانی سیاسی دەترسن بێبەشبکرێن لەوەرگرتنی قەرەبووکردنەوە

# ”لەکەرکوک دەستدرێژیی سێکسی روولەزیادبوونە“

## بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتیی ژنانی کوردستان بۆ دەستوور

سازدانی: نێرگز قادر

لاوە عوسمان زەنگەنە بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتیی ژنانی کوردستان دەڵێت بەهۆی ناسەقامگیریی باری سیاسیو ئەمنییەوە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنانی کەرکوک قورستربووە، ئاماژە بەوەشدەدات کە دەستدرێژیی سێکسی روو لەزیادبوونە لەکەرکوک.

**دەستوور:** دۆخی سیاسیو ئەمنیی شاری کەرکوک جیاوازە لەشارەکانی تری هەرێمی کوردستان، ئایا ئەمە وایکردووە جیاوازی هەبێت لەئیشکردن لەسەر کێشەی ژنان لێرە؟

**لاوە زەنگەنە:** ئیشکردن لەشارەکانی تر زۆرباشترە لەشاری کەرکوک، چونکە بەڕاستی خەڵکی کەرکوک هێشتا ماویەتی هۆشیارتربێتو تێبگات. هۆکارێکی تریش ئەوەندە لەڕابردوودا چەوساوەتەوە، هێشتا ترسی هەیە، لەلایەکی تر ژیانو مافی هیچ کەس پارێزراو نییە لەم شارە، چ جای ژنانو کارکردن لەسەر ئەو کێشانە.

**دەستوور:** رێژەی کێشەکانی ژنان چۆنە، ئامارێکی تایبەت هەیە لەوبارەیەوە؟

**لاوە زەنگەنە:** رۆژانە بەلای کەمەوە دوو بۆ سێ کێشە دێتە لقەکەمان، دەتوانین بڵێین ئەو هەفتەیەی کە کەمترین کێشە هەبێت، ئەوا دە حاڵەتمان دەبێت.

زۆرینەی کێشەکانی ژنان لەسەر نەبوونی ماڵی سەربەخۆیە، بەشێکیشی خیانەتی هاوسەرێتییە کە ژنو پیاویش دەیکەن، هەروەها ژنهێنانی دووەمیش کێشەیەکی بەرچاوە لێرە.

**دەستوور:** ئاستەنگەکانی دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنجامدەرانی توندوتیژی دژ بەژنان چۆنە؟

**لاوە زەنگەنە:** بەهۆی ناسەقامگیریی



باری ئەمنییەوە، ئەوە زۆر زەحمەتە بتوانیت تۆمەتباران بدۆزیتەوە یان دەستگیریان بکەیت، جاری واهەیە کەسێک خوشکەکەی خۆی دەکوژێتو تەرمەکەی فڕێدەدات دەڵێت تیرۆریست کوشتوویەتی.

**دەستوور:** هەندێک پێیانوایە رێکخراوەکانی ژنان کاریگەرییان لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵک نەبووە، بۆیە کێشەکان زیاتر دەبنو کەمنابنەوە؟

**لاوە زەنگەنە:** ئەو کەسانەی وادەڵێن بابێن بۆیان رووندەکەینەوە، کە ئێمە چۆن کاردەکەین لێرە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە. کارکردن لێرە سەختە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەی پیاوسالارییە، من لێرە باوکێک بانگدەکەم پێیدەڵێم کچەکەت بچوکە، مەیدە بەشوو کەچی بەقسەمان ناکات دەچێت لای مەلا مارەیدەکات، یان ناسنامەیەکی تەزویری بۆ دەردەکاتو دواتر لەدادگا مارەیدەکات، جگە لەوەش سەرجەم ئەو ژنو پیاوانەی لەیەک جیابوونەتەوە، منداڵ لەنێوانیاندا هەیە، بەهۆی رێکخراوەکەی ئێمەوە هەردووکیان دەتوانن منداڵەکانیان ببینن.

**دەستوور:** لەکەرکوک شوێنی داڵدەدانی ژنانتان نییە بۆ ئەو ژنانەی هەڕەشەیان لەسەرە؟

**لاوە زەنگەنە:** ئەو هەڕەشەیە هەر لەسەر ئەوان نابێت، لەسەر ئێمەشە. جاری واهەیە نیوەی شەوە پەیوەندیم پێوە دەکەن، کچێک لەماڵ هەڵهاتووە بەهۆی نەبوونی شوێن نازانین ئەم کچە لەکوێ دابنێین، بنکەکانی پۆلیسیش ناتوانن ئەو کچە لای خۆیان بهێڵنەوە، ناچارین بەوشەوە دەبێت بیبەین بۆ سلێمانی تاکێشەکانیان چارەسەر دەبێت، بەهۆی ئەوەی سەنتەرێک یان ماڵێک بۆ داڵدەدانی ژنان لێرە نییە.

**دەستوور:** بەپێی هەندێک سەرچاوەی نارەسمی حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی لەکەرکوک روو لەزیادبوونە؟

لاوە زەنگەنە: بەڵێ زیادبووە، زۆر ئافرەتمان هەیە لەماڵی خۆی دەستدرێژی دەکرێتەسەر، ئافرەت هەیە لەناوگەراج کە قەرەباڵغترین شوێنە دەستدرێژی کراوەتەسەر، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەم شارە بووەتە رووبارێکو تاوانەکانی تێدا وندەبێت.

**دەستوور:** سەبارەت بەباندەکانی لەشفرۆشی، دەوترێت بەرپرسانی ئەمنی لەپشتیانەوەن ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان لەوبارەیەوە هەیە؟

**لاوە زەنگەنە:** وەک وتم خەڵکی شاری کەرکوک هێشتا هۆشیارنین، جگەلەوەش من بۆ خودی هەردوولای دەگەڕێنمەوە، من باسی چەند نمونەیەکت بۆ دەکەم. لەیەکێک لەگەڕەکانی شاری کەرکوک ژنێک سێ کچی هەیە شویانکردووە، کەدێنەوە بۆ ماڵ کاری لەشفرۆشیان پێدەکات، ئەمە هەڵەی خودی خۆیانە، کەدەچین بۆلایان، پێیاندەڵێین لەپێناو چی وادەکەن دەڵێن من لەماڵی خۆمان ئەم کارە دەکەین، پەیوەندیی بەکەسەوە نییە، نمونەیەکی تر پیاوێک دوو ژنی هەیە، ئەمەریکییەکان دەهێنێتەوە بۆ لایانو لەشفرۆشیان پێدەکات. لەم حاڵەتانەدا ئێمە ناتوانین یەک وشە بڵێین.

> **حاڵەتی واهەیە کەسێک خوشکەکەی خۆی دەکوژێتو تەرمەکەی فڕێ دەدات دەڵێت تیرۆریست کوشتوویەتی**

**پرۆفایل**
**لاوە عوسمان زەنگەنە**
**ساڵی ١٩٨٤ لەکەرکوک لەدایکبووە**
**خوێندنی ناوەندی تەواوکردووە**
**لەساڵی ٢٠٠٩وە بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتیی ژنانی کوردستانە**

# ١٠ مانگ تێپەڕی کەرکوک هەر پاکنەکرایەوە

## ئەحمەد عەسکەری: ئیدارەی کەرکوک ناتوانێت بەسەرکەوتوویی ئەو پرۆژەیە ئەنجامبدات

ئازاد زەنگەنە لەکەرکوک

دوای ئەوەی ١٠ مانگ بەسەر سەرفکردنی بڕی ١٢ ملیار دیناردا تێپەڕیو ٥ مانگ لەمەوبەریش ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەو بڕە پارەیەی بۆ پاککردنەوەی شاری کەرکوک پەسەندکرد، بەڵام تائێستا دەستنەکراوە بەپاککردنەوەی شاری کەرکوک.

بەپێی وتەی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئیدارەی کەرکوکو شارەوانیی کەرکوک ناتوانێت بەسەرکەوتوویی ئەو پرۆژەیە ئەنجامبدات چونکە گرفتی زۆر بۆ ئەو پرۆژەیە هاتووەتە پێشەوە. سەرۆکی لەکارلابراوی شارەوانیی کەرکوکیش پارێزگاری کەرکوکو ئەو لیژنەیەی لەلایەن ئەوەوە پێکهێنرابوو تۆمەتبار دەکات.

جەمال شوکر سەرۆکی لەکارلابراوی شارەوانیی کەرکوک لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی «وەک شارەوانیی کەرکوک دەتوانم بڵێم ئەسڵەن ئاگامان لەچۆنێتی ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە بۆ دەستی بەڵێندەرو وردەکارییەکانی نییە، بەڵکو لیژنەیەک دانراوە لەلایەن پارێزگاری کەرکوکەوە ئەوان هەستاون بەکارەکە لەڕاستیشدا ئەوان وەک ئێمە شارەزا نین لەچۆنێتی راپەڕاندنی ئەم پرۆژەیە، بۆیەش تائێستا دواکەوتنی بەخۆوە بینیوە».

ئەحمەد عەسکەری دەڵێت شارەوانیی کەرکوکو ئیدارەی کەرکوک ناتوانێت بەسەرکەوتوویی ئەو پرۆژەیە ئەنجامبدات، چونکە ماوەیەکی زۆرە ئەو دەست ئەو دەستی پێدەکرێت وەک باسی لێوەدەکەن هەر کۆمپانیایەک وەریبگرێت، هەندێک کاتی دەوێت بۆ جێبەجێکردنی».

ئاماژەی بەوەشدا کەهەندێک مەرجی هونەریو رەزامەندیی لایەنەکان بۆ کۆمپانیاکان پرۆژەکەی دواخستووە، وتی «بۆیە رەشبینم لەئەمساڵدا بتوانرێت پرۆژەی خاوێنکردنەوەی کەرکوک بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە».

پرۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بڕی ١٢ ملیار دیناری عێراقی بۆ تەرخانکراوە، لەمانگی ٤ی ئەمساڵەوە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەنگی لەسەر داوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەی لەجێبەجێکردنی پرۆژەی پاککردنەوەی شاردا هەیە، لەماوەکانی رابردوودا بڕیاردرا بخرێتە لیستی داخوازانی بەڵێندەرەکانەوە، بەڵام هەردوو جارەکە لەژێر ناوی ناتەواوی کۆمپانیای وەرگر دواخراو راگیرە.

عەسکەری وتی «جارێک لەبەر ناتەواویی لیژنەی ئامادەکاری دواخراو ئێستاش واجارێکی دیکە خەریکە دەکەوێتە بواری بەڵێندەرایەتییەوە، بەڵام دڵنیانیم لەسەرکەوتنی».

ئەندازیار جەمال شکور وتی «لیژنەیەک دانراوە لەلایەن پارێزگای کەرکوکەوە ئەوان هەستاون بەکارەکە، لەڕاستیشدا ئەوان وەک ئێمە شارەزانین لەچۆنێتی راپەڕاندنی ئەم پرۆژەیە، بۆیەش دواکەوتنی بەخۆوە بینی».

لەبارەی دواکەوتنییەوە، جەمال وتی فرە دەستییەکی زۆری پێوە دیاربوو، کورد وتەنی چەند کوێخایەک هەبوو لەڕاپەڕاندنی ئەم پرۆژەیەدا بۆیە دووجار خرایە لیستی داخوازی بەڵێندەرەکانەوە، بەڵام هیچی سەرکەوتوو نەبوو.



بەرپرسانی شارەکە یەکتر تۆمەتبار دەکەن



# بۆ گەنجان سێ پرۆژە یاسا تێکەڵدەکرێن

فەرمان رەشاد لەهەولێر

پەرلەمانی کوردستان تاوتوێی سێ پرۆژە یاسا دەکات بۆ باشترکردنی بژێویی ژیانی گەنجان، هەرسێ پرۆژە یاساکەش هەوڵدانە بۆ باشترکردنی بژێویی ژیانی گەنجان.

پرۆژە یاسای «گرنگیدان بەگەنجان» لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانو پرۆژەی «یارمەتیدانی پرۆژەی بچووک» لەلایەن رێکخراوی کیدۆو پرۆژە یاسای «سندوقی پاڵپشتی گەنجان» لەلایەن رێکخراوی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنجەوە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی پەرلەمانەوە ئاراستەی پەرلەمان کراوە، لیژنەی وەرزشو لاوانی پەرلەمانیش تاوتوێی هەرسێ پرۆژە یاساکە دەکات.

رێباز فەتاح ئەندامی لیژنەی وەرزشو لاوانی پەرلەمانی کوردستان بەدەستووری راگەیاند «دوای خوێندنەوەی یەکەمو گفتوگۆکردن لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ئێمە راپۆرتی خۆمانمان لەسەر پرۆژەکە ئامادەکردووە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت».

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان، وتی «پرۆژە یاساکە زیاتر تەرکیزی لەسەر لایەنی ئابووریی گەنجان کردووەتەوەو هەوڵدەدات دەرفەتی کاری زیاتر بۆ گەنجان بدۆزێتەوەو کێشە ئابوورییەکانی گەنجان کەمبکاتەوە».

گەنجانی کوردستان داوادەکەن هەوڵەکان لەچوارچێوەی قسەکردنو پرۆژەکان نەمێننەوەو بچنە بواری جێبەجێکردنەوەو بەکرداری کێشەکانی گەنجان چارەسەربکرێن.

هەفتەکانی رابردوو رێکخراوی تواناسازی لاوان کۆنفرانسێکی بەئامادەبوونی نزیکەی ٢٠ پەرلەمانتاری کوردستان سازکرد بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە کەتایبەتن بەگەنجانو رەوانەی پەرلەمان کراون. لەکۆنفرانسەکەدا رەخنە لەپرۆژەکان گیران.

شاد محەمەد سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی لاوان دەڵێت ئەو سێ پرۆژەیەی تایبەتن بەگەنجان لەسەر پێشنیازی کۆنفرانسەکە لەیەک پرۆژە یاسادا کۆکرانەوە.

شاد، وتی ئەو پرۆژەیەی تایبەتە بەپاڵپشتی پرۆژەی بچووک پێویستی بەدامەزراوەیەکی گەورە هەیە کەتواناکانی دەبێت لەسەرووی وەزارەتێک بێت، هەروەها داوای بودجەیەکی خەیاڵی بۆ کراوە، کەئەوەش بەبۆچوونی ئێمە لەو قۆناغە ناگونجێت جێبەجێبکرێت.

شاد محەمەد ئاماژەی بەوەشدا کەپرۆژەی گرنگیدان بەگەنجان پێویستی بەدەوڵەمەندکردنی زیاتر هەیە کەشوناسی گەنج بپارێزێتو میکانیزمی پاراستنی مافەکانی گەنج بەوردی دیاریبکات.

رێبین عوسمان خوێندکاری زانکۆ دەڵێت پێویستە حکومەتو پەرلەمان چیتر هەر بەقسە نەڵێن کێشەی گەنج چارەسەردەکرێت، بەڵکو با بەرهەمەکەی لەواقیع ببینین.

ئەو گەنجە وتی «ساڵانە بەهەزاران خوێندکار زانکۆ تەواودەکەن، بەبێئەوەی حکومەت دەرفەتی دامەزراندن یاخود کارکردن لەکەرتی تایبەتیان بۆ برەخسێنێت، بۆیە دەبێت حکومەت هەوڵبدات بێکاری نەهێڵێت».

رێباز فەتاح، وتی «لەکاتی دانیشتنی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاساکە، ئەو سەرنجانە تۆماردەکەین کە لەپرۆژە یاساکە گیراون».

هەروەها وتی «هەوڵدەدەین یاسایەکی تەواو پەسەندبکرێت».

# لەسلێمانی پزیشکی ناپسپۆڕ ددان راستدەکاتەوە

## زۆرینەی ئەوانەی ددانیان راستدەکەنەوە لەتەمەنی گەنجێتیدان، بەڵام پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت لەسلێمانی هەندێک کەسی ناپسپۆڕ ددان راستدەکەنەوە

هێمن لەتیفو ئامەد حەسەن لەسلێمانی

رێژەی ئەو خەڵکانەی بۆ جوانترکردنی رووخساریان ددان راستدەکەنەوە لەسلێمانی لەزیادبووندان، کەزۆرینەیان لەتەمەنی گەنجێتیدانو هێشتا نەچوونەتە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام پزیشکی ناپسپۆڕ بەپێی وتەی شارەزایانی ئەو بوارە کاری راستکردنەوەی ددان دەکات.

کچانو کورانی سلێمانی دەیانەوێت بەراستکردنەوەی ددانیان خۆیان بەجوانترین شێوە نیشانی بەرامبەرەکانیان بدەن. پسپۆڕانی پزیشکی ددان ئاماژە بەوەدەدەن، یەکێک لەسیماکانی جوانی رێکیو پاکیو سپێتی ددانەکانەو دەڵێن "هاوڵاتییەکی زۆر لەم دوو ساڵەی دواییدا سەردانی کردوون".

ژنان زیاتر لەپیاوان ددان راستدەکەنەوە

شوعلە تاهیر، پیشە مامۆستا، بەهۆی هەڵکێشانی ددانی لەتەمەنی منداڵیدا، تووشی هەوکردن بووەو ددانی خواربووە، بەڵام ئێستا بەهۆی راستکردنەوەی ددانەکانو دانانی تەل لەلای پزیشک، ددانەکانی راستبوونەتەوەو دڵخۆشی کردوون.

شوعلە وتی "راستکردنەوەو جوانکردنی ددان کارێکی باشە، بەڵام بەهۆی زۆری تێچوونەکەیەوە هەندێک هاوڵاتی ناتوانن ئەو کارەبکەن".

شوعلە، سەرەتا بۆ راستکردنەوەی ددانەکانی تێچووی دانانی تەلەکان بڕی



٢٠٠ هەزار دینار بووە، هەموو هەفتەیەکیش سەردانی پزیشکەکەی دەکات بۆ توندکردنەوەییو هەفتانە بڕی ١٥٠٠ دینار دەدات. ئەوە جگە لەمەسروفاتی تاکسیو لەکۆتاییشدا بۆ دەرهێنانەوەی تێلەکان بڕی ٥٠ هەزار دیناری لێوەردەگرن.

دڵپاک عەلی، ٢٥ ساڵ، لەمنداڵییەوە هەستی بەوەکردووە، کەشێوازی دەموچاوی بەهۆی خواری ددانییەوە ناشیرین دەرکەوتووە، بۆیە ناچاربووە ددانەکانی راستبکاتەوە.

دڵپاک وتی "لەوکاتەوەی ددانەکانم راستبوونەتەوە، جوانییەکی پێبەخشیووم".

کارزان ئەنوەر، یەکێکترە لەو کەسانەی سەردانی پزیشک دەکات بۆ راستکردنەوەی ددانەکانی، وتی "راستکردنەوەی ددان بۆ جوانکاری پێویستە، هەروەها پاراستنیانە لە لەناوچوون".

لەکوردستاندا کاری راستکردنەوەی ددان لەنەخۆشخانە حکومیو ئەهلییەکاندا دەکرێت زۆرێک لەهاوڵاتیان بۆئەوەی زوو رزگاریان بێت لەخواروخێچی ددانەکانیان روو لەنەخۆشخانە ئەهلییەکان دەکەن.

لەسلێمانی کاری راستکردنەوە بۆ ئەو ددانانە دەکرێت، کە لەڕیزبەندی خۆیان لەنێو دەمدا لایانداوەو ناتوانرێت پاکبکرێنەوەو خواردنیان تێدا دەمێنێتەوە، بەوەش سەرەتا پەڵەک پەیدادەبێتو دواتر دەبێتە کلسو ئێسقانی پوکیان دادەخورێنێتو ددانەکان کلۆردەبن.

ئەو کەسانەی کەددانیان خواربووە بۆ ماوەی چەند مانگێک ددانەکانیان بەتەل دەورە دەدەن، پزیشکی ددان یەکێک لەددانەکان دەردەهێنێتو ئەوکاتە تەل بەدەوری ددانەکاندا دەبەستێت بۆئەوەی راستکردنەوەکە جوانو سەرکەوتووبێت. پێویستیشە پانزە رۆژ جارێک تەلەکان توندبکرێنەوە.

هەڵکێشانی ددان بەمنداڵی یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی خواربوونی ددانو دواجار پێویست بەراستکردنەوە دەبێت.

### لەسلێمانی کەسانی نا پسپۆڕ ددان راستدەکەنەوە

د. بەمۆ، پسپۆڕی راستکردنەوەی ددان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت گونجاوترین تەمەن بۆ راستکردنەوەی ددان، لەنێوان ١٢ بۆ ٢٠ساڵیدایە.

د.ئەحمەد ئەمین، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لەراستکردنەوەی ددانو ئەندامی سەندیکای پزیشکانی ددان، ئاماژە بەوەدەدات، کەدوو جۆر چارەسەر بۆ راستکردنەوەی ددان هەیە، یەکەمیان چارەسەری ئێسکەکانی شەویلگەیە، بۆ ئەویش ئامێر بۆ گۆڕینی ئێسکەکە بەکاردێت، دووەمیش چارەسەرکردنی نارێکی ددان بەئامێری تایبەتییە.

د.ئەحمەد ئەمین وتی "راستکردنەوی ددان بەپێی باشی مادەکانو نرخەکەی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، بەڵام ئەگەر مادەکان زۆرباشیش نەبن زیانی تەندروستی لێناکەوێتەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت، ددانەکان بەباشی رێکنابنەوە، چونکە ئامێرەکە بەباشی دروستنەکراوە".

د.بەمۆ ئاماژەی بەوەکرد ئەو کەسانەی پسپۆڕیان لەراستکردنەوەی ددان لەسلێمانی هەیە، بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، بەڵام ئێستا ٤٠ بۆ ٥٠ پزیشک کاری راستکردنەوەی ددان دەکەن، کەپسپۆڕی ئەوان نییە، هەموو پزیشکێکی ددان لەراستکردنەوە نازانێت، خوێندنی راستکردنەوەی ددان جیاوازە.

شوعلە تالیب، رونیدەکاتەوە کەسەرەتا چووەتە لای پزیشکی ددان پێیانراگەیاندووە بۆماوەی شەش مانگ ددانەکانت بۆ راستدەکەینەوە، لەوە زیاتر ناخایەنێت، بەڵام ئێستا بۆماوەی دووساڵ دەچێت تەلەکاندا لەددانیدانو کۆتایی بەراستکردنەوەکەی نەهاتووە. شوعلە پێیوایە ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە، کەئەوانەی کاری راستکردنەوەی ددان دەکەن، شارەزایی باشیان لەو بوارەدا نییە.

# "زۆربەی دامودەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی هێشتا، وەکو دامودەزگای شەخسی سەیردەکرێن"

## عەلی کەریم چالاکوانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی بۆ دەستوور

سازدانی: دانا جەمیل لەهەولێر

عەلی کەریم سەرۆکی ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەم چاوپێکەوتنەدا باس لەهۆکاری سستبوونی رێکخراوەکانو نادامەزراوەیی بوونیان دەکات، دەڵێت لەیاسا گرنگتر بۆ دروستبوونی بەهای دامەزراوەیی، دروستبوونی ئەخلاقو هۆشیاری دامەزراوەییە لەرێکخراوەکاندا.

**دەستوور:** دەمەوێت بپرسم بۆچی لەکاتی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا قسە لەسەر رێکخستنەوەی ژیانی ناوخۆی رێکخراوەکان نەکراوەو تەنها لەسەرچۆنێتی پەیوەندی رێکخراوەکان لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا قسەکراوە؟

**عەلی کەریم:** هەموو شتێک لەیاسادا نانوسرێت، بەڵکو دەبێت پرۆگرامی ناوخۆی رێکخراوەکان پەیکەری بەدامەزراوە بوونی ناوخۆی ئەو رێکخراوە دیاریبکات، من بڕواموایە یاسا رێگا گشتییەکان دادەنێت بۆ نمونە دەڵێت رێکخراوەکان بەئالیاتە دیموکراتییەکان ئیدارەو پێکهاتەی خۆیان رێکبخەن، بەڵام پەیڕەوی ناوخۆی رێکخراوەکان بڕیار لەسەر چۆنێتی ئەو رێکخستنە دەدات، بەڵام ئەوەی دیارە بەدامەزراوەیی بوون لەهەرێمی کوردستاندا، تاکو ئێستا هەزم نەکراوە، نەک تەنها لەرێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا، بەڵکو لەحیزبەکانو دامودەزگاکانی راگەیاندنیشدا تەنانەت لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتیشدا هەزم نەکراوە، بەهای بەدەزگاییبوون وادەکات دیوەخان جیاواز بێت لەدەزگایەک، کە ئەرکو مافی تێدا دیاریکراوە.

لەکوردستاندا دەبینین بەهای بەدەزگایی بوون زۆر لاوازە لەبەرئەوەی زۆربەی دامودەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی هێشتا، وەکو دامودەزگای کەسیو کەلوپەلی شەخسی سەیردەکرێن، هەروەها زۆربەی زۆری رێکخراوەکان پابەندنین بەپەیڕەوی ناوخۆی خۆیانەوە، ئەمەش لەدیاریکردنی ستافی بەڕێوەبردن، بەڕێوەبەرەکانیان، بەستنی کۆنگرەی تازەی رێکخراوەکانو وەرگرتنی بڕیار، کە بەڕێوەبەر ناگەڕێتەوە بۆ ستاف لەجێبەجێکردنی پرۆژەکانیان، کە دەبێت شەفافیەتی تێدابێتو ئەندامەکانیان بەهەموو شتەکان بزانن، هەروەها ئەندامو خۆبەخشەکانی رێکخراوەکان ئەرکو مافەکانیان بەنوسراوی نییە.

**دەستوور:** لەم دۆخەدا پێتوایە رێکخراوەکان بۆخۆیان ئامادەگی خۆنوێکردنەوەیان هەبێت، یان دەبێت ئیجباربکرێن؟

**عەلی کەریم:** بەدڵنیاییەوە فێڵ لەیاسا دەکرێت، چونکە بەیاسا وتراوە، دەبێت ئەو رێکخراوانە دیموکراسی بن، دەبێت شەفاف بن، وتراوە دەبێت بۆرد پێنج کەس بێت، بەڵام ئەوان فێڵی لێدەکەن، گرنگتر لەیاسا دروستکردنی ئەخلاقو هۆشیارییەکی مەدەنییە. بۆ دروستکردنی ئەمەش پێویستمان بەوەیە، ئەو لایەنانەی کار لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵی مەدەنی دەکەن لەکوردستان، چ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، چ رۆشنبیران، یان دامودەزگاکانی حکومەت، یان هەرلایەنێکی تر، کە لەو بوارەدا ئیشدەکات، دەبێت زۆر بەجدی پێداگیری لەسەر ئەوەبکات، هەر رێکخراوێک وەک دامەزراوە نەهاتە پێشەوە هاوکاری نەکەن، چونکە یەکێک لەپرەنسیپەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەوەیە، کە دەبێت رێکخراوبێت، ئەمەش واتا دەبێت پەیکەرێکی دامەزراوەیی هەبێت، جیاواز بێت لەدیوەخانو ماڵی شەخسی، هەروەها بۆئەوەی ئەو ئەخلاقو هۆشیارییە دروستبێت، دەبێت لێپرسینەوەو سزای مەدەنی هەبێت، کە ئەمە نابێت وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی دارایی، یان ئەنجومەنی وەزیران بیکات، دەبێت کۆمسیۆنێکی باڵای تایبەت بەکۆمەڵگەی مەدەنی هەبێت، چاودێری کاروباری رێکخراوەکانو بەهای بەدامەزراوەیی بوونیان بکات، واتا ساڵانە راپۆرتی گشتیان وەربگرێتو بەئالیەتێکی تایبەت چاودێری کاری هەر رێکخراوێک بکاتو بەهای دامەزراوەییبوون لەو رێکخراوانەدا هەڵبسەنگێنێتو گەشەی پێبدات. هەروەها پێویستە مەرجێکی یارمەتیپێدان لەدامودەزگاکانی دەوڵەتو دامودەزگا مەدەنییەکان لەسەر بەهای دامەزراوەیی بوونبێت، چونکە ئەگەر وانەبێت دەرگا بۆ کۆمەڵێک شتی دیکە دەکاتەوە، کە بەهەموو مانایەک ناتەندروست دەبێت، هەر لەدروستبوونی گەندەڵیو ناشەفافیەتو دیکتاتۆریەتو خۆسەپاندنو مەحسوبیەتو هەموو شتێکی ناکۆک لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

**دەستوور:** بەڵام ئەوەی دیارە پەیڕەوو پرۆگرامی رێکخراوەکان شەخسێک دەینوسێتەوە، وەک دەڵێن زۆربەی کاتەکان بەرپرسی رێکخراوەکە دەینوسێتەوە، لێرەدا زەمانەت چییە کە ئەو پەیڕەوە بەمیزاج نەنوسرێتەوەو فیعلەن رێکخراوێکی مەدەنی دروستببێت؟

**عەلی کەریم:** ئەوە بەشێکی پەیوەندی بەیاساوە هەیە، کە دەبێت هێڵە گشتییەکان دیاریبکات، بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بەهۆشیاریو ئەخلاقی دامەزراوەییەوە هەیە.

**دەستوور:** بەڵام لەیاساکەدا هێڵە گشتییەکانی دانانی پەیڕەوی ناوخۆی رێکخراو دیارینەکراوە؟

**عەلی کەریم:** فەرمانگەیەکی مەدەنی دروستدەکرێت، کە سەرپەرشتی کاروباری رێکخراوەکان دەکات، ئەو ئالیەتێک دادەنێت بۆ چاودێریکردنی رێکخراوەکان، ئێمە پێویستمان بەوەیە، کەسانێکی عاشق بەمەدەنیەت بێن کاروباری کۆمەڵی مەدەنی ئەنجابدەن، ئەو کاتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی رێکخراوەکان خۆیان تازەدەکەنەوە.

**دەستوور:** سەیرنییە لێشاوێک رێکخراو دروستبوون، هۆکارەکەی بەرژەوەندی مادییە، یان خزمەتکردنە بەکۆمەڵی مەدەنی؟

**عەلی کەریم:** هۆکارێکی سەرەکی دروستبووی



ڕێکخراوەکان فێڵ لەیاساش دەکەن

ئەو هەموو رێکخراوە بەشێوەیەک لەشێوەکان دەستکەوتنی پارەیە، خەڵکانێکی زۆر مینحەیەکی خەیاڵییان وەرگرتووە، کە ئەمە پاڵنەرێکی زۆر سەرەکی بووە، بەشێکی تری رێکخراوەکان بەهۆی حیزبەوە بووە، کە ویستوویەتی خەڵکێک رازی بکاتو شوێن نەماوە، ئیتر وتوویەتی برۆ رێکخراو دروستبکە. هەروەها بەشێکی دیکە وەکو چاولێکەری رێکخراوی دروستکردووە، بەشێکی دیکەش هەیە، کە هەندێک کەس هۆشیارییەکیان لادروستبووە بۆخۆیان حەزدەکەن خزمەتبکەنو بەشداربن لە ژیانی گشتیدا، بەڵام ئەمەیان کەمینەن.

**دەستوور:** بەڵام ژیانی ناوخۆی ئەو کەمینەیەش جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ژیانی ناوخۆی زۆرینەکەدا؟

**عەلی کەریم:** بەڵام بەهەموو پێوەرەکانیش هێشتا رێکخراوە سەربەخۆو ئازادەکان هەزارجار باشترن، لەو رێکخراوانەی بەشێوازی دیکەو بۆ مەرامی دیکە دروستبوون.

# تائێستا ٢٥٠ گوندی سنووری هەولێر کارەبایان نییە

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەکۆی ١٧٠٠گوند لەسنووری پارێزگای هەولێر ٢٥٠ گوند تائێستا کارەبای نیشتیمانیان نییە، لەکاتێکدا گوندنشینان دەڵێن چەندینجار داوایان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە.

پارێزگاری هەولێر نایشارێتەوە بەهۆی نەبوونی کارەبای نیشتیمانی گوندەکانەوە گرفتێکی گەورە بۆ پارێزگای هەولێر دروستبووە، وەزارەتی کارەباو بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێریش دانبەوەدا دەنێن، کە نەچوونی کارەبای نیشتیمانی بۆ گوندەکان پەیوەندی بەلاوازی کارەبای هەرێمو نەبوونی پیلانی تایبەت بۆ گوندەکان هەیە.

ئیسماعیل عوسمان یەکێکە لەدانیشتووانی گوندی ئۆمەراوای سەر بەپارێزگای هەولێر، دەڵێت نەبوونی کارەبای نیشتیمانی گرفتێکی گەورەی بۆ دانیشتوانی گوندەکەیان دروستکردووە، وتی "چونکە تا رۆژێک مۆلیدەی گوندەکە کار دەکات، ١٠ رۆژ کار ناکاتو دەبێت چاوەڕوانی رەحمەتی چاکردنەوەی ئەو مۆلیدەیەبین".

ئەو هاوڵاتییە ئاماژە بەوە دەدات، لەبەرامبەر نەبوونی کارەبای نیشتیمانی چەندینجار لەرێگەی ئەنجومەنی گوندو هاوڵاتیانی چەند گوندێکی ترەوە داوایان لەپارێزگارو بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێرکردووە، بەڵام وەڵامی تەواویان وەرنەگرتووە.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر رایدەگەیەنێت، لەساڵی ٢٠١١دا، زۆرینەی گوندەکانی سنووری پارێزگاکە کارەبای نیشتیمانیان پێدەگات. وتی "بودجەیەکی زۆرمان بۆ چارەسەکردنی کارەبای گوندەکان داناوە".

ئەندازیار حسێن حەمە قادر بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر دەڵێت، لەئێستادا بەڕێوەبەرایەتییەکەیان خەریکی ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی گرنگە لەبواری کارەبادا بۆ گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێرو ئەو پرۆژانەش بەزووترین کات تەواودەبن.

ئەندازیار حسێن دەڵێت لەئێستادا هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ گەیاندنی کارەبای نیشتیمانی بەسەرجەم گوندەکانی سنووری پارێزگاکەو ئەو کارەش پێویستی بەکاتێکی زۆرترو بودجەیەکی باش دەبێت.

دیار بابان وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بەهۆی بەرهەمهێنانی ١١٥٠ میگاوات کارەباوە، کارەبای نیشتیمانی دەگەیەنرێتە سەرجەم گوندەکان".

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا وتی، زۆرێک لەگوندەکان بەتایبەت گوندەکانی پارێزگای هەولێر گلەییان هێناوەتە لای ئەوان، بەڵام "ئێمە بەڵێنی ئەوەمان پێداون هەوڵی تەواوبدەین لەساڵی ٢٠١١دا کارەبای نیشتیمانی بگەیەنینە ئەو گوندانە".

ئەڤین عومەر ئەندامی لیژنەی پیشەسازیووزەوسەرچاوەسروشتییەکان لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەهۆی زۆری کێشەکانی وەزارەتی کارەباوە نەتوانراوە ئەو هەوڵانە لەلایەن لیژنەکەیانەوە چڕتربکرێنەوەو قسەی زیاتریان لەسەر بکرێت بۆ گەیاندنی کارەبا بۆ ئەو گوندانە، وتی "بەڵام بێگومان یەکێک لەکارەکانی پەرلەمان لەساڵی ٢٠١١دا ئەوەیە، کارەبای نیشتیمانی بگەیەنرێتە سەرجەم گوندەکانی کوردستان".

"

لەکۆی ١٧٠٠ گوند

٢٥٠ گوند

لەسنووری پارێزگای هەولێر بێ کارەبان

# "لەگفتوگۆکانی ئەمدواییەدا بۆ گەڕانەوەمان پاشەکشێ دەبینرێت"

## سالار عەزیز سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دەستوور

سازدانی: شۆڕش خالید

**سالار عەزیز سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی دەستووردا دەڵێت لەکۆبوونەوەکانی گۆڕان لەگەڵ یەکێتیو پارتی بەمەبەستی گەڕانەوەی گۆڕان بۆ ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر بەشێک لەداواکانی گۆڕان ڕێککەوتوون، بەڵام دواتر یەکێتیو پارتی بێدەنگ بوونو وتی "ئێستا ئەوان پاشەکشەیەکیان پێوە دیارە".**

**سالار عەزیز دەڵێت ئێمە وایدەبینین کەمەن بەعەقڵیەتی براگەورەییو گەورە حیزبی بیردەکەنەوە، بۆیە مافی خۆمانە هەر هەنگاوێک بنرێو هەر پرۆژەیەک لای ئەوانەوە بێتە پێشێ، بەچاوی گومانەوە تەماشای بکەین.**

**دەستوور:** ڕەخنەی ئەوە لەبزووتنەوەی گـــۆڕان دەگـیـرێـت کـەکـشـانـەوەکـەی لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەڵە بـــووەو زیانـی بـۆ پێگەی کـورد هەبووە، کوردی پەرتکردووە؟

**سالار عەزیز:** بەپێچەوانەوە ئێمە پێمانخۆشە لەمەسەلە نەتەوایەتییەکاندا پێکەوەبین. مـەرجـیـش نییە لەیەک ئیئتیلافدا پێکەوەبین، هەر مەسەلەیەک پـەیـوەنـدیـدار بێت بەمیلەتەکەمانەوە دەتوانین دابنیشینو هەڵوێستی هاوبەش وەربگرین، باگراوندی ئێمەش ئاشکرایە، هی ئەوە نییە کەس بتوانێ موزایەدەی کوردایەتیبوونمان بەسەردا بکات.

ئێمە خـۆمـان بـەوە دەزانـیـن کە داکۆکیکاری ڕاستەقینەی داخوازییەکانی گەلەکەمان دەبینو ئەوەمان بەلاوە گرنگە، نەک شەڕ لەسەر پۆست. لەبەرئەوە ئێمە هەمیشە سەربەخۆیی بڕیاری خۆمان دەپارێزینو نامانەوێت ملکەچو زەلیلی کەس بین.

**دەســتــووور:** ئێستا هەستدەکەن حسابتان بۆ نەکرێتو بچووک سەیربکرێن؟

**سالار عەزیز:** ئێمە وای دەبینین، کە دیدێک هەیە بۆ خۆسەپاندنو تەهمیشکردنی نـەک هـەر ئێمە، بەڵکو لاکانی تریش، هەن بەعەقڵیەتی براگەورەییو گەورە حیزبی بیردەکەنەوە، بۆیە مافی خۆمانە هـەر هەنگاوێک بنرێو هـەر پرۆژەیەک لای ئـەوانـەوە بێتە پێشێ، بـەچاوی گومانەوە تەماشای بکەین. پێویستە دەسـەڵات لەوە تێبگات کە بیرکردنەوە بەکەم تەماشاکردنی بزووتنەوەی گۆڕان وەکو بزووتنەوەیەکی گەورەی جەماوەری ئیشتباهێکی زۆر گەورەیە.

**دەستوور:** مەبەستت ئەوەیە لایەنی زۆریـنـەی لەئیئیتیلافەکە، یـان بڵێین دەسەڵات ڕێزی کەمینەی نەگرتووە؟

**سالار عەزیز:** لەوانەدا دەردەکەوێت کە دەسەڵات لەڕێگەی پەرلەمانو بەعەقڵیەتی زۆرینەو کەمینە دەیـەوێـت ئەو پرۆژانەی کـــە پاشەکشەی زۆری تـێـدایـەو



پێویستە دەسەڵات لەوە تێبگات بەکەم تەماشاکردنی بزووتنەوەی گۆڕان وەکو بزووتنەوەیەکی گەورەی جەماوەری ئیشتباهێکی زۆر گەورەیە

دیموکراسیەتو ئـــازادیو چاکسازیو گۆڕانو بەرەوپێشچوون بەزۆرینەی دەنگ بـەرەو پاشەوە دەهێنێو دەیانخاتە ناو چوارچێوەی یاساییەوە، ئەم دیدوبۆچوونو ڕەفتارانە هەنگاوی ترسناکن، کە ناکرێت هەروا بەئاسانی ملی بۆ بدرێت.

**دەستوور:** زۆرباشە ئێوە لەهەرێمدا داوای چاکسازی دەکـەن، ڕەخنەکانتان زۆربەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی هەرێمە، بەڵام بۆ کارتی بەغداتان بەکارهێنا؟ بۆ هەوڵی هەڵپەساردنتان نەدا لەپەرلەمانی کوردستان؟

**سالار عـەزیـز:** ئـەم دوو شتە لێک جیاوازن، مەرجی بەشداریکردنی ئێمە لەئیئتیلافەکەدا، جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی ئێمە بووە کە باس لەچاکسازی دەکـات، ئـەوان پشتگوێیان خستووەو کەچی لەپەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەی دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنیان هێنایە پێشێ، کـە ئەمە پرۆژەیەکی نیشتمانییە، ناکرێ هەولبدرێ بەپەلە یا بەزۆربەی دەنگ بسەپێنرێ. لەگەڵ هەموو گومانەکانی ئێمەو دیدو بۆچوونەکانی دەسەڵات کە باسمکردن، وات لێدەکات، کە هەڵوێستی جدی وەربگریتو بەبایەخەوە هەوڵی پەکخستنی بدەیت. بۆیە ئێمە بەمافی خۆمان زانی فشار بۆ ئەوان بهێنینو بەوریا بێینەوە. بۆیە داوامان لێکردن کە واز لەو پرۆژەیەش بهێنن، ئەگینا خۆمان لەئیئتیلافەکە دەکشێنینەوە. کە فائیدەی نەبوو وامانکرد.

**دەســتــوور:** هـەنـدێـک لەئەندامانی پەرلەمانی گۆڕان لەوەرەقە چاکسازییەکەدا بێئاگایی خۆیان دەربڕیبوو. لەحاڵەتی وادا بـزووتـنـەوەی گـۆڕان چـۆن بڕیار دەدات؟ سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە؟ یان دەگەڕێتەوە بۆ لای پەرلەمانتارانی؟

**سـالار عـەزیـز:** بەنیسبەت پـرۆژەی چاکسازییەکەوە، ئـەوە بـەلای ئێمەوە لەگەڵ بیروڕای بزووتنەوەکەو دروشمەکاندا شتێکی نوێ نییەو بەدیهیە، بۆیە پێویست بەوە ناکات ڕای خەڵکەکانی خۆتی بۆ وەربگری. بزووتنەوەی گۆڕان سەرکردایەتی هەیەو دەشتوانێت بڕیاربدات.

**دەســتــوور:** بـۆ وەرگـرتـنـی بـڕیـار لەدۆسییەیەکی ئاوا گرنگ لەبزووتنەوەی گۆڕاندا چۆن بڕیاردەدرێت؟

**سالار عەزیز:** ئـەوە دۆسیەی گرنگ نییە، ئـەوە شتێکی بەدیهیەو بەشێکە لەدروشمو بیروڕاکانی ئێمە.

**دەسـتـوور:** مەبەستم کشانەوەکەیە ئەوەش بەشتێکی بەدیهی دەزانن؟

**سـالار عـەزیـز:** کشانەوە فشارێکە. ئێمە ئـەوەمـان هەیە یـا ئـەم ڕێگەیە یا خۆپیشاندان، یا شێوازەکانی تری مـەدەنـیو دیـموکـراسـی، خـۆ ئێمە نە لەشکرمان هەیەو نە مەترەلۆز، بۆیە هەر ئەم شێوازانە دەگرینەبەر. پاشان ئەوەی ئێمە داوایـانـدەکـەیـن، هیچ پەیوەندی بە (کیان)ی بزووتنەوەکەوە نییە، بەڵکو ئەوە هەمووی لەپێناوی کۆمەڵانی خەڵکو باشکردنو چاککردنی هەموو بوارەکانی تری ژیانی ئەم میلەتەیە.

**دەسـتـوور:** بـەڵام پـەرلەمانتارانیش نوێنەری خەڵکن دەبێت ئاگاداربن؟

**سالار عەزیز:** گرنگ ئەوەیە ئەم بڕیارانە زۆربە دەیدات.

**دەستوور:** لەکشانەوەتان لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەمووتان یەک بۆچوونتان هەبوو؟

**سالار عەزیز:** ئەگەر بیروڕای جیاوازیش هەبووبێت، هەمووی بەپەرۆشەوە لەپێناوی سەرخستنی سیاسەتەکانی بزووتنەوەکەدا بیردەکەنەوە.

**دەستوور:** سەرەتا کەبەشداریتانکردن کـرد لـەئـیـئـتـیـلافـەکـە خـۆت لـەگـەڵ بەشداریکردندا بوویت؟

**سالار عەزیز:** من پێمباشبوو.

**دەستوور:** لەکشانەوەش؟

**سالار عەزیز:** بەڵێ، ئێستاش پێمباشە وەکـو کـورد بەشیوازێک لەشێوازەکان هاوکاری یەکتر بکەینو لەیەکەوە نزیک بین، ئێمە کەکشاوینەتەوە، خۆنابینە تەرەف دژی فراکسیۆنەکانی تر.

**دەستوور:** ئامانجی کۆبوونەوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی نێوان بزووتنەوەی گۆڕانو نێچیرڤان بارزانی گەیشتنە کوێ؟

**سالار عەزیز:** پاش کشانەوەی ئێمە، ئـەوان دەستپێشکەریانکرد بۆ گفتوگۆ، بۆ ئـەوەی ئەو خاڵانەی ئێمەی لەسەر کشاوینەتەوە، گفتوگۆی لەسەر بکەینو ئێمەش ئـامـادەیـی خـۆمـان نیشاندا. کۆبوونەوەکانیش زۆر ودیو ئیجابی بوونو هیوای ئەوەی لێدەکرا کە پێکهاتن لەنێواندا ببێت. ئێمە جەختمان لەسەر لابردنی پـرۆژەی کۆمسیۆنەکەو یا دواخستنی کردووەتەوە. هەروەها هەڵبژاردنی دەستەی ئەم کۆمسیۆنە بەئیجماع واتە هەقی ڤیتۆ لەسەر هەرکەسێک کە دەبێتە ئەندامی ئەو دەستەیەو هەروەها بڕیاردان بە٣/٢ لەناو ئەو دەستەیەدا. ئەمە جگە لەپرۆژەی چاکسازیو گەڕانەوەی نانبڕاوەکان.

**دەستوور:** ئەی لەدوای کۆبوونەوەکان گەیشتنە کوێ؟

**سـالار عـەزیـز:** لـەکـۆبـونـەوەکـانـدا وتـوویـژەکـانـی بەمەبەستی پێکهاتن جێگەی ئومێد بووە، بەڵام ئێستا ئەوان پاشەکشەیەکیان پێوە دیارە.

**دەستوور:** بەدەقیقی ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی دوایبخەن؟

**سالار عەزیز:** وەکو وتم پاشەکشەیەک دەبینرێت، جا ڕەنگە ئەوەش بگرێتەوە، بەهەرحاڵ ئێمە چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین.

**دەستوور:** بڕیاربوو لەم چەند ڕۆژەدا جارێکی تر کۆببنەوە؟

**سالار عەزیز:** نازانم کەی کۆبوونەوەکان دەبێت.

**دەستوور:** ئەگەر نەکرا کارتی تری فشارتان بەدەستەوەیە؟

**سـالار عـەزیـز:** کـارتـی ئێمە کارتی جەماوەرە، پێداگرییە لەسەر داخوازییەکانی خەڵک، ئەمەش وەک وتم شێوازی زۆرە.

**دەسـتـوور:** جەماوەر بەکارەدەهێنن وەکو کارتێکی فشار؟

**سالار عەزیز:** بەڵێ ئەوە مافی خەڵکە. ئەوان بەدوژمن نازانین، هەموو خەڵکی وڵاتێکین، زۆرشت پێکمان دەبەستێتەوە. لەبەرئەوە دەمانەوێت پێکەوە بینای ئەم وڵاتـە بکەینەوە، بـەڵام جیهانبینینمان جیاوازە، هەروەها ڕوانینمان بۆ سیستەمو دامەزراوەی وڵات جیاوازەو بێگومان هەم پێکەوە دەبینو هەم ململانێ دەکەین.

**دەسـتـــوور:** وەڵامـــی پـرسـیـارەکـەم بەڕوونی دەستنەکەوت، جەماوەر وەکو کارت بەکاردەهێنن ئەگەر هەر نەکرا؟

**سـالار عـەزیـز:** ئێمە هەموو ڕۆژێک لـەنـاو پـەرلـەمـانـدا لەململانێداین، لەڕاگەیاندنەکانەوە قسە دەکەین، بەڵێ پێویستیش بکات دێینە سەرجادە، ئێمە هێزێکی کەم نینو بەڵگەو قسەی زۆرمان هەیە تا قەناعەت بەخەڵک بکەین، بەڵام خۆشحاڵدەبین بتوانین پێکمانەوە ئەم وڵاتە دروستبکەینەوە.

# پەرلەمانتارێک: بەشێکی زۆری ئەوانەی دێنە هەرێمەوە موڵکو زەوی دەکڕن هاوشێوەی باندن

فەرمان ڕەشاد

پەرلەمانتارانو بەرپرسانی حکومی، نیگەرانیی خۆیان لەهاتنی هاووڵاتییەکی زۆری عـەرەب بـۆ هەولێرو سلێمانی دەردەبڕنو ڕایدەگەیەنن بەشێکی زۆری ئەوانە هاوشێوەی باندەکان موڵکو زەوی دەکڕن.

حەمە سەعید حەمە عەلی سەرۆکی لیژنەی نیشتەجێکردن لەپەرلەمانی کـوردسـتـان ئـەو حاڵەتە بەمەترسی دەزانـێـتو پێیوایە ئەرکی حکومەتی هەرێمە بەر بەو حاڵەتە بگرێت.

حەمە سەعید وتی "ئێستا بەشێک زۆری لەئەوانەی لەبەشەکانی ترەوە دێنە هەرێم، هاوشێوەی باندنو پارەیەکی زۆریان لەبەردەستە، پارچە زەوی خانوو و شوێنی بازرگانی دەکڕن، تا نرخەکە بەرزبێتەوەو بازرگانی بەخاکی ئێمەوە دەکەن".

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژە بەوەدەکات کەئەوانە خەڵکی ئاسایی نین تاحاڵەتەکە بەئاسایی وەربگرینو وەک هاووڵاتی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. وتی "درێژەکێشانی ئەو حاڵەتە، هەم لەڕووی ئەمنییەوەو هـەم لـەڕووی ئـابـووریو کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی خراپی لەسەر هەرێم دەبێت".

بەگوێری دەستوور، ناتوانرێت هیچ ڕێگرییەک لـەو هاووڵاتییانە بکرێت، کـەزەویو موڵک لـــەدەرەوەی شوێنو وڵاتی خۆیان وەردەگرن. بۆیە بەرپرسانی حکومی ئاماژە بەوە دەکەن کەناتوانن ڕێگری لەو حاڵەتانە بکەن.

نـــەوزاد هـــادی پـارێـزگـاری هەولێر لەلێدوانێکیدا بەدەستووری ڕاگەیاند "بـەگـوێـرەی دەسـتـوور هیچ ڕێگرییەک نییە کەئێمە نەهێڵین هاووڵاتبی عەرەب لەهەولێر پارچە زەویو خانوو و شوێنی بازرگانی بکڕن".

نـەوزاد هادی ئاماژەی بەوەشدا کە هەر هاووڵاتییەکی عەرەب کەدێتە هەولێر بەمەبەستی مانەوە ئێمە ئیجرائاتی ئەمنی تـــەواوی لەگەڵدا دەکـەیـن، تا دڵنیانەبین، مۆڵەتی مـانـەوەو کڕینی خانوو و زەوی پێنادەین.

بـــەڵام پـارێـزگـاری هـەولـێـر ئـەوە ڕەتدەکاتەوە کەڕێژەکە زۆر بێت وتی "ئەوەی باس لەوە دەکرێ ڕێژەکە زۆرەو بووەتە دیاردە، وا نییە، بەڵکو ڕێژەیەکی کەمەو بەهیچ شێوەیەک نەبووەتە دیاردە، ئێمەش لەڕووی ئەمنییەوە تائێستا هیچ کێشەیەکمان بۆ دروستنەبووە".

کـەریـم بـەحـری شـــارەزای بـواری دەستووری، دەڵێت بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراق هەموو هاووڵاتییەک دەتوانێت لەهەر شوێنێکی عێراق موڵکو ماڵ بکڕێتو بیکات بەناوی خۆیەوە.

ئـەو وتــی "چــۆن هـاووڵاتـیـیـەکـی دەرەوەی هەرێم دەتوانێت لەهەرێم موڵک بکڕێ، بەهەمان شێوەش هاووڵاتیی هەرێم مافی ئـەوەی هەیە لـەدەرەوەی هەرێم موڵک بکڕێت، تەنیا لەناوچە جێناکۆکەکانی تایبەت بەمادەی ١٤٠ نەبێت کە تاجێبەجێنەکرێت، هاووڵاتییانی ناوچەکانی تری عێراق بۆیان نییە موڵک لـەو ناوچانە بـکـڕنو بیکەن بەناوی خۆیانەوە".

ڕێبوار ڕەزا کە خاوەنی نووسینگەی کڕینو فرۆشتنی خانوو زەوییە لەهەولێر ئەو بۆچوونە بەڕاست دەزانێتو پێیوایە بەهۆی هاتنی ڕێژەیەکی زۆری عەرەب لـەنـاوچـەکـانـی نـاوەڕاســتو بـاشـوور کـاریـگـەری لـەسـەر بـازاڕی فرۆشتنی خانوو زەوی کردووە، ئەو دەڵێت "ئەو عەرەبانەی کەڕوو لەکوردستان دەکەن خـــاوەن ئابوورییەکی بەهێزن، بۆیە بەزۆری ڕوو لەکڕینی موڵک دەکەن".

کەریم بەحری ڕەتیدەکاتەوە ڕێگری لەو هاووڵاتیانە بکرێتو وتی "ئەگەر هەر ڕێگرییەک لەم بوارەوە بکرێت، ئەوە پێشێلکردنی دەستووری عێراقە، لەمەڕ ئەوەی بەبەڵگەی پاراستنی بارودۆخی ئەمنی هەرێم ناتوانرێت ڕێگە لەو حاڵەتە بگیرێت".

بەڵام پێشنیازدەکات حکومەتی هەرێم بەگوێرەی ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی نـاوەنـدی بەشێوەیەکی کاتی هاتنی هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێم ڕابگرێتو وتی "بـەڵام ناتوانرێت بۆ هەمیشە ڕێ لەهاتنیان بگیرێت".

حەمەسەعید حەمە جەختی لەوە کـردەوە پێویستە حکومەت نەهێڵێت نرخی زەوی وەک ئـەوەی ئێستا هەیە بەرزبێتەوەو بکەوێتە دەست بازرگانانی ناوخۆی هەرێمو ناوچەکانی تری عێراق.





# دیبلۆماسییەتی ئابووریی هەرێم لاوازە!

## چاودێرانو پسپۆڕان دەڵێن حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە پێگەی ئابووری بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی بەکاربهێنێت

مەریوان تۆفیق

چاودێران دەڵێن نەبوونی مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ کەرتی ئابووریدا، وایکردووە کەحکومەتی هەرێم سەرکەوتوو نەبێت لەبەگەڕخستنی پێگە ئابوورییەکەی بۆ بەهێزکردنی پێگە سیاسییەکەی.

چاودێران دەڵێن لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا مامەڵە بازرگانی و ئابوورییەکان رۆڵی گرنگ دەبینین لەپەیوەندیی نێوان وڵاتاندا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم بڵاویکردووەتەوە، تەنیا لەمساڵدا بەبەهای نزیکەی دووملیار دۆلار وەبەرهێنانی بیانی کراوە، هەربەپێی زانیارییەکانی ئەو دەستەیە، وەبەرهێنانی بیانی لەهەرێمدا گەیشتووەتە ٢٦٪، کە بەزیاتر لەسێ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دۆلار مەزەندەدەکرێت، لەوەش کۆمپانیا عەرەبییەکان لەپلەی یەکەمدادێن بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەهەرێمداو پاشان کۆمپانیا خۆرئاواییەکان.

چاودێرانو شارەزایانی بوارەکە دەڵێن حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە، سەرنجی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وڵاتانی خاوەن بڕیاری سیاسیی جیهان بۆ هەرێم رابکێشن، لەهێنانی کۆمپانیا تورکیو ئێرانییەکان زیاتر بەرژەوەندیی حیزبیو کەسێتییەکان رەچاوکراوە.

پەیوەندییە بازرگانییەکان بۆ بەرژەوەندیی حیزبو بەرپرسان بوون

کاردۆ محەمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت پلانەکە جێبەجێکراوە، بەڵام دەستکەوتی نەبووەو حکومەت سەرکەوتوو نەبووە لەوەی پێگەی ئابووری وەک کارتی فشار بەکاربهێنێت. وتی "ئەم پێگەیە نەبووەتە پێگەیەکی ستراتیژی، دەبینین کەمتر کۆمپانیا گەورەو بەناوبانگەکان دێن بۆ هەرێم".

کاردۆ محەمەد باس لەوەدەکات ئەو کۆمپانیانەی لەکوردستاندا کاری وەبەرهێنان دەکەن، زیاتر پەیوەندیان بەحیزبەوە هەیەو حیزبەکان پشکیان هەیە تیایدا، وتی "کە دەیانهێنن زیاتر لەبەرژەوەندیی خۆیانەوە نزیکنو بەشداریان پێدەکەن، ئەوەش گرنگیی زۆر لەوە کەمترە کە کۆمپانیایەکی وەبەرهێنانی گەورەی ئەورووپی بهێنرێت لەکوردستان کاری وەبەرهێنان بکات".

بەبۆچوونی زمکان عەلی مامۆستای مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەکۆلێژی یاساو رامیاریی زانکۆی سلێمانی، ئەگەر حکومەتو حیزبو کەسانی ناو دەسەڵاتی هەرێم، دەستبخەنە ناو ئابووریی وڵاتەوە، ئەوا سەرمایەدارانی جیهان لەناو هەرێمدا راودەنێنو هەرێم پەیوەندیی بەئابووری نێودەوڵەتییەوە نامێنێتو دوادەکەوێتو رێژەی بێکاری لەوڵاتدا زیاددەبێتو لەڕووی سیاسیو ئابوورییەوە لاوازدەبێت.

سەروەر محەمەد مامۆستای کارگێڕیی گشتی لەزانکۆی سلێمانی دەڵێت ئەو کۆمپانیانەی دێنە هەرێمی کوردستانەوەو کاری وەبەرهێنان دەکەن، زۆریان پەیوەندیان بەحیزبەکانەوە هەیەو پەیوەندیان بەحکومەتی هەرێمەوە نییە.

سەروەر محەمەد نمونە بەوەدەهێنێتەوە زۆرجار پرسیاری کردووە لەو کەسانەی لەوڵاتانی بیانین سەبارەت بەوەی ئەو کۆمپانیانەی لەهەرێمی کوردستان کاردەکەن، ئایا کورد دەناسن وەک حکومەت، وەڵامیان بەنەخێر بووەو ئاماژەیان بەوەکردووە کەئەوان وەک تاکەکەس مامەڵەدەکەن، نەک لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم.

کۆمپانیا بیانییەکان لەهەرێم کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی وڵاتەکانیان نەبووە

کاردۆ محەمەد بەپێویستی دەزانێت ژمارەی کۆمپانیا ئەوروپییەکان زیادبکرێت لەهەرێم، وتی "تەنانەت ئەوانەشی لەبواری نەوتدا کاردەکەن ئیشکالیەتیان لەسەرە".

سەبارەت بەنەخستەکاری بواری ئابووری بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی هەرێم، مامۆستا سەروەر وتی "کێشەی گەورەمان هەیە، دەبینین کاتێک سەرۆکی هەرێم دەچێتە تورکیا وەک سەرۆکی بنەماڵەیەک پێشوازی لێدەکەن، نەک وەکو سەرۆکی هەرێم، ئێران".

مامۆستا سەرەوە ئاماژە بەوە دەدات کێشەیەکی تری بوارەکە ئەوەیە، کە ئەو کۆمپانیانە لەسەر ئاستی وڵاتەکەی خۆیانو نێودەوڵەتی سەنگێکی بەهێزیان نییەو ستانداردی نێودەوڵەتیان تێدا نییە. بۆیە ناتوانن کاریگەریی لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەیان بکەن.

**پێویستە کۆمپانیای سەنگین بهێنرێتە کوردستان**

کاردۆ وتی "ئەگەربمانەوێت ئەزموونەکەمان بەهێزبکەین، دەبێت بەرژەوەندیی هاوبەش بدۆزینەوە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاو وڵاتە زلهێزەکانو پەیوەندیان لەگەڵ درووستبکەین".



متمانە بەکۆمپانیا بیانییەکان ناکرێت

زمکان عەلی دەڵێت ئەگەر کۆمپانیایەکی بواری نەوت کاری وەبەرهێنان بکات لەهەرێمی کوردستان، کاریگەری دەبێت لەسەر تێڕوانینی حکومەتەکەی، بۆئەوەی بەرگری لەهەرێمی کوردستان بکات، کاتێک توشی گرفتێک دەبێت لەگەڵ تورکیا یان ئێران یان هەر وڵاتێکی تر، لەبەرئەوەی بەرژەوەندیان لەهەرێمدا هەیە.

وتی "ئەگەر ژمارەیەک کۆمپانیای ئەڵمانیو فەڕەنسی، بهێنیت لەهەرێمی کوردستان، بەرژەوەندیی تەواو دروستبکەن، ئەوکات لەناحیەی سیاسییەوە فشار لەحکومەتەکانی خۆیاندەکەن کە لۆبی دروستبکەن، تا بەرگری لەحکومەتی هەرێم بکات".

زمکان عەلی دەڵێت سەرەڕای وڵاتە ئەوروپییەکان حکومەتی هەرێم دەتوانێت پەیوەندییەکی ئاشتیانەی بەهێز دروستبکات لەگەڵ ئێرانو تورکیاو سوریاو تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان، کە کورد گرفتی گەورەی لەگەڵیاندا هەیە.

زمکان دەڵێت بۆ رەوینەوەی ئەو ترسەی کە گەشەکردنی هەرێمی کوردستان دەبێتەهۆی ئەوەی هاوکاری کوردەکانی پارچەکانی تر بکات، دەبێت حکومەتی هەرێم هانی سەرمایەدارانو کۆمپانیا سەنگینەکانی تورکیاو ئێرانو وڵاتانی عەرەبی بدات، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو قازانجە ئابووریانەوە کە کۆمپانیاکانیان دەیکەن، ئەو وڵاتانە ناچاربن پەیوەندی پتەوی سیاسیو دبلۆماسی لەگەڵ هەرێمدا ببەستن.

وتی "ئەوکاتەش قازانجی دوولایەنە دروستدەبێتو ئەوەش وادەکات بەکارهێنانی هێز نەمێنێت".

**لەڕێگەی سیستمێکی گەندەڵەوە هاتوون**

محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان دەڵێت کۆمپانیاکان ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێت وەک چیمەنتۆکان، ئەگینا کۆمپانیاکانی تر بارن بەسەر ئابووریو داهاتی کوردستانەوە، ئاماژە بەوە دەدات کەمیشیان بۆ وەبەرهێنان هاتوون، بەڵکو زۆربەیان لەبەڵێندەرایەتیدا کاردەکەن. وتی "لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی لەکوردستانن، لەڕێگەی سیستمێکی گەندەڵەوە هاتوون، بۆیە هەم لاوازن هەم بۆ گەندەڵیی کوردستان هاتوون".

سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان دەڵێت کۆمپانیاکانی ئەو دوو وڵاتە نەهاتوون بۆ وەبەرهێنان، بەڵکو بۆ بەڵێندەرایەتی هاتوون، کە دوو بواری ئابووریی زۆر لەیەک جیاوازن. وتی "لەم روانگەیەوە بەقووڵی سیستمی حیزبی کوردستان لەگەڵیان چووەتە گەندەڵیی داراییو کاگێڕیو یاساییەوە، دڵنیان لەوەی کەهەرگیز ئەوە روونادات کەسیستمی کوردی لەسەر بابەتی نەتەوەیی هەڵوێستی هەبێت".



# عەلاوی: تا مانگی یەکی ساڵی داهاتوو حکومەت پێکنایەت

وەرگێڕانی: هاوکار عەبدوڵا

ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقیە لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی زە تایمز دەڵێت ئێران دەستوەردەداتە کاروباری سیاسیی عێراقو لەجێگەی عێراقییەکان بڕیاردەدات.

عەلاوی ئاماژە بەوە دەدات تا بارودۆخی سیاسی لەعێراق سەقامگیرنەبێت، رەوشی ئاسایش بەرەو باشی ناچێت.

**زە تایمز:** بارودۆخی ئاسایش چۆن دەبینی دوای ئەم دوو هێرشە تیرۆریستییەی دوایی؟

**عەلاوی:** ئەمە جێگەی نیگەرانیو دڵتەنگییە، من هەردەم ئاماژەم بەوەداوە کە بارودۆخی ئاسایش ئەو کاتە باشدەبێت، کاتێک بارودۆخی سیاسی بەهێزبێت، ئەگەرنا رەوشی ئاسایش لاوازدەبێتو هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەری نابێت. هەر بۆیە ئێستا بووینەتە شایەتحاڵی مردنی عێراقییەکانو بڵاوبوونەوەی توندتیژی. ئەوەی ئێستا دەیبینینو دەیزانین، تەنیا لوتکەی چیاکەیە، تائێستا چیاکەمان بەتەواوی نەدیوە، ئێستا توندوتیژیو تەقینەوەکان چنگیان بەهەموو لایەکەوە گیرکردووە، پێموایە ئەمە توندترو بەهێزتریش دەبێت.

**زە تایمز:** پێتوایە ئەو هێرشانە پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی بێنە سەر مێزی کۆبونەوەکانو حکومەت پێکبێنن؟

**عەلاوی:** ئەمە پەیوەست نییە بەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەتەوە، بەڵکو پەیوەستە بەمەسەلەی کەشی سیاسیی عێراقەوە. ئەمە داینامیکی گشت شتەکانە. گریمان ئەوە حکومەت پێکهات، بەڵام بێ نەخشە رێگەیەکی چاک یان بێ بایەخدان بەکێشە سەرەکییەکان، ئەوا توندوتیژی هەر بەردەوامدەبێت. ئێمە کێشەمان هەیە، تاکو دژ بەو کێشانە نەوەستینەوە، ئەوا ئاسایشێکی تەواو لەبارمان نابێت.

**زە تایمز:** هیچ رێگەیەک دەبینی بتکات بەسەرۆک وەزیران؟

**عەلاوی:** بۆ ئەمە پێویستە پرسیار لەئێرانییەکان بکەیت، ئاخۆ ئەوان رازین ببم بەسەرۆک وەزیران یان نا. تائێستا ئەوان رازی نین. تاران هێڵی سووری خستووەتە سەر عەلاوی. چەند ساڵێکە منیان بلۆککردووە. ئێستاش هەر بەردەوامن لەدوورخستنەوەی من.

**زە تایمز:** ئەو حەماسە چییە وایکردووە مالیکی رازی نەبێت چەمکەکانی تۆ بکەوێتە کار وەک رێگایەک بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەحکومەتدا؟

**عەلاوی:** ئەوان بڕوایان بەوە نییە دەسەڵات هاوبەش بێت، یان شتێک هەبێت بەناوی بەدیلی دەسەڵات. ئەگەر نەتەوێت دەسەڵات لەگەڵ لایەنەکانی تر دابەشبکەیت، کەوایە ئەمە چ مانایەک دەگەیەنێت؟ پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کوا ئەو دیموکراسیەی ماوەی سی ساڵ لەدژی رژێمی رابردوو خەباتمان بۆ کرد؟ من خۆم ماوەی سی ساڵ دژی ئەو حکومەتەی رابردوو جەنگام بۆ هێنانی یاساو دیموکراسی. ئێستاش وەک دەبینن حکومەتمان زۆر بایەخ بەیاساو دیموکراسی دەدات (بەپێکەنینەوە).

**زە تایمز:** بڕواتوایە هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجامبدرێتەوە؟

**عەلاوی:** پێموایە هەموو شتێک دەبێ لەچاو بگیرێت، تەنانەت هەڵبژاردنێکی نوێو بێ کەموکوڕی. چونکە پێشبینیدەکەم تا مانگی یەکی ساڵی داهاتووش نەتوانین حکومەت پێکبهێنین.

**سەرچاوە: زە تایمزی بەریتانی**

# مۆبایل ڕەوشی خوێندنگەکانی تێکداوە

## لەناو پۆلەکاندا خوێندکاران بەبلوتوز وێنەو گۆرانیو گرتەڤیدیۆییەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن



بەشێک لەخوێندکاران بەمۆبایلەکانیان وێنەی مامۆستاکانیان دەگرن

ڕامان عومەر

مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتیو ئامادەییەکان گیریانخواردووە بەدەست دەنگی گۆرانیو گرتە ڤیدیۆییەکانی نێو مۆبایلی خوێندکاران، چونکە لەپۆلەکاندا بەبلوتوز گرتە ڤیدیۆییەکان بۆ یەکتر دەنێرن.

ئەگەرچی بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بردنی مۆبایلو ئامێرەکانی تری پەیوەندیکردن بۆ قوتابخانە لەلایەن خوێندکارانەوە قەدەغەیە، بەڵام زۆرێک لەخوێندکاران بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێنماییانە مۆبایل لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە پۆلەکانەوەو بەشێوەی نایاسایی بەکاریدەهێنن.

شڤان نوری، خوێندکاری پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، ئاماژە بەوە دەکات کەزۆرینەی خوێندکارە هاوپۆلەکانی کەدەچنە قوتابخانە مۆبایل لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

شڤان وتی "لەکاتی وانە خوێندندا ئەوانەی لەدواوە دادەنیشن بەکاریدەهێنن، لەڕێی بلوتوزەوە شت بۆ یەکتر دەنێرن".

بەرزان ساڵح، خوێندکاری دەیەمی بنەڕەتی، وتی "ئەوانەی کەدەیهێنن پەیوەندی بەوەوەیە خووییان پێوە گرتووەو دەیەوێت کاتەکانی خۆی ڕۆژانە بەرێتە سەر، یان دەیەوێت لەگەڵ کچدا قسەی پێبکات".

ئاماژەشی بەوەدا کەوا هێنانی مۆبایل وادەکات خوێندکار ئاگای لەوانەکە نەمێنێتو باسی لەوە کرد بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلەوە، ساڵی پار نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت لەو قۆناغەی خوێندنداو بەو هۆیەوە ماوەتەوە.

ئەو خوێندکارە باسی لەچۆنیەتی بەکارهێنانی مۆبایل کرد لەپۆلەکانداو وتی "نامەی پێدەنێرن یان تەلەفونیان بۆ دێتو مامۆستای پێ بێزاردەکەن، بەزۆریش بۆ لایەنی خورافیات بەکاریدەهێنن، لەڕێی بلوتوزیشەوە وێنەو گۆرانیو ڤیدیۆ ئاڵوگۆڕدەکەن".

مانگانە مامۆستایانی خوێندنگەکان هەڵمەتی دەستبەسەراگرتنی مۆبایلو ئامێری پەیوەندییەکانی ترو فلاشو میمۆری ئەنجامدەدەن، بەڵام نەیتوانیوە بنبڕی ئەو دیاردەیە بکات.

حەسەن حسێن بەڕێوەبەری ئامادەیی هەڵمەتی تێکەڵاو ئاماژەی بەوەدا کەوا ئامێرەکانی پەیوەندیکردن کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردووەتەسەر ئاستی زانستیی قوتابیو خوێندکار.

مامۆستا حەسەن وتی "بەتایبەت لەئامادەییەکاندا، لەبەرئەوەی خوێندکار سەرقاڵدەبێت بەو ئامێرانەوە، لەگەڵ خۆی کاتێکی زۆری خۆی بەفیرۆدەدات، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی ئاستی زانستیان لاوازە".

زۆرجار هێنانی مۆبایل کێشەوگرفت لەنێوان خوێندکارانو مامۆستایان دروستدەکات، بەڵام تائێستا ئەو دیاردەیە بنبڕنەکراوە.

مامۆستا حەسەن دەڵێت "من لەسەر ئەو ئامێرانە زۆر توندوتیژم، هەتا جارێک دووجار بەقسەی خۆش ئاگاداریاندەکەمەوە کەنەیهێنن، بەڵام ئەگەر نەگەیشتە ئەنجام ئەوا ئیجرائاتی تر دەگرمەبەر".

ئەحمەد مەحمود بەڕێوەبەری ئامادەیی پیرەمێردی کوڕان پێیوایە نابێت خوێندکار لەو تەکنەلۆژیایە بێبەشبکرێت، بەڵام دەڵێت پێویستە هەلومەرجی خوێندنگەکان چاکسازی تێدابکرێت.

نزار عومەر خوێندکاری دەیەمی بنەڕەتی ئاماژەی بەوەدا کەوا زۆبەی خوێندکارەکان مۆبایل دەهێننو وتی "هەندێکیان بەکەمی بۆ کاری خراپ بەکاریدەهێنێت، بۆ وێنەگرتن یان گرتە ڤیدیۆییەکانی پێلێدەدەن، خوێندکاریش هەیە وێنەی مامۆستای پێدەگرێت، بەڵام زۆر بەکەمی".

بەڕێوەبەری ئامادەیی پیرەمێردی کوڕان لەبارەی چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیەوە وتی "پێویستە ڕووبەری بینای خوێندنگاکان زیاتر فراوان بکەین، تا شوێنی لۆکەرو دۆڵاب بۆ خوێندکارەکان دابینبکرێت، پێداویستییەکانی خۆی تێدا دابنێت، ئەمە وادەکات زۆر لەدیوە دزێوو خراپەکانی نەک مۆبایل، بەڵکو زۆربەی کێشەکانی تریش چارەسەر بێت".

شیلان عومەر توێژەری کۆمەڵایەتی، دەڵێت بەکارهێنانی مۆبایل لەخوێندنگەکان سلبیاتی زۆرترە، وتی "بەحکومی دابونەریتو ئەو چەپاندنەی هەیە، هەروەها کۆنترۆڵو پلانێک نییە لەناو خێزانەکاندا، بۆیە لایەن سلبیەکەی زۆرترە".

ئەو توێژەرە ئەوەشی خستەڕوو، مۆبایل ڕەوشی خوێندنی تێکداوەو وتی "مەسج دەنێردرێتو بلوتوز دەکرێتەوە، کەوا دەکات مامۆستا توندوتیژی بەکاربهێنێت، ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوشی خوێندنو بێ ئاگابوونی خوێندکارەکان لەوانەکان".

ئەو توێژەرە پێیوایە تاکە چارەسەر دەبێت هەوڵبدرێت هۆشیاری بڵاوبکرێتەوە، لەڕێی پەروەردەو پاشان ڕاگەیاندن، ئاشنابکرێن بەوەی ئەو ئامێرانە چۆن بەکاربێت.

داواشیکرد مامۆستایان دووربکەونەوە لەڕێگەی قەدەغەکردنی ڕاستەوخۆ، وتی "چونکە ئەگەری ئەوە هەیە مامۆستا بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ خوێندکاردا بکات، کە لەچوارچێوەی ڕێزدا بچێتە دەرەوە".

# لەپۆلی دووەمو سێیەمی بنەڕەتی کەوتن هەیە

## بەپێی دوایین گۆڕانکارییەکانی سیستمی نوێی خوێندن، پرسیارەکانی پۆلی (٧، ٨، ٩) لەلایەن وەزارەتەوە دادەنرێت

فەرمان چۆمانی

بەڕێوەبەری سەرپەرشتیارانی بنەڕەتی لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، دوایین گۆڕانکارییەکانی سیستمی خوێندن لەخوێندنگە بنەڕەتیو ئامادەییەکان بۆ دەستوور ئاشکرا دەکات.

مامۆستا ئەنوەر عەبدولڕەحمان فەتاح لەبارەی گۆڕانکارییەکان لەسیستمی نوێی خوێندن بەدەستووری وت "ئەو گۆڕانکارییانەی لەتاقیکردنەوە کراوە بۆ هەردوو قۆناغەکە، سیفەتێکی سەردەمیانە دەبەخشێت بەپرۆسەی خوێندنو بەرژەوەندیی خوێندکارانیشی ڕەچاوکردووە"، هەروەها دەڵێت قۆناغی بنەڕەتی کراوە بەسێ بازنەوە.

### بازنەی یەکەم: پۆلەکانی (١، ٢، ٣) دەگرێتەوە

مامۆستا ئەنوەر عەبدولڕەحمان ئاماژەی بەوەدا کە لەبازنەی یەکەمدا ئەنجامی دەرچوونو دەرنەچوونی قوتابی لەتاقیکردنەوەدا، جیاوازییەکی هەیە لەوەی پێشوو، وتی "بەهیچ شێوەیەک قوتابی نابێت لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتی بکەوێتو بمێنێتەوە کە لاوازیش بێت، دەبێت لەپۆلی دووەم بخوێنێتو ڕێگە بەدایکو باوکی قوتابیش نادرێت کەبیانەوێت منداڵەکەیان بەهۆی لاوازی لەپۆلی یەکەم بمێنێتەوە، بەڵام لە سەر مامۆستا پێویستە بیگەیێنێتە ئاستی فێربوون".

هەروەها دەڵێت لەپۆلی دووەمو سێیەم کەوتن نەبوو، وتی "ئێستا کەوتن هەیە، بەمەرجێک کەقوتابییەکە لەوانەکانی کوردیو بیرکاری بکەوێت بەیەکەوە، خۆ ئەگەر بەتەنیا لەیەکێک لەو دوو وانەیە بکەوێت ڕاسیب نابێتو بەعبور دەڕوات".

### بازنەی دووەم: پۆلەکانی (٤، ٥، ٦) دەگرێتەوە

بەڕێوەبەری سەرپەرشتیارانی بنەڕەتی لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی ئاماژەی بەوەدا کەلەم بازنەیەدا جیاوازی بەبەراورد بەجاران ئەوەیە کەتاقیکردنەوەی نیشتیمانی دانراوە بۆ چوار وانەی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کەوەزارەتی پەروەردە دیاریدەکات.

ئەو وتی "بەشێوەی بەکالۆری جارانە، لەسەر ٥٠ نمرە دەبێتو ٥٠ نمرەکەیتریش لەسەر هەردوو وەرزەکە دەبێت، پرسیارەکان لەوەزارەت دادەنرێت، ئەگەر بێتو قوتابی لەوانەیەکی جیا لەو چوار وانەیە کەوتبێت دەبێت لەخولی دووەم بیکاتەوە، ئەگەر لەخولی دووەم لەدوو وانە یان زیاتر کەوت، یاخود بەشداری نەکرد لەتاقیکردنەوە هەر دەرنەچووە".

### بازنەی سێیەم: پۆلەکانی (٧، ٨، ٩) دەگرێتەوە

بەپێی دوایین گۆڕانکاری سیستمی خوێندنەکە، لەپۆلی نۆ تاقیکردنەوەی نیشتیمانی هەموو وانەکان دەکرێت، جگە لەوانە کردارییەکانی وەکو وەرزشو هونەرو وێنەو کۆمپیوتەر نەبێت.

ئەو وتی "بەمواسەفاتی تاقیکردنەوەی بەکالۆری دەبێتو دەبێت هۆڵو چاودێریانو بەڕێوەبەری هۆڵ دابنرێت، پرسیارەکانیش لەوەزارەت دادەنرێت، وەڵامی قوتابییەکانیش بۆ هەردوو پۆلی شەشو نۆی بنەڕەتی لەلایەن مامۆستا تەسریح ناکرێت، بەڵکو بەئامێری تایبەت تەسریح دەکرێت لەناو دیوانی پەروەردەو وەزارەت هەیە".

### تاقیکردنەوەی بەکالۆری خولی دووەمی نامێنێت

دەربارەی قۆناغی ئامادەیی کەپۆلەکانی دەو یانزەو دوانزە دەگرێتەوە، ئەو سەرپەرشتیارە وتی "هەموو ساڵێک ئەو پۆلانە کەتاقیکردنەوەکەیان دوو وەرزە، ئەو وەرزانە دەبنە وەرزی سەربەخۆ، تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشەم، بەشێوەیەکی ترە کەیەک خولەو خولی دووەمی نییە".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەلەمەودا وانەکانی وەرزشو وێنەو سرود کاریگەریان دەبێت بۆ وەرگرتنی خوێندکار لەزانکۆو پەیمانگاکان.

# ئەوانەی زانکۆ یەکەم هەنگاو فێری جگەرەی کردن

ئاراز محەمەد لەسلێمانی

زۆرێک لەو خوێندکارانەی لەدەرەوەی پارێزگاکانەوە دەچنە زانکۆ ئاماژە بەوەدەدەن کەزانکۆ فێری جگەرەکێشانی کردوون، "تەنیاییو بێتاقەتیو دووری لەخێزانەکانیان" دەکەنە بیانووی جگەرەکێشان.

زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی لەزانکۆ جگەرەدەکێشن ئاماژە بەوەدەکەن، کەپێشئەوەی لەزانکۆکان وەربگیرێن، جگەرەیان نەکێشاوە، بەڵکو لەگەڵ هاتنیان بۆ زانکۆ فێری جگەرەکێشان بوون.

شارەزایانی دەروونی پێیانوایە یەکێک لەهۆکارەکانی جگەرەکێشانی خوێندکار لەگەڵ گەیشتنیان بۆ زانکۆ خۆ بەکەمزانینی ئەو خوێندکارەیە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی تردا.

ئاسۆ خەلیل دەرچووی کۆلێژی دەروونناسی وتی "لەڕێگەی جگەرەکێشانیانەوە ئەو خوێندکارانە دەیانەوێت وانیشانی بدەن، کەهیچیان لەوانیتر کەمتر نییە". ئەو پێیوایە ئەوە یەکێکە لەهۆکارەکان.

هاوڕێ مەجید تەمەن ٢٤ ساڵ لەبەشی جوگرافیا لەزانکۆی سلێمانی، دوای ئەوەی دووساڵ لەمەوبەر لەزانکۆ وەردەگیرێت، خۆی فێری جگەرەکێشان دەکات.

کاتێک پەیامنێری دەستوور هۆکاری فێربوونی جگەرەکێشانی لێپرسی، هاوڕێ لەکورتترین وەڵامدا وتی "جگەرەکێشان فشەو پۆز لێدانە". هەروەها وتی "هەندێک جار بێتاقەتی ناچارت دەکات، پەنا ببەیتە بەر جگەرەکێشان".

هاوڕێ بەنیاز نییە بەئاسانی دەستبەرداری جگەرە ببێت، وتیشی "دڵنیام ماڵەوەمان بەم کارەم دڵگران دەبن".

بەهۆی جگەرەکێشانیەوە، هاوڕێ هەندێکجار ڕووبەڕووی تانە بووەتەوە لەلایەن هاوڕێیەکانییەوە، وتی "هاوڕێکانم بەشتێکی ناشرینی دەزاننو ئامۆژگاریم دەکەن، کە نەیکێشم".

هەرچەندە تائێستا توێژینەوەو ڕاپرسی لەسەر هۆکارەکانی فێربوونی خوێندکارانی زانکۆ بەجگەرەکێشان لەگەڵ گەیشتنیان بۆ زانکۆ ئەنجامنەدراوە، بەڵام بەپێی وتەی خوێندکاران هۆکاری جگەرەکێشان دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی زانکۆو دابڕان لەو هاوڕێیانەی کەساڵانێک لەئامادەیی پێکەوەبوون. لەگەڵ دووركەوتنەوەی ئەوانەی لەدەرەوەی شارەوە هاتوون لەخێزانەکانیان.


هەژیر خوێندکاری قوناغی دووەمی ڕاگەیاندن دەڵێت پاش هاتنە زانکۆو دوورکەوتنەوە لەماڵ، ووردە ووردە فێری جگەرەکێشان بووم، وتی "چونکە ئازادییەکی زیاترم هەبوو".

ئەو خوێندکارە پێیوایە هۆکارێکی تر تێکەڵاوبوونە لەگەڵ کچان لەژینگەی زانکۆدا کەپێشتر زۆرینەیان لەئامادەییەکان ڕووبەڕووی ژینگەی لەو جۆرە نەبوونەتەوە.

هەژیر وتی "عەشقو سۆزو عاتیفە بەهۆکارێکی تری جگەرەکێشان دەزانم".

هەژیر ترسی ئەوەشی هەیە هاوگروپەکانی بەچاوێکی ترەوە لێی بڕوانن، بۆیە بەدزییەوە جگەرەدەکێشێت، وتی "هاوگروپەکانم بەچاوێکی سووکەوە لەجگەرەکێش دەڕوانن، بەتایبەت کچان".

ئامانج ئەحمەد یەکێکی ترە لەو هەزاران خوێندکارەی لەزانکۆ خووی داوەتە جگەرەکێشان، ئەو دووری چاوی خێزانەکەی فێری جگەرەی کردووەو بەنیازیش نییە تا لەزانکۆبێت دەستبەرداری بێت، وتی "هەستم بەزیانەکانی کردووە، بەڵام چێژ لەزیانەکانی زیاترە".



"زانکۆ فێری جگەرەی کردم"

ئاسۆ خەلیل دەرچووی کۆلێژی دەروونناسیو توێژەری دەروونی پێیوایە بەهۆی ئەوەی کاتێک خوێندکار دەگاتە زانکۆ بەدوای شتی تازەدا دەگەڕێتو فکرو بیری فراوان دەبێت، بۆیە یەکێک لەڕێگاکان، کەدەیگریتەبەر لاسایکردنەوەیە لەسەر هەڵسوکەوتی ئەوانی تر.

ئەو وتی "لەونێوەندەدا جگەرەکێشان وەک تەقلیدێک وەردەگرێت".

بەلای ئاسۆ زیاتر هۆکارەکەی پەیوەندی بەخۆ بەکەمزانینی ئەو خوێندکارانەوە هەیە، کەدەگەنە زانکۆ لەچاو ئەوانی تردا.

ئامۆژگاری خوێندکارانیش دەکات، بەوەی، ئەوەی خوێندکاران بۆ ئارامکردنەوە خووی پێوەدەگرن، لەڕاستیدا ئەوە ئارامی نییە، بەڵکو بێ ئاگاییە.

www.arsivakurd.org

# کچان هاوسەرگیری سەرکەوتوو هەڵدەسەنگێنن

## زۆرینەی کچان گەیشتن بەخۆشەویستەکانیان بەمەرجی هاوسەرگیری سەرکەوتوو دەزانن

ژینۆ عەلی لەسلێمانی

کچان پێیانوایە ئەگەر نەتوانن هاوسەرگیری سەرکەوتوو بەدیبهێنن، ئەوا ناتوانن هیچکام لەخەونەکانیان بەدیبهێنن، چونکە زۆرینەیان بۆچوونیانوایە تەنها هاوسەرگیری سەرکەوتوو دەتوانێت خەونەکانیان بەدەستبهێنێت.

**هاوسەرگیری سەرکەوتوو هەڵدەسەنگێنن**

یەکەم هەنگاوی سەرکەوتووی هاوسەرگیری (هاوسەرگیری سەرکەتوو) لای کچان، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کەکچەکە بەخواستی خۆی دەزگیرانەکەی هەڵبژێرێت، ئەوان ئەوە بەهۆکاری یەکەمی هاوسەرگیری سەرکەوتوو دەزانن.

خانە خالید خوێندکاری پەیمانگا ئێستا هەست بەبوونی هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو ناکات، ئەگەرچی دەزگیراندارێشە.

خانە وتی "بەهۆی رازینەبوونی بنەماڵەکەم بۆ ئەو کوڕەی کەویستم بەشێک بێت لەژیانم ناچار کەسێکی ترم هەڵبژارد، ئەوەش بەبۆچوونی من نیشانەی سەرنەکەوتنی هاوسەرگیرییە".

دڵنیا عەبدول کچێکی تری پەیمانگایە دەڵێت ئەوان وەکو کچ خەونی هەرە گەورەیان بۆ رەگەزی بەرامبەریانە، وتی "هەڵبژاردنی رەگەزی بەرامبەریشیان مەرجی سەرکەوتنی هاوسەرگیرییە".

کچان وایدەبینن مەرجێکی تری هاوسەرگیری سەرکەوتوو لەپاڵ دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی کەخۆیان هەڵیان بژاردووە، بەدیهێنانی هەندێک خەونیترە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە.

دڵنیا وتی "هەندێک جار کەبەدیهاتنی خەون روونەدات، هاوسەرگیری سەرکەوتوو دروستنابێت".

**کچان شاسواری خەونیان دەوێت**

کچان پێیانوایە بەهۆی سروشتی مێینەوە بەتایبەت لەوڵاتە رۆژهەڵاتییەکاندا، تەنها پشت بەپیاو دەبەستن بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان، بۆیە دەڵێن پێویستە شاسواری خەونەکان بدۆزینەوە.

خانە ئەو کچەی پەیمانگا دەڵێت ئەوەی لەخەونەکانم لەگەڵیدابووم‌و دەیتوانی خەونەکانم بهێنێتەدی، ئێستا لێی دوورکەوتوومەتەوە، چونکە رێگری هەبوو، شووی پێبکەم.

هەروەها وتی "ئێستا دەزگیراندارم، بەڵام دوور لەخەونەکانم‌و ئەو خەونەی بۆ هاوسەرگیری هەمبوو، نەفرەتیان لێکردووە".

بۆیە خانە ئێستا هەست بەبوونی هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو ناکات، چونکە "بەشاسواری خەونەکانی نەگەیشتووە".

**متمانەو راستگۆیی، هاوسەرگیری سەرکەوتووە؟**

هەندێک لەکچان دەڵێن تەنها مەرجی هاوسەرگیری سەرکەوتوو گەیشتن نییە بەخۆشەویستەکەت، بەڵکو پێیانوایە راستگۆیی‌و متمانە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا مەرجی هاوسەرگیری سەرکەوتووە.

رۆژان عومەر کچە خوێندکارێکی ترە، دەڵێت هاوسەرگیری سەرکەوتوو لەخۆگونجاندن، یان خۆڕاهێنان لەو ژیانە نوێیەی کەدروستدەبێت، دوای پرۆسەی هاوسەرگیری بەدەستدەهێنرێت.

هەروەها وتی "رێزگرتن‌و متمانە بەخۆبوون‌و راستگۆیی هەوێنی هاوسەرگیری سەرکەوتووە".

رۆژان بەپێچەوانەی کچانی ترەوە لەگەڵ بوونی بەدیهێنانی خەونی گەیشتن بەکەسی بەرامبەردا نییە بۆ هاوسەرگیری سەرکەوتوو، ئەو دەڵێت "سەرکەوتوویی مرۆڤ لەوەدا دەبینمەوە بتوانێت لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا خۆی بگونجێنێت".

هەڵشۆ ئەحمەد کچێکی ترە هێشتا نەچووەتە بواری هاوسەرگیرییەوە، ترسی هەیە لەوەی نەتوانێت لەئاییندەدا هاوسەرگیری سەرکەوتوو بەدەستبهێنێت، چونکە ئەو پێیوایە بەنەهاتنەدی خەونەکانی لەدەستنیشانکردنی کەسی بەرامبەر بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، ناتوانێت ژیانیش هەڵبژێرێت.

هێدی عەلی توێژەری دەروونی وتی "زۆرینەی کچانی ئێمە لەناخەوە لاوازن، بۆیە پێیانوایە ئەگەر نەگەن بەخۆشەویستەکانیان، ئەوا لەهاوسەرگیریدا سەرکەوتوونابن".

هێدی وتی "ئەوانە دواجار زۆرینەیان هەر کەسێک بکەنە هاوسەری خۆیان کێشەیان ئەوەندە نییە، چونکە بەشێکیان رق‌و کینە پاڵیان پێوەدەنێت بچنە پرۆسەکەوە، نەک ئەوەی بیانەوێت خۆیان دروستبکەنەوە".



کچان لەناخەوە لاوازن، بۆیە پێیانوایە ئەگەر نەگەن بەخۆشەویستەکانیان، سەرکەوتوو نابن

# گەنجان پارە بۆ گەشتی تورکیاو لوبنان کۆدەکەنەوە

## بەهۆی زۆربوونی کۆمپانیاکانی تایبەت بەگەشتوگوزارەوە، رێژەی ئەو گەنجانەی بۆ گەشت دەچنە تورکیاو ئێران زیادی کردووە



کاڵێ ئەنوەر لەسلێمانی

"گەشتێکی هەفتەییەم کرد بۆ وڵاتی تورکیا، بەڵام لەبەر خۆشی ناوچەکەو زۆری هۆکارەکانی کات بەسەربردن، ماوەی گەشتەکەمم درێژکردەوە، ئەوەش ناچاری کردم برێکی زۆر پارەم لەهاوڕێکانم بەقەرز وەرگرت".

رێکار ناسر تەمەن ٢٦ ساڵ وایوت.

بەڕای رێکار گەشتکردن بۆ دەرەوە دەرفەتێکە بۆ بینینی کلتورو شێوازی ژیانی خەڵکانی تر، لەگەڵ دیمەنی دڵڕفێنی شوێنە جوانەکان‌و ئاسوودەبوونی مرۆڤ، بۆیە پێی وابوو، قەرزکردنەکەی سوودی پێگەیاندووە.

رێکار دەڵێت بونی دیسکۆو باڕ لەوڵاتانی دەرەوە، هۆکارێکی گرنگن بۆ ئەوەی گەنجان پەنا ببەنەبەر گەشتی ولاتانی دەرەوە بۆ کاتبەسەربردن.

بەبەراوورد بەساڵانی پێشووتر لەم سێ ساڵەی دواییدا گەشتکردنی گەنجان بۆ وڵاتانی دەرەوە، ڕووی لەزیادبوون کردووە، بەشێک لەو گەنجانە دەڵێن بەزەحمەت پارەکەیان بۆ کۆدەکرێتەوە، تا گەشتێک بکەن، هەندێکیان دەڵێن کە قەرزیان کردووە بۆ ئەو مەبەستە.

هەندرێن جەبار تەمەن ٢٧ ساڵ، یەکەمینجار ساڵی ٢٠٠٧ گەشتی کردووە بۆ وڵاتی تورکیا، وتی "هۆکاری گەشتەکەم بۆ ناسینی زیاتری کلتورو نەریتی ئەو وڵاتە بوو".

هەندرێن دەڵێت هەندێک لەگەنجان بۆ سێکسکردن گەشتدەکەن، وتی "بەڵام هەموو گەنجێک نا".

هەندێک لەگەنجان دەڵێن بەهۆی سنورداری داهاتەکانیانەوە ناتوانن گەشتبکەن، ئەوان پێویستیان بەچەند ساڵێک دەبێت، تا پارەی گەشتێک کۆبکەنەوە.

رێبوار سەلام تەمەن ٣٢ ساڵ دەڵێت گەشتکردن بۆ دەرەوەی وت، زیاتر بۆ بەشێکی گەنجانە، کە منداڵی بەرپرس‌و دەوڵەمەندەکانن، وتی "ئەمەش کەم دەرامەتەکانی لێ بێبەش دەبێت".

رێبوار ماوەی ساڵێکە مانگانە بەشێک لەموچەکەی پاشەکەوت دەکات بۆ ئەوەی پاەی گەشتێک کۆبکاتەوە بۆ دەرەوەی وڵات، وتی "بەڵام، تا ئێستاش نەمتوانیوە بڕە پارەی پێویست کۆبکەمەوە، بۆیە گەشتەکەمم دواخستوە بۆ ساڵی ئایندە".

رێبوار هۆکاری گەشتەکەی تەنها گەڕاندەوە بۆ کات بەسەربردن‌و بینین‌و ناسینی ئەو وڵاتانە لەنزیکەوە.

کردنەوەی فڕۆکەخانە، سەقامگیری رێژەیی ئابووری‌و سیاسی هەرێمی کوردستان‌و کردنەوەی بەڕووی وڵاتانی دەرەوەدا وایکردووە، گەشتکردن بۆ وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت وڵاتە دراوسێکان ساڵ بەساڵ زیاتربێت.

ئێستا گەشتێک بۆ لوبنان بەخزمەتگوزاری ئوتێلەوەو بۆ ماوەی هەفتەیەک ٨٠٠-٩٠٠ دۆلاری ئەمریکی تێدەچێت، بەڵام بۆ تورکیا ١٢٠٠-١٣٠٠ دۆلاری تێدەچێت.

چاوان ئەحمەد کارمەند لەکۆمپانیای سپارۆ بۆ گەشتوگوزار دەڵێت گەشتەکان بۆ دەرەوەی وڵات رووی لەزیادبوون کردووە بەتایبەت ئەمساڵ، وتی "ئێستا گەشتەکان بەرێژەیەک زۆربووە، کە لەرێگەی پاس‌و فڕۆکەوە هەفتانە گەشتی بەردەوامیان هەیە".

عیماد حەمزە بەرێوەبەری کۆمپانیای شەبەق بۆ گەشتوگوزار دەڵێت بەپێی ئامارەکانی ئەوان ساڵ لەدوای ساڵ گەشتەکان بۆ دەرەوەی وڵات روو لەزیادبوون دەکەن، وتی "بەتایبەت ئەمساڵ بەهۆی زۆربونی کۆمپانیاکان کەنرخەکان داشکێنراون‌و خزمەتگوزارییەکان زیاترکراون".

عیماد دەڵێت ئێستا جگە لەگەنجان هەندێکجار خێزانیش پێکەوە گەشتدەکەن.

ئەگەر گەشتکردن جارێک بۆ کوڕان قورس بێت، ئەوا بۆ کچان دووجار قورسترە، کە بۆ زۆرینەیان مەحاڵە، بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگاو خێزانەوە.

گەشە ئازاد ٢٩ ساڵ بڕوایوایە، گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات گرنگە، بەتایبەت بۆ گەنجان، وتی "بەڵام بەهۆی قسەو باسی کۆمەڵگاوە، کچان ناتوانن ئەو خەونەیان بەدیبهێنن".

گەشە، کە فەرمانبەرە، مانگانە بەشێک لەموچەکەی پاشەکەوت دەکات، تا لەداهاتوودا بتوانێت گەشتێک بۆ وڵاتی تورکیا ئەنجامبدات.

> خاوەنی کۆمپانیایەکی گەشتیاری: ئەگەر گەشتکردن جارێک بۆ کوڕان قورس بێت، ئەوا بۆ کچان دووجار قورسترە.

www.arsivakurd.org

# "زمانی کوردی تووشی بەرەڵایی نووسین بووە"

## د.فوئاد حەمە خورشید بۆ دەستوور

سازدانی: وریا حەمە تاهیر

**پرۆفیسۆر د.فوئاد حەمە خورشید حەمە خورشید پسپۆڕی بواری جیۆپۆڵەتیکو جوگرافیای سیاسیو شارەزای بواری دیالێکتەکانی زمانی کوردی، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت زمانی کوردی لەهەرێمی کوردستان گەشەیەکی ناپوختی کردووە، بڕواشیوایە ئێستا تووشی بەرەڵایی نووسین بووەو ئەگەر بەری پێنەگیرێت، ئەوا لەداهاتوودا زمانی کوردی تووشی گرفت دەکات.**

**د.فوئاد حەمە خورشید بڕوایوایە کاتی ئەوە هاتووە زمانێکی ستاندارد لانیکەم بۆ کوردستانی باشوور دابنرێت، بەڵام پاش گفتوگۆی پسپۆڕانی بوارەکە، نەک بەبڕیارێکی سیاسیی کتوپڕ.**

**دەستوور:** ڕەوتی گەشەی زمانی کوردیو پوختەبوونی چۆن دەبینی، پێتوایە لەکوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستانی عێراق) زمانی کوردی ڕوولەگەشەدایە؟

**د.فوئاد حەمە خورشید:** لێرەدا دەبێت باسی دووشتی جیاواز بکەین: یەکەم گەشەسەندنی زمانی کوردی، کەبەدڵنیاییەوە دەڵێم بەڵێ زمانی کوردی لەهەرێمی کوردستانی عێراق گەر بەراوردی نووسینو زمانی ساڵانی سییەکانو چلەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ نووسینەکانی ئەمڕۆدا لەباری زاراوە عەرەبییەکانو شێوەی نووسینو ڕێزماندا بکەین، بۆ نموونە گەر بەراوردی شێوەی نووسینی خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی بەگ لەکتێبەکەیدا خولاسەیەکی مێژووی کوردو کوردستان لەڕۆژی قەدیمەوە تا ئەمڕۆ-١٩٣١، لەگەڵ نووسینەکانی هەریەک لەم بەڕێزانە د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. مەعروف خەزنەدار، مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار بکەین، بێگومان دەگەینە ئەو قەناعەتەی کەزمانەکەمان گەشەیسەندووە، بەڵام بەرەو کام ئاراستە؟! ئەمڕۆ ئازادییە لەکوردستانی باشوور! لەبەرئەوە نووسەران زیاترو قووڵتر هەوڵدەدەن هەرکەسو بەدیالێکتی زمانی خۆی یان ناوچەکەی دەنووسێت، بەڵێ ئازادن، کەس نییە چاودێری ئەم زمانە بێت، چونکە هیچ یاسایەکی ڕێنووسمان نەسیاسی (دەسەڵات) نە ئەکادیمی (کۆڕی زانیاری، زانکۆکان) نییەو بەرەڵایی نووسینمان تووشبووە، بەڵام ئەوەش بسەلمێنین لەهەر بوارێکدا چەندان کتێبی چاکو نووسینی نایاب هەنو چاپدەکرێن.
بەگشتی دەڵێم: بەڵێ زمانی کوردی لەهەرێمدا زۆرگەشەی سەندووە، بەڵام ناپوختە، ئەمەش بەبۆچوونی من کێشەیەکە قابیلی چارەسەرکردنە گەر نیازی پاکو واقیعیانە بۆ خولقاندنی زمانێکی کوردی ستاندارد هەبێتو میللەتی کورد بەگشتی، دوور لەهەرێمایەتیو عەشایەرگیری ملکەچی بڕیارێکی مێژوویی وابێت.

**دەستوور:** هەموو ئەو جیاکارییە لەبەکارهێنانی وشەو شێوازە نووسینانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، وێب سایت) چۆن دەبینی؟ ئایا ئەوە سەرلێشێواوی پاشاگەردانییە، یان ئەوە هەموو لەئەنجامدا دەچێتە خانەی دەوڵەمەندکردنی زمانو گەشەش بەڕەوتی پوختەکردنی زمان دەدات؟

**د.فوئاد حەمە خورشید:** ئەم جیاکارییە لەم قۆناغەدا پێویستە، چونکە واقیعی حاڵە. تائێستا وەکو وتمان هیچ یاسایەک یان بڕیارێکی گشتی باوەڕپێکراو بۆ سەلماندنی جۆری نووسین یان ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی نییە. تائێستا چەندان کۆڕی جۆراوجۆر بەستراوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕێنووسی کوردی، بەڵام هەموو بێسوود بوو. بۆ نمونە ئەو ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی کەلەکۆری زانیاریی عێراق-دەستەی کورد، کە لەبەغداد لەبەرواری ١٨ تا ١٩٨٥/١٢/١٩دا گیرا چی بەسەرهات؟ هەرهیچ کەسیش خۆی نەکردە خاوەنی. ئەگەر ئەم هەموو سەرلێشێواوییەو ئەم پاشاگەردانیەی نووسینی کوردی سنوورێکی بۆ دانەنرێ، لەملا بەدواوە مەترسی زۆرتر دەبێ بۆ دواڕۆژی زمانەکەمان، چونکە من ئەم قۆناغە بەدەوڵەمەندکردنی زمانەکەمان نازانم، چونکە تا ئێستا فەرهەنگێکی هاوتا (مرادفات)مان نییەو بەبۆچوونی من تاو ئەو فەرهەنگە دروست نەکرێتو نووسینەکانمان هەروەک ئێستا بەرەڵا دەبێتو زمانەکەمان هەروەکو فرە دیالێکتێک دەمێنێت، کۆتاییهێنان بەم هەراو بەزمە بەهەڵبژاردنی یەکێک لەدیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردیو کردنی بەزمانێکی یەکگرتووی ستانداردی ئەم میللەتە دێت، ئەگەر بارودۆخی کوردستانی گەورەو نێودەوڵەتی ئێستا کۆسپ دەخەنە بەردەم ئەم هەنگاوە، بەبڕوای من، هیچ پاساوێک نییە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی زمانێکی ستاندارد بۆ هەرێمی کوردستانی باشووری ئازاد.

**دەستوور:** ئایا گرفتی زمانی کوردی تەنیا ئەوەی بڕیارێک لەوبارەیەوە بدرێت یاخود ئێتر پێویستی بەپوختەکردنو یەکخستنی وشەو زاراوەکان هەیە؟

**د.فوئاد حەمە خورشید:** وەک وتم پێشەکی زۆر گرنگە فەرهەنگێکی هاوتا (مرادفات) کەگشت وشەکانی چوار دیالێکتە ناوچەکردەکانی ئەو دیالێکتە سەرەکییەکان بگرێتە خۆیو ئامادەبکرێت بەشێوەیەکی زانستیو ئەکادیمیانە. دووەم: ڕاگەیاندنێکی چڕ سەبارەت بەگرنگیی پەیدابوونی زمانێکی کوردی ستاندارد بۆ میللەتی کورد کە دەبێ وەک میللەتانی دیکە زمانێکی یەکگرتووی ستانداردی هەبێت. سێیەم: دەرکردنی بڕیارێکی یاسایی دەربارەی چەسپاندنی ئەم زمانە ستانداردە. دوای ئەوە زامنکردنی گشت پێداویستییەکانی سەرکەوتنی ئەو بڕیارە. چوارەم: بڕیارەکە دەبێت ڕێنماییەکی ڕوونو وردی هەبێت بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لەهەموو بوارەکانی نووسینو خوێندن لەپەروەردەو خوێندنی باڵاو دەزگاکانی حکومەتو ڕاگەیاندنو هتد. ئەم کارە زۆر زەحمەت نییە گەر بەگیانێکی کوردپەروەرانە، نەک بەڕقێکی ناوچەگەریانە یان بەهەستێکی عەشایەرگەریانە هەوڵی بۆ بدرێت. خۆ ئێمە لەتورکەکان کەمتر نین کە ئەتاتورک بەبڕیارێکی ستراتیژی قرِی خستەناو پیتە عەرەبییەکانی زمانی تورکیو عوسمانیو کردی بەلاتینی، لەکاتێکدا ٩٠٪ی میللەتی تورک ئەوکاتە نەخوێندەوار بوون. بەبۆچوونی من ئەگەر دەوڵەتی کوردستانی گەورەمان بۆ دروستبکەن، من ئامادەم بڕیارێکی وەها پەسەندبکەم، کەدیالێکتی ماچۆ بکاتە زمانێکی ستانداردی کوردیو هیچ ئیعتبارێک بۆ کەلەپوورو ناوچەکەمو پارێزگاکەمو دیالێکتەکەم ناکەم، با لەسفرەوە وەک دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەستپێبکەین!

**دەستوور:** ماوە ماوە هەوڵەکان بۆ ستانداردکردنی زمانی کوردی چڕدەکرێتەوەو دواتر بێدەنگی لێدەکرێت، هەندێک ڕایانوایە بەبڕیاری سیاسی زمانی ستاندارد دروست ناکرێت، هەندێکی دیکەش دەڵێن بەڵێ بەبڕیار دەکرێت، بەڵام سەرکردەیەکی بوێری دەوێت کەبڕیارێکی لەوجۆرە بدات؟ تێڕوانینی ئێوە چۆنە؟

**د.فوئاد حەمە خورشید:** بەبۆچوونی من دۆخی زمانی کوردی لەکوردستاندا لەدۆخی سیاسی نالەبارترە!! گەر میللەتی ئێمە کەمتەرخەمی بکات هەروەک چۆن کەمتەرخەمی کرد لەشەڕی براکوژی لەفەرمانێک یان بڕیارێکی ستراتیژیی وەها. بەڕاستی کێشەی زمانی ستانداردی کوردی بابەتێکی ترسناکە لەبارودۆخێکی ئێستای وڵاتەکەمان، بۆیەش هیچ سەرکردەیەک تائێستا نەیتوانیوە بڕیارێکی لەو چەشنە دەربکات. لەبەرئەوەی لەکوردستانداو بەتایبەتی لەکوردستانی باشوور سیاسەتو ئابووری زمان تائێستا کەوتوونەتە ژێر زەبرو ڕکێفی ناوچەگەریو تارادەیەک عەشایەرگەری، بۆیەش هەر بڕیارێکی کتوپڕی وەها بۆ چەسپاندنی زمانێکی یەکگرتوو بارودۆخەکە ئاڵۆزدەکاتو دەیقڵیشێنێت. بەڕاستی کێشەکە بەتەنیا کێشەی سەرکردەیەکی ئازا نییە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام بەبۆچوونی من کارەکە ئاسان نییەو دەبێت پێشەکی کارێکی زۆری بۆ بکرێت بەتایبەتی لەنێوان ڕۆشنبیرانی ئەم میللەتە نەک ڕەشو ڕووتەکانی؟!.

**دەستوور:** هەندێک لەهەوڵەکانی بەستانداردکردنی زمانی کوردی لەسەر بنەمای کرمانجی ناوەڕاست یان ئەوەی پێیدەوترێت سۆرانی بەشۆفینیزم دادەنێن؟ دەڵێن زۆرینەی کورد بەکرمانجی سەروو قسەدەکەن نابێت بڕیاری وابدرێت؟ ڕایەکی تریش هەیە دەڵێت سۆرانی مادام گەشەیکردووە لەبارترو گونجاوترە تابکرێت بەزمانی ستانداردو ڕەسمی؟ ئێوە ڕاتان چۆنە؟

**د.فوئاد حەمە خورشید:** کێشەکە کێشەی شۆفینیزم نییە، بەڵکو زاڵبوونی خۆشەویستیی ناوچەگەرییە!! من بۆ ئەم پرسیارە دوو پێشنیاز دەکەم، یەکەم: خەڵکی کوردستانی ناوەڕاست (موکریان، ئەردەڵان، سۆران، سلێمانی، گەرمیانو هتد) مەیلی کرمانجی ناوەڕاستیان هەیە، واتە سۆرانی لەبەرئەوەی دیالێکتی گشتی خۆیانەو ناحەقییان نییە، چونکە ئەم دیالێکتە زمانی ڕۆشنبیریو فیکریو پەروەردەکردنە لەهەرێمێکی جوگرافیای فراوانی ناوەڕاستی کوردستانی گەورەداو لەهەموو دیالێکتە کوردییەکانی تر پێی دەنووسرێتو بڵاودەکرێتەوە. دەشێت ئەم دیالێکتە هەڵبژێرێت بۆ زمانی ستانداردی هەرێمی کوردستانی باشوور، بەهۆی زۆرینەی ئەوانەی ئاخاوتنی پێدەکەنو پێی دەنووسن لەو هەرێمەدا.
دووەم: خەڵکی کوردستانی باکوور لەبەرئەوەی زۆرینەی میللەتی کوردنو بەدیالێکتی کرمانجی باکوور دەدوێنو لەفراوانترین هەرێمی جوگرافیی هەرێمی کوردستانی گەورە بڵاوەو لەکوردستانی سوریاو بەشێک لەکوردستانی خۆرهەڵاتو بادینانو کوردەکانی ئەرمینیاو ئازەربایجان پێی دەنووسنو بڵاودەکەنەوەو زۆرینەی ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتیکە بەپیتی لاتینیو سلاڤی دەنووسرێت، دەشێت ئەم دیالێکتە هەڵبژێرێت بۆ زمانێکی ستانداردی کوردستانی گەورە کاتی سەربەخۆ بوونی واتە بۆ گشت کوردان.

**دەستوور:** ئێستا لەهەندێک وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت سوید، بەهۆی زۆریی کورد لەو وڵاتە، زۆر بەڵگەنامەی گرنگ وەردەگێڕدرێن بۆ زمانی کوردی، بۆ دوو شێوەزار، کە ئەوان ناویان ناوە، سۆرانیو کرمانجی هەڵبەت ئەمەی دواییان بەڕێنووسی لاتینی، ئەم هەنگاوە چۆن دەبینیت چۆن کاریگەری دەکاتە سەر زمانی کوردیو مەسەلەی ستانداردبوونی؟

**د.فواد حەمە ڕەشید:** من لەو بڕوایەدام، بەکارهێنانی پیتی لاتینی دیاردەیەکە لەجێگەی خۆیدا نییە، تائێستا ٥٠ تا ٦٠ لەسەدی دانیشتووانی زۆرینەی ناوچەکانی کوردستان نەخوێندوارنو جارێ بەئاساییش دەڵێن ئاسایش، دڵنیام زۆرینەی تەماشاکەرانی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکانی کوردی، نازانن ئەو وشانە چینو بۆچی گۆڕاون.
ڕاستیەکەت پێبڵێم خودی خۆم کە ئینگلیزییەکەم باشە نەفریای ئەوە دەکەوم وشە کوردییە لاتینیەکان بخوێنمەوەو نەلێیان حاڵی دەبم، لەسەر ئەم پێوانەیە، ئیتر بزانە بەچ سەرسوڕمانێک جوتیارو کرێکارو قوتابیو مووچەخۆر. لەم هەراو بەزمە تێدەگەن، بەڕاستی بێ زەوقییەو بێ مەعناو تەقلیدێکی کوێرانەیەو هیچی تر، ئەمەش خەتای سیاسەتی بێکەڵکی لێپرسراوانی ڕاگەیاندنە لەم بوارەدا. نووسین بەلاتینی پرۆژەیەکی فراوانە بەئاسانی تێپەڕنابێت!!

ئەگەر ئەم هەموو سەرلێشێواویەو ئەم پاشاگەردانییەی نووسینی کوردی سنوورێکی بۆ دانەنرێ، لەملا بەدواوە مەترسی زۆرتر دەبێ بۆ دواڕۆژی زمانەکەمان



# لەخورماڵ قەرز قەرزی خواردووە

## قەرزی هاووڵاتیان دەستمایەی بەکاسبکارانو پیشەوەرانی ناحیەی خورماڵ نەهێشت

مەعاز فەرحان لەخورماڵ

قەرز کاسبکارانو پیشەوەرانی ناحیەی خورماڵی بێزارکردووەو بەهۆی فرۆشتنی کەلوپەلو کاڵاکانیان بەقەرز، دەستمایەیان بەدەستەوە نەماوە.
کاسبکاران باس لەوەدەکەن کەزۆربەی کەلوپەلەکانیان بەقەرز دەفرۆشنو قەرزدارەکانیش بۆماوەیەکی زۆر گوێ لەقەرزەکان دەخەوێنن.
ئەو هاووڵاتیانەی کەدوکانو پێشانگایان هەیەو پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەفرۆشن لەخورماڵ، بەدەست زۆربوونی قەرزەوە دەناڵێننو دەڵێن قەرز بازاڕی خورماڵی داپۆشیوە.
مەولود مەحمود ماوەی ١٨ ساڵە فرۆشگەی فرۆشتنی کەرەستەی خانووبەرەی هەیە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئەوەی کەمەولودی نیگەرانکردووە مەولود وتی "بەڕاستی خەڵک خراپ فێری قەرزبووە، دڵنیام خەڵک هەیە کەپارەی خەیاڵیشی هەیە کەچی هەر قەرزدەکات".
دەفتەری قەرزەکەی مەولود ١٦٠ ملیۆن دیناری تێدا نووسراوە، وتی "ڕەنگە خۆم ٨٠ هەزار دۆلاری خەڵک قەرزداربم".
ناحیەی خورماڵ نزیکەی ٨٠ کیلۆمەتر لەشاری سلێمانییەوە دوورەو دەکەوێتە خۆرهەڵاتی سلێمانییەوە، لەساڵی ١٩٢٤ بووە بەناحیەو نزیکەی ٣ هەزار ماڵی تێدایە، زۆربەی دانیشتووانەکەی فەرمانبەری حکومینو بەشێکی تریش لەهاووڵاتیان بژێوی ژیانیان بەکاسبی کردن دابین دەکەن.
مەولود ئەو کاسبکارە وتی "خەڵکی هەیە بەئەنقەست قەرز ناداتەوە، بۆ کەلوپەلەکانی من خانووەکەی فرۆشتووەو ئێرەی بەجێهێشتووە، پارەکەی منیشی نەداوەتەوە".
جاسم ئەمین پێشانگای فرۆشتنی جلوبەرگو کەلوپەلی وەرزشی هەیە، وتی "ئەوانەی فێری قەرزبوون لەهەموو بازاڕدا قەرزدەکەنو ژیانی ڕۆژانەیان بەقەرز دابیندەکەن، هەیە ئەوەندە قەرزدەکات تا بۆ دانەوەی قەرزەکانی دەگاتەوە سەرەی من ساڵ دوو ساڵێکی پێدەچێت".
هەندێک لەپیشەوەرانیش دەڵێن بەهێزو بازووی خۆیان ئیش بۆ خەڵک دەکەن، کەچی پارەیان پێنادەنو ماندوویەتییان ناحەسێننەوە. عادل زەینەدین وەستای لەبخو گەچکارییە، وتی "دەبێت خۆم پارەی کرێکارەنم بدەم، چونکە زۆربەی خەڵکی دوای چەند ساڵێک حەق دەستمان پێدەدەن".
کاسبکارانی خورماڵ دەڵێن کاتێک داوای قەرز لەخەڵک دەکەین پێیاننناخۆشەو لێمان تووڕە دەبن.
لەشەریعەتی ئیسلامدا مەسەلەی قەرز باسی لێوەکراوە مامۆستایەکی ئاینیشدا بەپێویستی دەزانێت ئەو کەسانەی کەقەرزدەکەن دەبێت وەفایان هەبێت بەرانبەر بەخاوەن قەرزەکەو لەکاتی خۆیدا قەرزەکە بگەڕێننەوە.
مامۆستا مەلیک سەعید پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف لەخورماڵ وتی "قەرز لەئێستادا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە لەژیانی خەڵکداو بۆ کاسبکارانیش بووەتە کێشە، بۆئەوەی قەرز نەفەوتێت دەبێت بنوسرێتو دوو شاهیدیش هەبن".
ئەو مامۆستایە دەڵێت بەداخەوە کاسبکارانی ناوچەکەی ئێمە بەهۆی قەرزەوە دەست مایەیان بەدەستەوە نەماوە، ئیسلام ڕێگەی لەقەرزکردن نەکردووە، چونکە ئاسانکارییەکە لەژیانی ڕۆژانەدایە، بەڵام پێویستە لەکاتی خۆیدا بدرێتەوە.
وتی "ئەگەر قەرز چەند مانگو ساڵێک لەوادەی خۆی دوابکەوێتو قەرزدارەکەش پارەی لەدەستدابێت قەرزەکەی نەداتەوە هەرشتێک کەخۆیو خێزانەکەی دەیخۆن حەرامە".
پسپۆڕێکی بواری ئابووریش پێیوایە لەبنچینەدا قەرز دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری، بەڵام ئەو جۆری قەرزەی کە لەخورماڵدا هەیە ئابووری پەکدەخات.
بابان قەرەداغی پسپۆڕی ئابووری لەلێدوانێکدا بەدەستوری وت "ئەو قەرزەی لەخورماڵدا دەکرێت، بابەتێکی کۆمەڵایەتییەو کاریگەری لەسەر ئابووری هەیە، کاریگەریی خراپی لەسەر جموجوڵی بازاڕ دەبێت لەو ناوچەیە".
بابان وتی "لەقەرزدا متمانە بنەمایە، نەبوونی متمانە وای لەکاسبکارانی خورماڵ کردووە نیگەرانبن، لەجۆرەکانی متمانەدا ئەو قەرزە پێیدەوترێت متمانەی کەسێتی، کە لەبەربوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو قەرزانە زۆرن".

# وێژەییەکان سیستمی دڵنیایی جۆری رەتدەکەنەوە

## قوتابیانی بەشە وێژەییەکانی زانکۆ دەڵێن سیستمی دڵنیایی جۆری بۆ ئەوان سوودی نییە، بەڵام بەڕێوەبەری ئەو سیستمە دەڵێت هەر سیستمێک بڕیاری لەسەر بدرێت جێبەجێدەکرێت




کامەران لەهەولێر

قوتابیانی بەشە وێژەییەکانی زانکۆ پێیانوایە بەکارهێنانی سیستمی دڵنیایی جۆری سوودی بۆ ئەوان نییە، مامۆستایانیش دەڵێن دەبێت رەخنەکانی خوێندکاران بەهەند وەربگیرێنو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

قوتابیان پێیانوایە بەکارهێنانی سیستمی دڵنیایی جۆری (داتاشۆ) کەئێستا لەسیستمی نوێی خوێندنی زانکۆکان بەکاردەهێنرێت، زیاتر بەشی زانستی سوودی لێوەردەگرێت، چونکە بەبۆچوونی ئەوان قوتابیانی بەشی وێژەیی پێویستیان بەو سیستمە نییە.

ئاری تەحسین قوتابی قۆناغی سێیەمی بەشی مێژوو لەزانکۆی سەلاحەدین بۆ دەستوور وتی "بەکارهێنانی داتاشۆ ئەو سیستمە زیاتر بۆ بەشی زانستی باشە، بەشی وێژەیی پێویستی بەم سیستمە نییە".

ئاری وتی "چونکە قوتابی ماوەی کاتژمێرێک لەپۆلدا دەبێت، لەوکاتەدا ئێمە نازانین سەیری مامۆستا بکەین، سەیری داتاشۆ بکەین یان تێبینی بنووسینو هیچمان پێناکرێت، سەرەڕای ئەمانەش مامۆستا بەپەلە وانەکەمان بۆ شیکاری دەکاتو پێماندەڵێت بۆ خۆتان بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێن".

ئاری ئاماژە بەوە دەکات کەئەوان تا کاتژمێر دووو نیو وانە دەخوێنن، دوای ئەوەش ناتوانن بچنە کتێبخانەو بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێن.

دکتۆر سەلاحەدین بەڕێوەبەری بەشی دڵنیایی جۆری لەزانکۆی سەلاحەدین دەڵێت ئەو سیستمەی داینناوە، تەنیا رێگەیەکی نوێیە بۆ قوتابیانو ئاسانکارییان بۆ دەکاتو یارمەتیاندەدات، ئەو وتی "چونکە لەرێگەی ئەو سیستمەوە دەزانی محازەرەی بەیانیت چییە؟ یان بەرنامەی ساڵێکت بۆ پیشاندەدرێت، قوتابی هەموو شتەکانی لەبەرچاوە، لەجیاتی ئەوەی لەسەر سەبوورە بنووسرێت".

بەڕێوەبەری بەشی دڵنیایی جۆری پێیوایە قوتابیان تەنیا بیانوو دەهێننەوە، وتی قوتابی مافی خۆیەتی داوا لەمامۆستا بکەن بەخێرایی وانە نەڵێتەوە، بەڵام ئەوە مانای وانییە تەنیا سوود بەبەشی زانستی نەگەیەنێت.

دکتۆر سەلاحەدین وتی "بەپێچەوانەوە بەشە زانستییەکان دەڵێن ئەم سیستمە بۆ وێژەیی باشە، چونکە ئێمە تاقیگەمان هەیە، لەبەرئەوە دەڵێن ئەو سیستمە بۆ وێژەیی باشترە نەک بۆ زانستی".

### قوتابیان لەسیستەمی دڵنیایی جۆری ناڕازین

ژمارەیەک لەقوتابیانی بەشە وێژەییەکانی زانکۆ ماوەیەک لەمەوبەر ئیمزایان لەدژی سیستمی دڵنیایی جۆری کۆکردووەتەوە، بۆئەوەی مامۆستایان بەکارینەهێنن، مامۆستایەکی زانکۆش دەڵێت پێویستە گلەییو پێشنیازەکانی خوێندکاران لەبەرچاو بگیرێت.

دکتۆر گوڵستان محەمەد مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین وتی داواکاری قوتابیان دەبێت رەچاوبکرێت، بەڵام تاچەند راچاوەدەکرێت ئەوە دەمینێتەوە بۆ بڕیاری لیژنە.

گوڵستان وتی "بەقوتابییەکانم وتووە ئارام بگرن تا مامۆستاکانی تریش پەیڕەویدەکەن، بزانم چۆن دەبێت؟".

بەبۆچوونی گوڵستان قوتابیان فێری ئەوەبوون لەگەڵ مامۆستا وانە بنووسنەوە، بۆیە ئەم سیستمە رەتدەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە ئەو سیستمە بەشەکانی زانستی زیاتر سوودی لێوەردەگرن.

سیستمی دڵنیایی جۆری پێکهاتووە لەبەکارهێنانی داتاشۆ لەوانەوتنەوەدا، بەپێچەوانەی ساڵانی پێشوو کەمەلزەمەو دەستنووس بەکاردەهێنرا لەنووسیندا. ئەو سیستمە جگەلەوەش تیایدا کاتی وانەوتنەوەو وانەی رۆژانی تر، یان بەرنامەی ساڵێکت بۆ پیشاندەدرێت.

بەکارهێنانی سیستمی دڵنیایی جۆری لەساڵی رابردوودا بڕیاری لەسەر درابوو، بەڵام وەک پێویست بەکارنەدەهات، لەبەرئەوە ئەمساڵ لەهەموو زانکۆکان لەلایەن مامۆستایانی زانکۆوە بەکاردەهێنرێت.

گوڵستان وتی "ئەم سیستمەش لەبەرژەوەندیی قوتابیدایە، چونکە لەداهاتوو دەتوانین ئیستیمارە بدەین بەقوتابی (فید باکی پێدەڵێن) دەتوانێت بۆچوونی خۆی لەسەر هەموو مامۆستاکان دەربڕێت، تائێستا شتی وانەبووە".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە لەلایەکی ترەوە دەتوانرێت وێنە پیشانی قوتابی بدرێت لەڕێگەی ئەو سیستمەوە، کەپێشتر نەدەتەوانرا.

ئەو باسی لەبوونی گرفتکرد کە لەکاتی وانەوتنەوەدا دروستدەبێت، وتی "مامۆستاکان لەکاتی وانەوتنەوە بەپەلەن، قوتابی ناتوانێت سوودیان لێوەربگرێت".

ئامانج فەخرەدین تەمەن ٢٤ ساڵ قوتابی زانکۆ داوایکرد مامۆستاکان بەشێوازێک بەکارییبهێنن، قوتابی سوودی لێ وەربگرێت.

دکتۆر مەغدید سەپان مامۆستا بەشی راگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەدین پێیوایە ئەگەر مامۆستایەک زانی داتاشۆ دەبێتە رێگر لەبەردەم وانەکەی با بەکارینەهێنێت.

هەروەها وتی "گۆڕین لەسیستمێک بۆ سیستمێکی نوێ ریفۆرم بەردەوام ئاسان نییەو زەحمەتە، بۆیە پێویست بەوەخت دەکات، تاو قوتابییەکان لێی رادێن".

سەبارەت بەداواکاری قوتابیان لەبەکارنەهێنانی ئەو سیستمە، بەڕێوەبەری بەشی دڵنیایی جۆری لەزانکۆی سەلاحەدین وتی "ئەو سیستمە دەبێت جێبەجێبکرێت وەکو ئەوە وایە قوتابی بڵێت من تەنیا تاقیکردنەوەی سەری ساڵ دەکەمو دەوام ناکەم، ناکرێ سیستم دابنرێتو جێبەجێنەکرێت".

# دروستکردنی لیستی (سەربەخۆ) کێشەی دروستکردووە

## بەڕێوەبەری پەروەردەی چوارتا هەڕەشەی لەو مامۆستایانە کردووە کەئیمزایان بۆ ئەو لیستە کردووە

کاروخ نامیق

چەندان مامۆستا لەسنووری پەروەردەی چوارتا رووبەڕووی هەڕەشەو لێکۆڵینەوە بوون لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی چوارتاوە، بەبیانووی ئەوەی ئیمزایان بۆ دروستکردنی لیستێک کۆکردووەتەوە.

دروستکردنی لیستێک بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی یەکێتیی مامۆستایان، بەناوی لیستی سەربەخۆ لەلایەن ئەو مامۆستایانەی کەساڵی ٢٠٠٥ خۆپیشاندانو مانگرتنیان بۆ بەدیهێنانی داوای مامۆستایان ئەنجامدا، لەسنووری پەروەردەی شارباژێڕ کێشەی دروستکردووە، چونکە بەڕێوەبەری پەروەردەی چوارتا پێیوایە ئەو مامۆستایانە لەلایەن گۆڕانەوە هاندراون.

بەوتەی نەوشیروان حەمەغەریب سەرپەرشتیاری لیستی سەربەخۆی مامۆستایان لەناوچەی شارباژێڕ بەگومانی ئەوەی سەر بەگۆڕانن، لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی شارباژێڕەوە رێگری بۆ کارەکانیان دروستدەکرێتو ئیمزای پەشیمانی بەو مامۆستایانە دەکرێت، کەپشتگیری لیستەکەی ئەوانیان کردووە. بەڵام بەڕێوەبەری پەروەردەی شارباژێڕ تۆمەتی ئەوەیان دەداتەپاڵ کەئەو لیستە تەزوویریان لەناوی مامۆستایاندا کردووە.

هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان بڕیاروایە لە٢٠١٠/١٢/٢ ئەنجامبدرێت، بۆ ئەو مەبەستە ١٢ لیست ناوی خۆیان تۆمارکردووە، بۆئەوەی بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکەنو حکومەتی هەرێمیش ١٠٠ ملیۆن دیناری بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی تەرخانکردووە.

نەوشیروان حەمەغەریب سەرپەرشتیاری لیستی سەربەخۆی مامۆستایان لەناوچەی شارباژێڕ لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند "بۆئەوەی لیستەکەمان بەشداریی هەڵبژاردنەکانی مامۆستایان بکات، دەبێت ١٥٠ ئیمزای مامۆستا کۆبکاتەوە کە لەشارباژێڕ نزیکەی ٤٠ مامۆستا ئیمزای پشتگیریان بۆ کردووین".

نەوشیروان حەمەغەریب وتی "بەڕێوەبەری پەروەردەی شارباژێڕ کە لەهەمانکاتدا ئەندامی لیژنەی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانی سەر بەدەسەڵاتە، بانگی بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانەی کردووە کە مامۆستاکانیان ئیمزایان بۆ لیستەکەی ئێمە کردووە، وتوویەتی ئەم لیستە سەربەخۆ نییەو سەر بەگۆڕانە".

هەروەها وتی پێیوتوون ئەم کارە بەخراپ لەسەرتان دەکەوێتو دەبێت یەک بەیەکی ئەو مامۆستایانە ئیمزا بکەنەوە کەئەوان پەشیمان بوونەتەوەو بڵێن ئاگامان لەوە نەبووەو بەهەڵە تێگەیەنراوین، کەئەو لیستە سەربەخۆییە.

نەوشیروان وتی "لەقوتابخانەیەکدا لە١٨ مامۆستا، ٦ مامۆستایان پەشیمانکردووەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەنیازی گواستنەوەن لەگوندەکانەوە بۆ شارەکان، لەترسی ئەوەی نەک نەیانگوازنەوە، لەپشتگیریکردنی لیستەکەی ئێمە پەشیمان بوونەتەوە".




سەرپەرشتیاری لیستی سەربەخۆی مامۆستایان لەناوچەی شارباژێڕ رەتیدەکاتەوە ئەوان بەهیچ شێوەیەک سەر بەگۆڕان بنو وتی "بزووتنەوەی گۆڕان خۆیان لیستی تایبەتیان هەیە بەناوی مامۆستایانی سەردەم".

مامۆستا دلێر قادر بەڕێوەبەری پەروەدەی شارباژێڕ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند ئەو لیستانەی ناوی خۆیان پێشکەشدەکەن بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی مامۆستایان وردبینی لەناوی ئەو مامۆستایانە دەکرێت کەئیمزای پشتگیریان بۆ ئەو لیستە کردووە، بۆئەوەی بزانرێت ئەو کەسانە مامۆستان یاخود نا.

بەڕێوەبەری پەروەدەی شارباژێڕ وتی "لیژنەی باڵای یەکێتیی مامۆستایان وردبینی لەو بابەتە دەکات، نەک پەرەوەردە، بەڵام لیژنەکە دێت سەردانی پەروەردە دەکات، بۆئەوەی بزانن ئەو مامۆستایانە ئاگایان لەو ئیمزایانەیە کە کراوە یان نا، چونکە لێکچوونێکی زۆر هەبووە لەئیمزاکاندا".

هەروەها وتی "برادەرانی ئەو لیستە هاتوون ١٥ مامۆستایان بەناوی قوتابخانەی قەشانەوە نووسیوە، کەگوندێکە لەناوچەی شارباژێڕ لەکاتێکدا میلاکی ئەو قوتابخانەیە ٤ مامۆستایە، ئەوانەی تریان تەزویرکردووە ئەو قسانەشی دەیکەن داخی ئەوەیان هەیە".

ئاماژەی بەوەدا کەئەو قسانە دوورە لەڕاستییەوە کەئەوان بەهۆی ئەوەی ئەو لیستە سەر بەگۆڕانە، بۆیە فشاریان لەسەریان دروستکردبێتو وتی "گۆڕان لیستی خۆی هەیە کەس ناتوانێت پاشەکشێیان پێبکات".

سەرپەرشتیارەکەی لیستی سەربەخۆی مامۆستایان لەشارباژێڕ وتی "هەندێک مامۆستا کارمەندن لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان ئیمزایان بۆ لیستەکەی ئێمە کردووە، تەلەفونیان بۆ ئەوانیش کردووە، بەڕێوەبەری ئێزگەکەش بانگی کردوونو هەڕەشەی لێکردوون، گەیشتووەتە ئەوەی هەڕەشەی دەرکردنیان لێبکات".

راشیگەیاند کەچەندجارێک سەردانی کۆمیتەی یەکێتی کردووە، پێیانوتووە ئەوان ئاگاداری ئیجرائاتەکانی بەڕێوەبەری پەرەوەردەی شارباژێڕ نین.

> سەرپەرشتیاری لیستی سەربەخۆ: بەڕێوەبەری پەروەردەی چوارتا بەبەڕێوەبەری قوتابخانەکانی وتووە ئەو لیستە سەر بەگۆڕانە

# جارێکی تر سوونەکان پەراوێزدەخرێن؟

## لۆس ئەنجلس تایمز: پەلەکردن لەپێکهێنانی حکومەت دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە


ئوسامە نوجێفی


سالح موتلەگ


تاریق هاشمی

هیوای سەلیمی

لۆس ئەنجلس تایمز ئاماژە بەوەدەدات، پەلەکردن لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق رێگری لەرێککەوتنی شیعەکانو سوننەکان دەکات، دەنووسێت "کەوتنە پەراوێزی سوننەکان بەهۆی پەلەکردن لەپێکهێنانی حکومەت دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە".

بەپێی وتارەکەی ئەو رۆژنامەیە، لەدوای چەندان مانگ فشارهێنان بۆ سەر عێراقییەکان بەمەبەستی پەلەکردن لەپێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئەمەریکا بەهۆی رووبەڕووبوونەوەی ئەو پرسە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیو مەترسیی ناسەقامگیریی زیاتر لەعێراق، ئێستا خوازیاری بەڕێکردنی بەئارامیی پرۆسەکەو پەلەنەکردنە لەپرسی پێکهێنانی حکومەتدا.

ئەو گۆڕانی روانینەی ئەمەریکا لەپشتگیری مالیکی لەلایەنە سیاسییەکانی نەیاری ئەمەریکاوە سەرچاوەدەگرێت، ئەمریکا نیگەرانیی دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانییەتی لەلایەن ئەو ئیئتیلافەوە، هەروەها لەپێکهاتنی ناسەقامگیری لەعێراقیش. روانینی ئەمەریکا بۆ پرسەکە، کاتێک گۆڕانی بەسەرداهات، کە لایەنی شیعەی دژە ئەمەریکایی بەڕابەری موقتەدا سەدر پشتیوانی خۆی لەنوری مالیکی بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران ڕاگەیاند. ئەگەر مالیکی بتوانێت لەگەڵ ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان رێککەوتن بێنێتەئاراوە، دەنگی تەواو بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ بەدەستدەهێنێت، بەڵام پێکهاتنی حکومەتێکی لەوشێوەیە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا ناتەبایە.

لۆس ئەنجلس تایمز لەبەشێکی تری نووسراوەکەیدا باس لەدژایەتی روونی جۆبایدن لەگەڵ پرسی پەلەکردن لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەکات، دەنووسێت "بەپێی پلانە پێشنیازکراوەکەی جۆبایدن جێگری سەرۆک کۆماری ئەمەریکا، مالیکی وەک سەرۆک وەزیران دەمێنێتەوە، بەڵام دەبێ دەسەڵاتەکانی لەگەڵ ئەیاد عەلاوی ڕابەری عێراقییەدا بەشبکات". بەڵام لەبەرامبەردا قبوڵنەکردنی ئەو پێشنیازەی جۆبایدنو حکومەتی پێکهاتوو لەمالیکیو سەدر، سوننەکان دەخاتە پەراوێزەوەو پێدەچێ زۆر زیاتر لەحکومەتی ئێرانیش نزیکتربیبنەوە، بۆ تێگەیشتن لەباشبوونی پەیوەندیی نێوان مالیکیو حکومەتی ئێرانیش چەند هەفتە لەمەوبەر نوری مالیکی سەردانی تارانی کرد.

لۆس ئەنجلس تایمز دواتر باس لەفشارەکان بۆ سەر کورد بەمەبەستی دواکەوتنی بڕیاردان دەکاتو دەنووسێت "بەپێی وتەی بەرپرسانی ئەمەریکیو عێراقی، ئەمەریکا پاشەکشەی کردووەو ئێستا لەهەوڵی گوشارهێنان بۆ سەر کوردە، تا لەپشتیوانیکردنی مالکیدا پەلەنەکات". بەرپرسێکی ئەمەریکی، کە بەهۆی هەستیاربوونی گفتوگۆکان ئامادەنەبووە ناوی ئاشکرابکات، دەڵێت "ئێمە وامان پێباشە، کورد بەباشی کارەکانی بکاتو بەپەلە بڕیار لەسەر بابەتەکەنەدەن". بەرپرسانی ئەمەریکی دەڵێن "تاکو ئێستاش ئامانجی ئەوان پێکهاتنی حکومەتێکە، کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراقو بەتایبەت سوننەکان تێیدا بەشداربن". سوننەکان بەبەشداری گەرموگوڕ لەهەڵبژاردنەکان دەتوانن ببنە هۆی گەشەی ڕۆڵی خۆیان لەڕەوتی سیاسیی عێراقو هاوکات پەراوێزکەوتنی لایەنە سوننە چەکدارەکانیشی لێدەکەوێتەوە. ئەمەریکا لەپێشنیازەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان پشتگیری دەکات، کۆشکی سپی بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامە ئەو پشتیوانییەی ڕاگەیاندووە. بەرپرسانی کورد باس لەوەدەکەن، جۆبایدن جەختیکردۆتەوە، ئەمەریکا بەهیچ شێوەیەک خوازیاری پەلەکردنی کورد نییەو نایەوێ سوننە لەفەزای سیاسیی عێراق دووربخرێنەوە.

لیستەکەی مالیکی بەنیازە لەزووترین کاتدا پشتیوانی لایەنی کورد بەدەستبێنێتو لەهەفتەکانی داهاتوودا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت یەکلاییبکەنەوە. ئەگەرچی ڕابەرانی لیستی دەوڵەتی یاسا باس لەوەدەکەن، کە خوازیاری بەشداریکردنی عێراقییەن لەحکومەتی نوێی عێراقدا، بەڵام ئەوەشیان وتووە، لەئەگەری بەشدارینەکردنی عێراقییە لەڕەوتەکەدا، ئەوان بەبێ بەشداری عێراقییە حکومەتی نوێی عێراق پێکدێنن.

# پرۆفایل

ئا: هیوای سەلیمی



## ئایەتوڵڵا محەمەد مەهدی ئاسفی، ئایەتوڵڵایەکی عێراقی بەرەگەزنامەی ئێرانییەوە

### ئاسفی پێداگیری زۆر لەسەر هاوپەیمانێتیی نێوان شیعەکانی ئێران، عێراقو لوبنان دەکات

ئایەتوڵڵا محەمەد مەهدی ئاسفی لە٢١ی مارسی ١٩٣٧ لەخێزانێکی ئاینیی شاری نەجەف لەدایکبووە. باوکی ناوبراو ئایەتوڵڵا شێخ عەلی محەمەد ئاسفی لەزانایانی ئاینیی ناسراوی نەجەف بووەو دایکیشی کچی ئایەتوڵڵا محەمەد تەقی بروجەردییە.

ئایەتوڵڵا محەمەد مەهدی ئاسفی، لەسەردەمی لاوێتییدا پەیوەندی بەناوەندە ئاینییەکانی شیعەوەدەکاتو لەلای مامۆستا شیعە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەی عێراقو لەوانە شێخ موجتەبا لەنکەرانی، شێخ سەدرا بادکوبی، سەرابی، شێخ محەمەد ڕەزا موزەفەرو زۆر کەسی دیکە تێکەڵ بەجیهانی پیاوانی ئاینیی شیعەدەبێت. هاوکات لەلایەکیترەوە، تاکو دواپلەکانی خوێندنی ئاکادیمی درێژە بەخوێندن دەداتو لەبواری زانستە ئیسلامییەکان لەزانکۆی بەغدا ماستەر وەردەگرێت. لەپلەیەکی بەرزتردا لای ئایەتوڵڵا حەکیم، ئایەتوڵڵا خومەینی، ئەبولقاسمی خوییو شێخ مورتەزا ئالی یاسین دوایین قۆناغەکانی ئاینیی دەبڕێتو سەرەئەنجام بەهۆی نووسینی کتێبی "ملکیە الارز فی الئیسلام" لەسەردەستی شێخ مورتەزا ئالی یاسین بەدەرەجەی ئیجتهاددەگات.

ئایەتوڵڵا محەمەد مەهدی ئاسفی، یەکێک لەپیاوە ئاینییە ناسراوەکانی شیعەی عێراقەو مەرجەعی ئاینیی بەشێکی زۆری شیعەکانی عێراق لەنەجەفو کەربەلایە. ئەوەش سەرەڕای ئەوەی، ساڵانێکی زۆرە لەئێراندا دەژی، بەڵام لەناو جیلی کۆنی شیعەی عێراقدا زۆر خۆشەویستە.

محەمەد مەهدی ئاسفی، یەکێک لەدامەزرێنەرانی حزبی دەعوەی ئیسلامییە، بۆ ماوەی سی ساڵ لەگەڵ کەسانێکی وەک سەید کازمی حائری، مەهدی عەلی ئەکبەری شەریعەتی، عەلی محەمەدی کورانی، مەهدی خالسیو حەمیدی موهاجرو زۆر کەسی دیکەدا، لەئەندامانی رابەری حزبی دەعوەبووە، بەڵام دواتر لەکاروباری سیاسیی کشاوەتەوەو بەوتنەوەی وانە ئاینییەکانەوە خۆی سەرقاڵکردووە.

ئایەتوڵڵا محەمەد مەهدی ئاسفی، لەشارەزاترین پیاوانی ئاینیی شیعە لەبوارەکانی فقهو قورئانە، کەم پیاوی ئاینیی شیعە هەیە، لەوبوارەدا شان لەشانی ناوبراو بدات.

ناوبراو یەکێک لەو کەسانەیە، کە بڕوای بەدامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەعێراقدا هەیە، باس لەوەدەکرێت، لەکاتی ئەندامبوونی لەسەرکردایەتیی حزبی دەعوەدا، بەردەوام پێداگیری لەسەر ئەو مەسەلەیەکردووە. شیعەگەرایی لەناوچەکەو بوونی هاوپەیمانیی بەهێز لەنێوان شیعەکانی هەموو وڵاتانی ناوچەکەو بەتایبەت لەنێوان شیعەکانی عێراقو ئێرانو لوبنان دروشمی هەمیشەیی ئایەتوڵڵا محەمەد مەهدی ئاسفی بووە.

ئایەتوڵڵا محەمەد مەهدی ئاسفی، لەبواری کۆمەڵایەتیشدا زۆر چالاک بووەو ناوبراو دامەزرێنەری ناوەندی خێرخوازیی ئیمام باقرە، کە ئەو ناوەندە لەساڵەکانی رابردوودا، خزمەتگوزاریی پێشکەش بە٦٧٠٠ خێزانی پەنابەری عێراقیو ئەفغانیی لەئێرانداکردووە، ئەو خزمەتگوزارییانە لە٣٣ شوێنی جیاجیای نیشتەجێبوونی پەنابەران جێبەجێکراون. هاوکات نزیکەی ١١٠ خانووی بۆ نیشتەجێبوونی کەسانی هەتیوو هەژار لەشاری قومی ئێران دروستکردووەو ٢٢٠ خانووشی لەناوخۆی عێراقو ئەفغانستان بۆ لێقەوماوان دروستکردووە.

ناوبراو خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی نووسراوەو گرنگترینی ئەوانە، کۆمەڵە کتێبی "رحاب القران"ە، کە لە١٢ کتێبدا نووسراوەو هەروەها چەندان کتێبی لەسەر ئابووریی ئیسلامیو بانکداری نووسیوە.

ئایەتوڵڵا محەمەد مەهدی ئاسفی، بۆ چەندان ساڵە لەشاری قومی ئێران نیشتەجێیەو رەگەزنامەی ئێرانیشی هەیە.

# ئەلقاعیدە گورزەکانی خۆی لەعێراق دەوەشێنێتەوە

## بۆشایی سیاسیو هەوڵی پەراوێزخستنی سوننەکان، رەنگە باری ئەمنیی عێراق بشلەژێنێت

ئازاد بەهین


هێزە ئەمنییەکان توانای پاراستنی خەڵکیان نییە

تەقینەوە خوێناوییەکانی ئەم دواییانەی عێراقو کوژرانو برینداربوونی ژمارەیەک لەمەسیحییەکان لەکڵێسەیەکی شاری بەغداو کۆمەڵێک تەقینەوەی دیکە لەناوچە شیعەنشینەکانی ئەو شارە، لەرۆژانی رابردوودا، نیشانیدەدا، کە چالاکی گرووپە توندڕەوەکان لەعێراق پەرەی سەندووەتەوە، هاوکات کارناسان لەو باوەڕەدان، کە رێکخراوی ئەلقاعیدە، هەلی بۆشایی سیاسیی لەعێراقدا قۆستووەتەوە.

گرووپێکی پەیوەندیدار بەئەلقاعیدە، بەرپرسیارێتی بەبارمتەگرتنەکانی لەکڵێسەی کاسۆلیکی شاری بەغدای گرتۆتە ئەستۆو هاوکات هەمان گرووپ زنجیرە تەقینەوەکانی رۆژی سێ شەممەی هەفتەی رابردووی ناوچە شیعەنشینەکانی گرتووەتە ئەستۆ.

سەرەڕای ئەوە، بانگەشەی گرووپێکی سوننی بەناوی "ویلایەتی ئیسلامیی عێراق"، ئامانج لەبارمتەگرتنەکانو هەڵکوتانەسەر کڵێسە لەرۆژی یەکشەممەدا، مەسیحییەکان بووە، نەک دەوڵەت، لایەنێکی نوێشی بەکەشوهەوای هێرشە توندوتیژییەکان لەعێراق زیادکردووە.

بەلەبەرچاوگرتنی توندوتیژییەکانی ئەم دواییانە، هەندێک لەسەرچاوەکان پێیانوایە، چالاکییەکانی ئەلقاعیدە لەعێراق، دووبارە دەستیان پێکردووەتەوەو ئەلقاعیدە لەو وڵاتەدا، سەرلەنوێ خۆی رێکخستووەتەوە.

### نیشانەیەک لەزیندووبوونەوەی چالاکییەکانی ئەلقاعیدە

درێژەی رکابەرێتیو ناکۆکییەکانی نێوان نوری مالکی، سەرۆک وەزیرانی ماوەبەسەرچووی عێراقو ئیئتیلافی ئەلعێراقییە بەڕێبەری ئەیاد عەلاوی، کە لەلایەن زۆربەی سونییەکانەوە پشتیوانی لێدەکرێت، بووەتە هۆی ئەوەی، سەرەڕای کەمبوونەوەی هێرشە توندوتیژیەکان لەمانگەکانی رابردوودا، بەجۆرێک بوار بۆ توندوتیژییەکان سەرلەنوێ خۆشببێتەوە.

هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق، رۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لەمبارەیەوە رایگەیاند، تەقینەوەکانی ئەم دواییانە لەئەنجامی ئەم بۆشاییە سیاسیو یاساییەی عێراقەوەیە، وتی "پێکنەهێنانی دەوڵەتی نوێ بواری بۆ توندڕەوانو تیرۆریستان رەخساندووە، تاکو هێرشەکانیان بۆ سەر خەڵکی بێ تاوان پەرە پێبدەن".

سەرکەوتنی ئیئتیلافی سیاسیی ئەلعێراقییە بەڕێبەری ئەیاد عەلاوی، کە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی بەهاری رابردووی عێراقدا دوو کورسی زیاتری لەئیئتیلافی سەرەکی شیعەکان بەدەستهێنا، جارێکیتر ئەم هەستەی لەنێوان سونییەکان بووژاندەوە، کە ئەوان گونجاوترین گرووپن بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا، ئەم حاڵەتەش دەتوانێ ببێتە هۆی بەهێزبوونی پشتیوانی لەگرووپە چەکدارە توندڕەوەکانو ئەلقاعیدە.

ئێستا وادێتە بەرچاو، کە گرووپە چەکدارە شیعەکان لەهەوڵی هێزکۆکردنەوەو بەدەستهێنانی پشتیوانی بەشێک لەمیلشیا چەکدارە سونییەکانن، کە لەسەردەمێکدا هاوپەیمانیان بوون، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٦ـەوە هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوەو بەسوپای ئەمریکاوە پەیوەستبوون.

ئێستا ئەلقاعیدە دەیەوێ بەپارە کەسانی ئاسایی ئەو ملیشیا چەکدارانە بەرەو لای خۆی رابکێشێت، هاوکات فەرماندەکانو هەندێک لەڕێبەرانی عەشایەری سوننی بەهۆی کەمکردنەوەی موچە، یان دەستبەسەرکردنی هەندێکیان، پێیانوایە، حکومەتی ئێستا بەڕێبەری شیعەکان خیانەتی لێکردوون.

کارناسانی بواری دژە تیرۆریزم دەڵێن "ئەلقاعیدە لەعێراق خۆی رێکنەخستووەتەوە، یان زیندوونەبووەتەوە، بەڵکو ئەو قەیرانو بارودۆخەی ئێستا بووەتەهۆی چالاکبوونەوەی ئەلقاعیدە". رێکخراوی ئەلقاعیدە لەساڵانی سەرەتادا، هێزەکانی لەعێراق زیاتر لەچەکدارانی بیانی پێکهاتبوو، بەڵام ئێستا هێزەکانی ئەو رێکخراوە زیاتر لاوانو گەنجانی عێراقن.

توندوتیژییە بێ بەزەییو تەقینەوەو هێرشەکانی ئەم دواییانە، بەشی هەرە زۆریان لەلایەن ئەو گەنجانەوە بوون، کە خۆیان تەقاندۆتەوەو پێشبینیی روودانی ئەو تەقینەوانەشی دژوارکردووەتەوەو بەرەنگاربوونەوەشی دژوارترکردووە.

### هێزە ئەمنییەکانی عێراق توانای پاراستنی خەڵکیان نییە

چاودێرانی بارودۆخی ئەمنیی عێراق دەڵێن "پاراستنو پارێزگاریکردنی خەڵک لەبەرامبەر تەقینەوە خۆکوژییەکان زۆر دژواربووە". کاردانەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەبارمتەگرتنەکانی کڵێسە و زنجیرەیەک تەقینەوەی بەهێزی دوو رۆژی دواتر، لاوازیو بێ توانایییەکانی ئەو هێزانەی خستەڕوو.

شاری بەغدا پڕە لەبازگەو بنکەی پشکنینو دەیان هەزار پۆلیسو هێزی ئەمنی بەردەوام لەئاستی ئەو شارەدا جێگیرکراون، لەهەلومەرجێکی ئاواشدا چوونەناوەوەی گرووپێکی گەورە لەچەکداران بۆ ناو کڵێسە، یان تەقینەوەی بەربڵاوو بەهێز لەناوچە شیعەنشینەکان، بەبڕوای چاودێران، ئەوە نیشاندەدات، کە چەکداران لەناو هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا هاوکاریو پەیوەندییان هەیە.

پسپۆڕانی بواری ئەمنی پێیانوایە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکداران هێزی پێویستیان هەیەو تەنیا کەموکوڕیی ئەوان نەتوانینی کۆکردنەوەی زانیارییە ئەمنییەکانو نەگۆڕینەوەی زانیارییەکانو ناهاوئاهەنگییە.

### چ هێزێکی تر، لەوانەیە بەرپرسی ئەم تەقینەوانە بێت؟

پێدەچێت، نوری مالکی بەمنزیکانە وەک سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی نوێی عێراق دیاری بکرێت، ئەم رووداوە سەرەڕای هەڵخڕاندنی چەکدارانی سەر بەئەلقاعیدە، ئەو گرووپە بەعسیانەش بۆ دژایەتیکردنێکی زیاتر هاندەدات، کە بەهۆی ئینتیمای ئیسلامیو نزیکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بیروەرییەکی خۆشیان لەگەڵ نوری مالکیدا نییە.

بەر لەزنجیرە تەقینەوەکانی ئەم دواییانە، ماوەیەکی زۆر بوو، تەقینەوەی لەوشێوەیە لەعێراقدا رووی نەدەدا، ئەوەی دەمانبینی، زۆرتر ئەو تیرۆرە پەرشو بڵاوو ناوبەناوانە بوون، کە بەبۆمبڕێژکردنی ئۆتۆمبێل، یان تەقەکردن ئەنجامدەدران.

### کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لەعێراق، زووتر لەوادەی دیاریکراودا دەبێت؟

سوپای ئەمریکا بەفەرمی لەکۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵدا کۆتایی بەلێپرسراوێتیی سەربازیی خۆی لەعێراق هێناو بەر لەچوونەدەرەوەی تەواو لەو وڵاتە، کە لەساڵی داهاتوودا دەبێت، ژمارەی هێزەکانی خۆی بۆ ٥٠ هەزار کەس کەمکردەوە.

هەندێک لەکارناسان دەڵێن "چوونە دەرەوەی ئەمریکا لەعێراق زووتر لەوادەی دیاریکراو نابێت، چونکە ئەو وڵاتە، هێشتا لەبواری ئەمنییەوە سەقامگیرنەبووە".

# روانینێکی دووبارە بۆ "رووداوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی کوردستان"

محەمەد عەلی تۆفیقی*

رووداوە کوێرو تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی کوردستانی ئێران، کە دوا نموونەکەیان چەند هەفتە پێش ئێستا لەمەیدانی ئیقبالی شاری سنە روویداو تێیدا چەند کەسێک لەهێزی ئاسایشیو چەند کەسێکی سڤیلیش کوژرانو بریندار بوون، گرنگییەکی شیکاریانەی تایبەتی هەیەو شیاوی ئەوەیە نوخبەو گرووپە سیاسییەکان بەوردی لەسەری بوەستنو لێکیبدەنەوە، چونکە جگە لەساڵانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران، تەنانەت لەلوتکەی شەڕی کوردستانیشدا، بەدەگمەن خەڵکی مەدەنیو هێزی وەک پۆلیس کەوتوونەتە بەر هێرش. خاڵێکی دیکە کە کۆی باسەکە ئاڵۆزتر دەکات، ئەوەیە لەساڵانی رابردوودا گوتاری زاڵی نێو نوخبەو ئۆپۆزسیۆنی کورد زیاتر لەبۆچوونی خەباتی مەدەنی (١)و ئاشتیخوازانە نزیکبووەتەوە، بەجۆرێک کە یەک یان دوو گروپ نەبێت، پارتە گەورەو ناسراوەکان بەکردەوە وازیان لەخەباتی چەکدارانە هێناوەو لەم رووداوانەی ئەم دواییەشدا بەراگەیاندن یان بەوتەی رەسمی، بێزاریی خۆیان دەربڕیوەو لەبۆچوونێکی دەگمەندا کە بەرهەمی گوتاری خەباتی ئاشتیخوازانەو مەدەنییە لەنێو کوردەکاندا، هاوکاتی ناوهێنانی ئەم رووداوانە وەک کردەوەی تیرۆریستی، رایانگەیاندووە تیرۆریزم ناتوانێت داوا مرۆڤایەتی، ئازادیخوازانەو دیموکراتییەکانی خەڵکی کورد بەدیبهێنێت. لەلایەکی دیکەشەوە، کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە هێزی (ضد انقلاب)ی بەهۆکاری ئەم رووداوانە زانی (٢)، ئەمە لەکاتێکدایە تائێستا هیچ گروپو لایەنێک بەرەسمی بەرپرسیارێتی ئەم پەلامارانەی لەئەستۆ نەگرتووە. بەم پێیەش، بەسەیرکردنی پێشینەی باسەکەو هەڵسوکەوتی فریودەرانەی حاکمانی سەرکوتکاری ئێران، پێناچێت بانگەشە گشتیو بێ بەڵگەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی برەوێکی زۆریان هەبێت.

خولی نوێی توندوتیژی لەکوردستان، کە بەتەقینەوە لەکاتی مارشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەهاباد دەستیپێکردو دواتر بەشەڕی چەکدارانە لەنێوان کەسانی نەناسراوو هێزی ئاسایشیدا لەسەقزو پاشان هێرشی کەسانی چەکداری نەناسراو بۆ سەر کۆشکی پۆلیسی هاتوچۆ بەبانگی "الله اکبر"ەوە بەڕۆژی رووناکو گەورەو قەرەباڵغترین گۆڕەپانی شاری سنەدا روویدا، چووەتە قۆناغێکی نوێوە. کۆی ئەم رووداوانە لەکاتێکدا روویداوە، کە بەڵگەو مەزەنەکان نیشاندەدەن ئێستا هەندێک بەشی "دەسەڵاتی فەقیهەکان" لەئێرانو نمونەیان سوپای پاسداران، کە هەموو باڵەکانی سیستمی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، زیاترین سوود لەم رووداوانە دەبینن، چونکە سوپای پاسداران دەتوانێت بەبیانووی نائارامیو توندوتیژی لەکوردستان، هاوکاتی تۆخکردنەوەی روانگەی ئاسایشی بۆ کوردستان، کە قازانجێکی زۆری بۆ ئەم هێزانە هەیە (٣)، رێگەچارەیەکیش بۆ زاڵبوون یان راکردن لەو کێشە تۆقێنەرە ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی کە بەهۆی بێتوانایی لەبەڕێوەبردندا کۆی وڵاتی گرتووەتەوە، بدۆزێتەوە.

ئێستا ئاشکرایە بێتوانایی سیستم لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی ئێراندا، تەنیا بۆ ئاستی سیاسیو سەرکوتکردن کورت نابێتەوەو ئاستی بەربڵاوتری کۆمەڵایەتی، ئابووریو کولتووریشی گرتووەتەوە. دەسەڵاتپەرستانی خۆجێی ئێران، کە بەداخەوە بانگی بەڕێوەبردنی جیهانیش دەدەن، لەدەرەوەی سنورەکانی ئێرانیش، حاڵیان زۆر لەناوخۆ باشتر نییەو جگە لەقەیرانی شەرعیەت، کێشەیەکی گەورەی وەک کێشەی ئەتۆمیو پەراوێزخرانی نێودەوڵەتیشیان هەیە.

لەگێژەنی کێشەی بونیادی لەناوخۆو دەرەوەو بەردەوامیو پەرەسەندنی بزووتنەوەی سەوزو پێداگریی خەڵک لەسەرداوای ئازادیخوازانەو دیموکراتیی خۆیان، توانای حاکمانی بۆ چارەسەری کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووریو ئابوورییەکان تا دوایی کەمکردووەتەوەو توانای کۆنترۆڵی باوی قەیرانەکانی بۆ "کەمینەی دەسەڵاتدار" ئێران ئێجگار زەحمەتکردووە. هەر بەپێی ئەمانەش، هیچ دوور نییە سیناریۆنووسانی بەشە ئاسایشیو سەربازییەکان بۆ دەرچوون لەو لەمپەڕانەی هەن، نانەوەی قەیرانی دەستکردو شانۆیی (هەڵبەت بەشێوەی چاودێریکراو، بەڕێوەبراوو قابیلی کۆنترۆڵ کە هاوکات دەنگدانەوەی میدیای فراوانیشی لەدەرەوەو ناوەوە هەبێت ٤) بخەنە نێو بەرنامەی خۆیانەوەو بەگەورەکردنەوەیان، کێشە قووڵو بونیادییەکان، لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتی، لای بیروڕای گشی پەردەپۆش بکەن. بەوتەیەکی تر، دەتوانین بڵێین دەسەڵاتپەرستانی ئێران بەنیازن بەدروستکردنی قەیرانی



خوێندنەوەی جیاواز بۆ رووداوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی ئێران دەکرێت

ساختە لەکوردستان، رێگە بۆ درێژەدانی سەرکوتکردنی ئایینی خۆشبکەن.

بەڵام وەڵامدانەوەی ئەوەی چۆنە کوردستان بۆ ئەم نەخشە شوومو باجە قورسە هەڵدەبژێرێت، زۆر قورس نییەو بۆ وەڵامەکەی دەتوانین بۆ پێشینەو رووداوەکانی ساڵی ٥٧ لەکوردستاندا بگەڕێینەوە. لەسەرەتای دەسەڵاتی نوێشدا حکومەت بەبیانووی جوداخوازییو سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن، بەداسەپاندنی شەڕ بەسەر ئەم ناوچەیەدا، هاوکاتی چەواشەکردنی بیروڕای گشتی لەناوەرۆکی فاشیستیو نادیموکراتی خۆی، توانی بەجۆشدانی خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، هاندانی هەستی ئایینیو راگەیاندنی بارودۆخی نائاساییو فووکردن بەگوتاری ئاسایشی نەتەوەییدا، رێگە بۆ سەرکوتکردنو داخستنی کۆی لایەنە سیاسییەکان لەکۆی ئێراندا بکاتەوە، داخرانێکی رەشو قورس، کە بەدەستپێکردنی شەڕی ئێرانو عێراق، زیاتری خایاندو پتر پەرەی سەند.

بەڵام دیارە ئەو ئەزموونە بەنرخەی خەڵکی ئێران لەرووداوە تاڵەکانو ساختەکارییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران لەساڵانی رابردوودا دەستیانکەوتووە، هاوکات روانگەی مەدەنیو ئاشتیخوازانەی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، بەر بەسەرکەوتنی سیناریۆی دووپاتەکیو سواوی "مانەوە بەخولقاندنی قەیرانی نەتەوەییو ناوچەیی" دەگرێت، ئەو قەیرانانەی دەسەڵاتی ئێران بۆ مانەوە پەنایان بۆ دەبات.

پەراوێزەکان:

١. سەبارەت بەزاڵبوونی شێوازی خەباتی مەدەنی لەکۆمەڵگەی کوردستان، جگە لەوازهێنان لەشێوازی توندوتیژو دامەزراندنی دەیان کەناڵی سەتەلایتو سەدان سایتی ئینتەرنێتیو باسی رووناکبیری، گەلێک بەڵگەی دیکەش هەن کە وەک نمونەی روونیان دەتوانین ئاماژە بەمانگرتنی گشتی خەڵکی شارەکانی کوردستان لەسەر داوای لایەنو کەسایەتییە رووناکبیریو سیاسییەکان بدەین، کە تێیدا بەشێکی گەورەی کوردستانی ئێران حاڵەتی نیوەداخراوی وەرگرت.

٢. وەزیری ئیتلاعات لەپەراوێزی سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ لوبناندا، رووداوەکەی سنەی دایە پاڵ "گروپە سەلەفییە کوردەکان". ئەمە لەکاتێکدایە کە گروپی وەها لەبنەڕەتدا لەکوردستانی ئێران بوونی نییە، واتە رێکخراوی ئاینی یان پارتیزانی کە بنەڕەتی چالاکیی خۆیان لەسەر بیروڕاکانی ئیبن تەمیمە یان ئەلقاعیدە دانابێت، لەجوگرافیای سیاسیی کوردستانی ئێراندا ئامادەییو بوونیان نییە. هەڵبەت دیارە رەوتی سەلەفی، کە رەوتێکی پاشکەوتنخوازی ئاینییە، وەک هەر رەوتێکی دیکە دەکرێت لەکوردستانی ئێران هەندێک لایەنگری هەبێت. بەتایبەت کاتێک ئەم ساڵانەی دوایی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر ئەم گروپانە ئاسانکاری بووە بۆ بانگەشەی ئاینی بۆیان، چونکە ئەو بانگەشانە بەلەمپەرێکی کارامە بەرانبەر هەندێک رەوتی ئیسلامی–سوننیو مۆدێرنی وەک مەکتەبی قورئان (لایەنگرانی موفتی زادە)و جەماعەتی دەعوەتو ئیسلاح (لقی ئێرانی ئیخوان موسلمین) دەزانێت، بەڵام سەرەڕای ئەو برە ئازادییەی بەم بانگەشانە دراوە، ئەم رەوتە توندوتیژە هیچکات لەنێو خەڵکی کوردستاندا قورسایی وەرنەگرتووە، کە رەنگە یەکێک لەهۆیەکانی کولتووری نەرمو هەڵکەری کوردەکانو هەروەها شافیعی بوونی سوننیەکانی کوردستانە. هاوکات پشتگیریی سوپای پاسداران لەگروپی ئەنسارولئیسلام، کە سەرچاوەی سەرەکیی ئیلهامو پشتگیرین لەبانگدەرانی سەلەفیگەری لەکوردستانی ئێران، شاراوەیی زیاتر کردووەو گومانی دەستی کۆماری ئیسلامی لەتوندوتیژیەکانی کوردستاندا بەهێزتر دەکات. هەروەها ئەنسارولئیسلام مێژوویەکی کۆنی هاوکاریی لەگەڵ سوپای پاسداران دژی کۆمەڵەو دیموکرات هەیە.

٣. لەبنەڕەتدا دەتوانین هۆیەکی بوونی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی ئێران بەبەرەنگاری لەگەڵ گروپە سیاسییە کوردییەکان بزانین، کە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی بەناچاریو بۆ بەرگری لەخەڵکی کوردستانو مافە رەواکانی خەڵکی کورد، پەنایان بردە بەر شەڕی چەکداری. سوپای پاسداران بەرانبەر کێشەی کورد، هەر لەسەرەتاوە تائێستا زیاتر رووی لەهەڵسوکەوتی ئاسایشیو چارەسەری سەربازی کردووە. بەم پێیەش، نەبوونی ئاسایشو توندوتیژی لەکوردستان هەمیشە بیانووی گەورەی بۆ سوپای پاسداران دروستکردووە، لەلایەکی دیکەشەوە، هەرچەشنە چارەسەرێکی دیموکراتیی کێشەی کورد، دەتوانێت ببێتە هۆی لاوازکردنی هێزی سوپا لەکۆی هاوکێشەکانی هێز لەئێرانداو هاوکات هەڕەشەی جدی لەبنەڕەتی بەرژەوەندییە گەورە ئابووریو سەربازییەکانی ئەم هێزە دەکات.

٤. تەقینەوەکەی مەهاباد هاوکات بوو لەگەڵ سەفەری ساڵانەی ئەحمەدی نەژاد بۆ ئەمەریکا. گەلێک وڵاتی خۆرئاوایی، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو دەوڵەتی ئەمەریکا بەڕەسمی ئەم تەقینەوەیان شەرمەزارکردو کەشێکی میدیایی لەبار بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم بانگە رەخسا، کە ئێران خۆی قوربانیی تیرۆریزمەو ئەحمەدی نەژادیش هەر ئەم بانگەی لەچاوپێکەوتن لەگەڵ میدیا جیهانییە گەورەکاندا وەک بەڵگە بەرزکردەوە. رووداوەکەی سنە هاوکات بوو لەگەڵ سەفەری ئەحمەدی نەژاددا بۆ لوبنانو پەنجە کێشان بۆ دەستی سەلەفییەکان (کە دیارترین تایبەتمەندییان دژایەتییە لەگەڵ شیعە) لەلوبنان دیسان خۆی جێگەی پرسیارە.

دوا خاڵی جێگەی سەرنجیش ئەمەیە بەم دواییە وتەبێژێکی کۆمەڵە باسی دەستی تۆڕێکی هەواڵگیری کردووە، کە سێ چالاکیی سەرەڕۆیانەی لەنێو هێزەکانی ئەم لایەنەدا دروستکردووە، وەک ئەو گروپەی کە لەسەقز تەقەیکردووە، بێئەوەی ئاماژە بۆ ناوێکی تایبەت بکات.

*** رۆژنامەنووسو ئەندامی پێشووی رێکخراوی موجاهدینی ئینقلابی ئیسلامی.**

# دوای دەستبەسەرکردنی چەند کوردێکی رۆژهەڵات

## ئێران بەریتانیا بەکاری تیرۆریستی تۆمەتبار دەکات

لە رۆژانی رابردوودا، وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، وڵاتی بەریتانیای بەوە تۆمەتبار کرد، لەڕێگەی چەند کوردێکی خۆرهەڵاتەوە ویستوویەتی لەئێراندا کاری "تیرۆریست"ی ئەنجامبدات.

ئەو وەزارەتە لەڕاگەیەنراوێکدا رایگەیاندووە کە چوار کەسیان بەناوەکانی مەجید بەختیاری، هەژیر ئیبراهیمی، لوقمان مورادی و زانیار مورادیان لەمەریوان دەستگیرکردووە، کە بەپشتیوانی بەریتانیا لەهەوڵی کاری "تیرۆریست"یدا بوون.

بەپێی راگەیاندنەکەی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، ئەو چوار کەسە پەیوەندییان بەکوردێکی دیکەوە هەبووە بەناوی جەلیل فەتاحی لەلەندەنو ئەو رێبەریان بووەو هانیداون بۆ کاری "تیرۆریست"ی.

لەدوای ئەوە دەستبەجێ وڵاتی بەریتانیا ئەو تۆمەتانەی ئێرانی رەتکردەوە.

بری مارستۆن وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەڕادیۆ فەردای راگەیاند "بەریتانیا هیچ کات پشتیوانی لەتیرۆریزم نەکردووەو ئێران بەردەوام هەر رووداوێک لەئێران رووبدات، دەیخاتە ئەستۆی بەریتانیا".

مارستۆن ئەوەشی وتووە ئێران لەبری ئەم تۆمەتانە، باشترە بەشوێن کێشەکانی خۆیەوە بێتو چارەسەری جدییان بۆ بدۆزێتەوە.

میدیاکانی ئێران سەبارەت بەو چوار کوردە دەستبەسەر کراوە، ئەوەیان بڵاوکردبووەوە، کە ئەو کەسانە لەدوو ساڵی رابردوو پێنج کردەوەی "تیرۆریست"یان ئەنجامداوە.

لەهەمانکاتدا بەوەش تۆمەتباریان کردبوون کە کۆمەڵە پشتیوانی لێکردوونو بۆ کوشتنی هەر کەسێک، بڕی بیست هەزار دۆلاریان وەرگرتووە.

لەکاردانەوە بەم راگەیاندنە، لایەنەکانی کۆمەڵە تۆمەتەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتیان رەتکردەوەو دەستبەجێ سەبارەت بەمەسەلەکە راگەیاندنیان دا.

لەبەشێک لەڕاگەیەنراوەکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕدا هاتووە، کە ئەو چوار کەسە هیچ پەیوەندییەکیان بەکۆمەڵەوە نییەو ئەو حیزبە چەندان ساڵە چالاکیی چەکدارانەی وەلاناوە، خەباتی سیاسی بەقازانجی بزووتنەوەی کوردستان دەزانێت.

بنەماڵەی چوار کەسەکەش لەوتوێژ لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا باسی ئەوەیان کردووە کوڕەکانیان هیچ پەیوەندییەکیان بەکۆمەڵەوە نەبووە، تەنیا سەرقاڵی ژیانی رۆژانەیان بوون.

ئیقبال مورادی باوکی یەکێک لەتۆمەتبارەکان وتوویەتی کوڕەکەم هیچ پەیوەندییەکی بۆ کۆمەڵەوە نەبووەو کاتێکیش دەستگیرکراوە، تەنیا شازدە ساڵی بووە.

باوکی ئەو تۆمەتبارە کە بەهۆی کێشەی ئەمنی لەهەرێمی کوردستان دەژی، دەڵێت لەخاکی هەرێمی کوردستانیش کەوتوومە بەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دوو ساڵ لەمەوبەر بەتوندی برینداربووم.

هەروەها وتوویەتی "زانیاری کوڕم، لەبیست مانگ لەمەوبەرەوە لەزینداندایەو لەو کاتەوە هیچ هەواڵێکم لەبارەی چارەنووسییەوە نییەو لەو ماوەیەدا تەنیا یەک جار دایەگەورەی توانیویەتی لەزینداندا چاوی پێبکەوێت".

ئیقبال مورادی ئەوەشی خستووەتەڕوو کە ئەو "تیرۆرانە"ی کە لەساڵانی رابردوودا ئەنجامدراون، بەفەرماندەیی کەسێک بەناوی هیوا تاب ئەنجامدراوە، کە ئێستا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زیندانیکراوە.

هیوا تاب کە بە "گەورە جاشی" مەریوان ناسراوەو کاتی خۆی رۆژنامەی دەستوور راپۆرتێکی تایبەتی لە سەر بڵاوکردەوە، هەر ئەو کەسەیە، کە گۆڤاری نەیشنی ئەمەریکی وەک "عەقیدی سوپا" ناوی لێبردبوو و نووسیبووی سێ گەشتیارە ئەمەریکاییەکە لەناوچەی هەورامان لەلایەن هیوای تابەوە دەستگیرکراون.

بەپێی گۆڤاری نەیشن، تاب ئێستا بەهۆی رفاندنی خەڵکی مەدەنیو کوشتنی برازای مستەفا شێرزادی ئیمام جومعەی مەریوان زیندانیکراوە.

شارەزایانو پسپۆڕانی بوارەکە وێڕای ئەوەی کە ئەم رووداوانە لەکوردستان بەگوماناوی دەزانن، پێیانوایە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا، چەندان کاری تیرۆریستی لەکوردستانی خۆرهەڵات ئەنجامدراوە، کە دەستی کۆماری ئیسلامی لەپشت بووە بۆ زیاتر سەپاندنی کەشی ئەمنیەتیو دواجاریش بۆ فشار خستنە سەر چالاکانی مەدەنیو مافی مرۆڤ.

# دەستپێشخەری یان خۆنواندن؟

## سەبارەت "بەدەستپێشخەرییەکەی بارزانی"



زمناکۆ عەزیز

دووشەممەی رابوردوو لەهەولێر، سەرانی کوتلە براوەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، لەسەر بانگهێشتی مەسعود بارزانی کۆبوونەوە، بۆ قسەوباسو دانانی میکانیزمەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق، بەڵام ئەوەی کەبیستراو بەدیکرا، ئەوە بوو کە بارزانی نەک هەر هیچ رێگەچارەو پێشنیازێکی نەخستەڕوو یان دروستتر پێی نەبوو، بەڵکو هەمان قەوانی سواوی تەوافوقو ئاشتەوایی نیشتمانیو مەبدەئی شەراکەتو زۆرێکی تر لەم دەستەواژە وەرسکەرانە لێدرایەوە، خۆئەگەر لەباسەکانی دەستووری کۆبوونەوەکەش بڕوانین، کە نوێنەرەکەی بارزانی لەکۆبوونەوەکەدا خوێندییەوەو ئەوانیتر دەنگیشیان بۆدا، ئەوا ناتوانێ چەند ملیمەترێکیش قەیرانە چەق بەستووەکە بباتە پێشەوە، چونکە هەمان ئەو خاڵانەن کە هەشت مانگی ڕەبەقە لایەنەکان لەسەری ڕێکناکەونو هێز نییە بتوانێ لەسەر ئەو خاڵانە بیاخاتە حاڵەتی ڕێککەوتنەوە.

کاتێک دەوترێت دەستپێشخەری بۆ کێشەیەکی وەک ئێستای عێراق، ئیتر وشەکە مانا سادەکەی خۆی لەدەستدەداتو بۆ هەرکەسێکی چاودێر بەناونیشانی پرۆژەیەک یان نەخشەڕێگەیەک تەماشادەکرێتو لانیکەم دەبێت بتوانێت ٥٠٪ لەهەلومەرجی پێش کۆبوونەوەکان ئاڵوگۆڕ پێبکات، بەڵام ئایا ئەمەی کە لەهەولێر بینرا بەم شێوەیە بوو؟ ئایا نووسراوێکی جدی هەبوو کە شایەنی ئەوە بێت ناوی لێبنرێت دەستپێشخەری؟ ئایا زۆرێک لەوانەی کە قسەیانکرد، هیچ ئاڵوگۆڕو نەرمییەکیان نیشاندا بەقازانجی دەربازبوون لەم دۆخە چەقبەستووە؟ بێگومان نەخێر، چونکە دەستپێشخەرییەکە بەتەنیاو تەنیا بانگەوازێک بوو بۆ کۆبوونەوەو هیچی تر، خودی بارزانی لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا جەختی لەمە کردەوەو بەڕوونی وتی " ئەوە گرنگە کە سەرانی کوتلەکان بێنو لێرە لەبەرانبەر یەکتریدا قسەکانی خۆیان بکەن"، وەک ئەوەی کە ئەمانە هەرگیز کۆبوونەوەیان نەکردووەو رووبەیەکتر قسەیان نەکردووە؟

هەربۆیە ئەمە نەک هەر پرۆژەیەک نەبوو بۆ چارەسەری گرفتێک، بەڵکو گرفتەکەی زیاتر کرد، کاتێک لەجیاتی قسەکردن لەسەر گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت، فرسەتدرا بەنزیکەی ١٢ کەس کە خوتبە بدەنو درێژدادڕی بکەن لەقسەکانیانو تەواوی قسەکانیشیان بەوانەی بارزانی خۆشیەوە هەرهەموو دووبارەبوونەوەو وتنەوەی ئەو قسانەبوون کە بەدرێژایی حەوت ساڵی رابردوو لەم سەرۆک حزبو مەلاو ئایەتوڵاو کۆنەبەعسیانە دەبیسترێتو هیچیشی لێ بەرهەم نەهاتووە.

بارزانیو ئەو ستافەی کە بەرنامەی ئەو کۆبوونەوەیەیان دانابوو، پێشتر زانیویانەو دڵنیابوون کە کارەکەیان ئەنجامگیری لێناکرێتو هیچی لێ سەوز نابێت، چونکە پرۆژەیەکی جدییان پێ نەبوو تا ئەو چاوەڕوانییەی لێبکرێت، بەڵام باش دەیانزانی کە ئەمە فرسەتێکی باشە بۆ خۆنواندنو کردنەوەی فرسەت بۆ پیاهەڵدانی ریاکارانەو ناڕاست، پارەو خەرجییەکانی ئەو تەشریفاتەش کەوتە سەرشانی ڕەشوڕووتو بەشمەینەتانی کوردستانو لەداهاتی دزراوی ئەوان دەرهات.

کێشەی دەوڵەت لەعێراق، پێی ناوەتە قۆناغێکەوە کە ئەگەر پێکهێنانی حکومەتیش رابگەیەنرێت، ئەوا ناتوانێت کۆمەڵگە لەو قەیرانە ئەمنیو سیاسیو ئابووریو فەرهەنگیانە دەربکێشێت، کە هۆکاری دروستبوونی ئەم بارودۆخەن. بەرژەوەندییەکانو دنیابینییەکەی هەرکام لەلایەنەکان بەحیزبەکەی کاک مەسعودیشەوە، وابەستەی جیهانبینیو بەرژەوەندیی یەکێک یان زیاتر لەدەوڵەتانی ناوچەکەو جیهانن، بۆیە تەوافقی نێوان بەرژوەندیی سیاسی لەنێوان ئێران لەلایەکو ئەمەریکاو دەستوپێوەندەکانی لەوڵاتانو حزبی ناوخۆیی لەلایەکیترەوە، کارێکی ئێجگار سەختو زەحمەتە لەم برگە دیاریکراوەدا، هەر ئەمەشە وایکردووە کە پێکهێنان یان دروستتر راگەیاندنی حکومەت سەختو دژوار بێت. قڵشتی نێوان لایەنەکان فراوانترە لەجاران، هاوکێشە سیاسییەکان ئاڵۆزتر بوونو هەموو لایەنەکان هەستیاربوونی بارودۆخەکەیان درککردووەو هەرکامەیان پێداگری دەکات لەسەر ستراتیژی خۆی.

ئەوەی لەم نێوەدا نەستراتیژی دیارەو نەبەرنامەی بۆ داهاتوو هەیە، حیزبە کوردییەکانی ناو ئەو "گەمە سیاسییە"ی عێراقن. لەوەش قەباحەتتر ئەوەیە کە پێگەی ئەو حیزبە کوردیانە لەناو ئەو هاوکێشانەدا، بەو شێوەیەیە، کە ناتوانن هیچ پۆستێکی سیادی وەدەستبهێننو سەرەنجام ئەمەش بەنرخی بردنە سەرەوەی جێگەو رێگەی هاووڵاتیانی کوردستان تەواو بێت، کەچی لەناوخۆی هەرێمدا پەیتا پەیتا یاسای دژە ئازادیو دژی بنەماکانی "دیموکراسی"و "مافەکانی مرۆڤ"و دژی بەرژەوەندیو دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان دەردەکەن. یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم، یاسای خۆپیشاندان کە لەڕاستیدا یاسای قەدەغەکردنی خۆپیشاندانە، لەگەڵ چەندان یاسای سەیرو سەمەرەیتر کە مەگەر خێری تەنیاو تەنیا بۆ خۆیان ببێت.

دیوێکی تری ئەم دەستپێشخەریەی بارزانی، نیشاندانی کاریکاتۆربوونی حکومەتو پەرلەمانی هەرێم بوو، کاتێک هەریەک لەسەرۆکی حکومەتو سەرۆکی پەرلەمان وەک دوو بت لەوێ دانرابوونو رێگەیان نەدان ورتەیەکیش بکەن. لەکاتێکدا کۆبوونەوەکە لەپایتەختی "حکومەتو پەرلەمان"ەکەی ئەواندا بەسترابوو.

بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان لەئێستادا لەوەدایە کە داهاتووی خۆیان تەسلیم بەو حیزبانە نەکەنو رێگەنەدەن جارێکی تر لەڕێگەی هەڵەکانی ئەوانو هاوشێوەکانیان کە لەنۆ دەیەی رابردوودا کردوویانە، کوردستان ببێتەوە مەیدانی جەنگو کوشتارو مالوێرانی بۆ خەڵکەکەی. جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەئەمڕۆدا، بەپێچەوانەی بۆچوونی تاڵەبانیو بارزانیەوە، لەهەموو ئەو ئەگەرانەی بەردەم حکومەتی عێراق واقیعیترو مومکنترو کەم دەردی سەرترە.

---

# برایانی پۆلیس، با "شەق وەشاندن" نەبێتە دیاریی دەستتان

هەڵشۆ عەبدولفەتاح

کاتێک باسی پۆلیس دەکەین، بێ سێو دوو بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە پۆلیس لەهەموو دنیادا ئەرکی پارێزگاریکردنە لەسەرو ماڵی هاووڵاتیانو بەهانەوە چوونیانو پاراستنیان لەڕوودانی کارێک کە بەپێچەوانەی یاساوە بێت، لەسەروو هەموو ئەمانەوەشەوە کارکردن لەپێناو سەروەریی یاساو جێبەجێکردنی یاسا بۆ هەمووان بەبێ هیچ جیاوازییەک.

بێگومان لەسەرجەم ئەو وڵاتانەدا کە بانگەشە بۆ پرۆسەی پەیڕەوی دیموکراسیو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەکەنو هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتینو لەبەڕێوەبردنی کارەکانشیاندا ڕەچاوی بەندەکانی مافی مرۆڤ دەکەن، واتە لەکاتی ڕوودانی هەر کارێکیشدا، کە لەگەڵ یاسادا نەگونجێتو پێچەوانەی یاسا بێت، ئەوا ئەو کات برایانی پۆلیس دەستبەجێ ئەرکی سەرشانیان جێبەجێدەکەن، جا کەسی تاوانبار هەرجۆرە تاوانێکی ئەنجامدابێت، تەنانەت تاوانەکە لەهەر ئاستو شێوازێکدا بێت، واتا گەورە بێت یاخود بچوک، واتا هەرچەندە تاوانی کەسی تاوانبار قەبە بێت، کەلێرەشدا بۆ هیچ کەسێک نییە بەو کارە بڵێت تاوان، تا لەدادگادا لەلایەن دادوەری تایبەتمەندەوە بڕیاری لێدەدرێت، کە ئەو کارەی ئەو کەسە ئەنجامیداوە بەپێی یاسای دیاریکراو تاوانەو پێویستە کەسی تاوانبار بەپێی یاسا سزا بدرێت.

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە هیچ کەسێک تاوانبار نییە، تا لەلایەن دادگاوە بەتاوانبار رانەگەیەنرێت، کەواتە بەپێی یاساش کاری برایانی پۆلیس لەبەڕێکردنی کاری ڕۆژانەیاندا خستنە بەردەمی ئەو کەسانەیە کە تاوانبارکراون بەئەنجامدانی تاوانێک بۆ بەردەم دادگاو دادوەران تا بڕیار لەسەر تاوانباریو بێتاوانی کەسەکان بدەن، لەهەموو حاڵەتەکاندا بۆ برایانی پۆلیس نییە لەکاتی دەستگیرکردنی کەسەکاندا بۆ خۆیان ببنە دادوەرو بڕیاریش لەوە بدەن ئەو کەسە تاوانبارە، پاشان بەشەقو زللەو کارەبا لێدان بیبەنە ئەو شوێنەی کە خۆیان مەبەستیانەو دەیانەوێت، ئەگەر لەحاڵەتێکدا کەسی تاوانبارکراو گوێڕایەڵی برایانی پۆلیس نەبوو یان ئامادەنەبوو بچێتە بەردەم یاسا، ئەوا هۆکاری زۆر گونجاوتر شیاوترو سەردەمیانەتر هەیە لەدژیان بەکاربهێنرێت تا کەسی تاوانبارکراوی پێ ببەنە بەدەمی دادگا، ئەویش بەپێی پرەنسیپەکانو بنەما یاساییەکان، هاوکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ، واتە لەهەموو حاڵەتەکاندا بۆ ئەفسەرو کارمەندانی پۆلیس نییە بێئەوەی کەسێک هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی توندی بەرانبەریان هەبێت، بەڵام بەویستو ئارەزووی خۆیان رەفتاری لەگەڵدا بکەنو سوکایەتی پێبکەنو لێیبدەن.

وەک ئەو ڕووداوەی کە ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری ٢٠١٠/١١/٤دا لەکاتژمێر ٥ عەسر لەگەڕەکی کارێزەوشک لەسلێمانی ڕوویدا، کاتێک کۆمەڵێک گەنج یاریی کۆتاییان هەبوو لەیاریگای کارێزەوشک، منیش ڕووومکردبووە ئەو یاریگایە بۆ بینینی ئەو یارییە، بەڵام کاتێک ئەو ڕووداوەم بینی یاریم هەر بیرچووەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە یاری بەبردنەوەی لایەکیان هیچ جۆرە ئاڵۆزیو کێشەیەکی بەدواوە نەبوو، پاشان بەچەند مەترێک لەنزیک یاریگاکە لەلایەن یەکێک لەمەفرەزەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی فریاکەوتن ناسراو بە (نەجدە) کە ئۆتۆمبێلێکی مێکزەمینی ڕەنگ خاکی بوو لەسەری نووسرابوو (swat)، کاتێک کە بەداخەوە نازانم تاوانی ئەو دوو گەنجە چیبوو، بەڵام لەلایەن مەفرەزەی ناوبراوەوە بەلێدانێکی زۆرو بەبەکارهێنانی شەق وەشاندنو کارەباڵێدانو سوکایەتیو ئیهانەکردنیان لەناو ئەو هاووڵاتیانەی کەلەو ناوەدابوون، کەوتنە وێزەیانو سواری ئۆتۆمبێلەکەیان کردنو بردیانن.

ئەوەی سەرنجی منی زیاتر راکێشا ئەوەبوو کە یەکێک لەئەندامانی مەفرەزەکە، برایەکی ئەفسەر بوو بەپلەی (ملازمی دوو) کە ئەمە ئەوەندەی تر منی سەرسامکرد کە کاکی ملازم چۆن بەشەق بەربووە ئەو دوو گەنجە، بەڵکو بەوەشەوە نەوەستا کارەباشی لێدەدان بێئەوەی ئەو دوو گەنجە هیچجۆرە کاردانەوەکیان بەرانبەریان هەبێت. تەنیا کاردانەوەی ئەوان هاوارکردنو پاڕانەوە بوو، نازانم تۆ بڵێیت هیچ جۆرە سۆزو بەزەییەک لەو ئەفسەرو کارمەندی پۆلیسانەدا هەبێت، چونکە ئەگەر ئەو دوو گەنجە هەرجۆرە هەڵەیەکیان کردبێت، هەرگیز شایەنی ئەو لێدانو تێسرەواندنە نین، با برایانی پۆلیس وەک کاری خۆیان تەنیا بیانبردنایە بەردەم دادوەرو ئەگەر هەڵەیەکیشیان بەرانبەر برایانی پۆلیس کردبێت، ئەوا دەیانتوانی سکاڵای یاساییان لەسەر تۆماربکەن، نەک توانای شەق وەشاندنو هێزی خۆیان لەواندا تاقیبکەنەوە. تۆ بڵێی جەنابی بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنو پۆلیسی سلێمانی ئاگاداری هەڵسوکەوتی کارمەندەکانی خۆیان نەبن؟. تەنیا سۆزو بەزەیی من بۆ ئەو دوو گەنجەو هاوارەکانیان لەدەست شەقی پۆلیسەکان پاڵی پێوەنام ئەم چەند دێرە بۆ بەرپرسیارانیان بنووسم، ئەگینا هیچ جۆرە ناسیاوییەکو هاوڕێیەتیەک لەنێوان منو ئەو گەنجانەدا نییەو ناشزانم چ کارە بوون، تا ئاگاداری ئەمجۆرە رەفتارو هەڵسوکەوتانەی کارمەندو ئەفسەرەکانیان بن، کە بێگومان ئەمجۆرە مامەڵەکردنەیان لەگەڵ هاووڵاتیاندا، دەبێتەهۆی ناشرینکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەیانو ئەدای پیشەیی پۆلیس لەناو خەڵکیدا، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمجۆرە مامەڵانەی پۆلیس لەگەڵ هیچ جۆرە عورفو یاساو بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێت، بەڵکو هەڵەیەکی مەترسیدارەو هەموو دەزگاکانی پۆلیس دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە کە ئایا: ئەرکی پۆلیس پارێزگاریکردنە لەسەروماڵی خەڵک، یاخود داپڵۆسینو سووکایەتی پێکردنیان؟.

Halsho_985@yahoo.com

---

# قاسم ئاغاو فەزیحەکەی دەسەڵاتی دادوەری

فەرهاد محەمەد

ئەو دەمەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن راستییەکان دەشێوێنێت بۆ مەبەستی هاوکاریکردنی کەسێکی تۆمەتبار بەئامانجی راپێچنەکردنی بۆ بەردەم دادگاو نەگەیاندنی بەسزای عادیلانەی خۆی، کارەساتێکی گەورەیە، بەڵام کارەساتێک، تراژیدیایەک سەدان هێند لەو گەورەتر دەسەڵاتی دادوەری، کە بەهەستیارترین دەسەڵات لەقەڵەمدەدرێت لەنێو دەسەڵاتەکاندا، وەکو داردەستێک بۆ مەبەستی ماکیاژکردنی دەموچاوە ناشیرینەکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بەکاربێتو هەوڵی بەیاساییکردنی تەبریرە نایاساییەکانی دەسەڵات بدات. راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، تا نوسینی ئەم بابەتە لەکوردستاندا هەژمونی حزب زاڵە بەسەر دامودەزگاکانی دەسەڵاتی دادوەریدا، وەختێکیش هەژمونی حزب زاڵدەبێت بەسەر بڕیارە قەزائییەکاندا، هیچ تروسکاییو گرەنتییەک بەدیناکرێت بۆ خاوەن ماف، بەگەڕانەوەی مافەکەی.

لێدوانە تەبرێرییە نالۆژیکییەکەی وتەبێژەکەی ئەنجومەنی دادوەری بەوەی، کە دەستگیرنەکردنی تۆمەتبار قاسم ئاغا لەهەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کوبی فەرمانی دەستگیرکردنی ناوبراو نەگەیشتووەتە هەولێر، لەهەولێریش هیچ سکاڵایەکی لەدژ تۆمارنەکراوە، لێدوانێکە هێند لاوازو قەناعەتپێنەکەرە تەنانەت سادەترین هاوڵاتی ئەم هەرێمە درک بەوەدەکات، کە تاکە ئامانج لەم لێدوانە تەنها بۆ پەردەپۆشکردنی عەیبەکانی دەسەڵاتە، لێدوانەکە پێماندەڵێت، هەرکاتێک فشاری رای گشتی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەبێت , بێ دو دڵیو ئۆتۆماتیکیانە دەسەڵاتی دادوەری خۆی دێتە ناو مەیدانەکە بۆ پاڵپشتیکردنو تەجمیلکردنی دەسەڵات ئامادەیە هەموو توانا شاراوەکانی خۆی بەگەڕبخاتو بەنوێژی نیوەڕۆ دەست لەملانێی دەسەڵات بکات. وەلێ ئەو هەڵوێستەی ئەنجومەنی دادوەری لەشاردنەوەی کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی دەسەڵاتو نیشاندانی وەکو پەپولە موفاجەئە نییە، چونکە خەڵکی کوردستان لەژێر سایەی میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆنەوە دەمێکە ئەو گومانەیان لابۆتە یەقین، کە دەسەڵاتی دادوەری لەکوردستاندا لەخزمەت دەسەڵاتی سیاسیدایەو دامەزراوە قەزائییەکان تاسەر ئێسقان لەبری بەرژەوەندییەکانی خەڵک بەرژەوەندییەکانی حزب دەپارێزنو دروشمە بریقەدارەکانو رستە رۆمانسییەکان چەشنی سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەریو سەروەری یاسا لەکوردستاندا، جگە لەمەرەکەبی سەر کاغەز نەبێت، هیچی تر نەماوەتەوە. باس لەدەزگای داواکاری گشتی ناکەم، کە ئەرکو وەزیفە یاساییەکەی بریتییە لەوەی کە پێویستە داکۆکی لەو تاوانانە بکات، کە پەیوەندییان بەمافی گشتی خەڵکەوە هەیە، چونکە بەهۆی ئەوەی ئەندامانی داواکاری گشتی لەخەوێکی قوڵدان (قوڵتر لەخەوەکەی ئەسحابو لکەهف) خەڵکی کوردستان عەیامەکە بەسابوونی حەلەب دەستیان لەم دەزگایە شۆردووە! ئەندامانی داواکاری گشتی لەرێژەیەکی بێ شوومارى ئەو تاوانانەی کە مافی گشتی خەڵکی تێدایە، کڵاوی خۆیان گرتووە، با نەبیات، لەبەرئەوە تائەم ساتە ئەندامانی ئەم دامەزراوە قەزائییە پڕ بایەخە لەڕێگەی بێدەنگییەکەیانەوە بوونەتە جێگەی نائومێدیی خەڵکی کوردستان، بەڵام رەنگە داواکاری گشتی بیانووی یاسایی بێدەنگییەکەیان ئەوە بێت، کە ( بێدەنگی جوانیی مرۆڤە)! هەنوکە بەهۆی چاوپێکەوتنەکەی رۆژنامەی هاوڵاتی لەگەڵ قاسم ئاغا دەرکەوتووە، کە ناوبراو تا ئێستا لەهەولێر دادەنیشێتو لەلایەکی تر ئەوەش زانراوە، کە لەهەولێریش لەساڵی ٢٠٠٣ەوە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی ئەوکات بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە لەنوسینگەی نەهێشتنی تاوانی کوشتن بەپێی مادەی ٤٠٦ی س، ئەی بۆچی ئەنجومەنی دادوەری هەنوکە چرپەی لێوەنایەتو خۆی کردووەتە بەماستی مەیو؟! بۆچی ئێستا ئەنجومەنی دادوەری کۆنگرەی رۆژنامەنوسی نابەستێو لێدوان نادەن، تاکو جەختبکەنەوە لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانی دەستگیرکردنەکەی؟! یان نا نەخێر لێدوان بەمەرجیک دەدرێت، کە زەرەر بەدەسەڵاتی سیاسی نەگەیەنێت؟ ئەی جێبەجێنەکردنی فەرمانی دادوەر لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بۆخۆی بەمانای بێ نرخکردنی هەیمەنەی دەسەڵاتی دادوەری نایەت؟ لێدوان نەدانو بێدەنگی ئەنجومەنی دادوەری لەدوای کەشفبوونی قاسم ئاغا بەوەی، کە تائێستا لەهەولێر ژیان دەگوزەرێنێت بەفیعلی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری خستە ژێر سەدان پرسیارەوەو ئەو راستییە بۆ خەڵکی کوردستان سەلمێنرا، کە ئەگەرچی دەسەڵاتی دادوەری لەجەستەی حکومەت جیابووەتەوە، بەڵام جیابوونەوەکە تەنها بینایە، ئەگینا لەماهییەتدا هیچ پێشکەوتنێک لەسەر ئەرزی واقیع رووی نەداوە، بەڵام شتێک زۆر ناخۆشحاڵم دەکات، چونکە پێشبینی دەکەم، لەم ماوەیەدا لێدوان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە بدرێت، بەڵام بەهەڵە مەڕۆن، لێدوانەکە بۆ مەبەستی جەختکردنەوە نییە بۆ دەستگیرکردنی قاسم ئاغا، بەڵکو پەیوەستە بەفەلتەکەی وتەبێژەکەی ئەنجومەنی دادوەری، چونکە رەنگە ئەو فەلتە قەبارە گەورەیە پینەبکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی تەقەڵەکە زۆر گەورەیە، بۆ ئەمەش پێویستیان بەپینەچییەکی زۆر پرۆفیشناڵ هەیە!


farhadhawler981@yahoo.com

بـرلـسـکـۆنـی: خـۆشـەویـسـتـی ژنــان لـەنـێـربـازی بـاشـتـرە 19



# ئاژانسی پاراستنی ئاسایش بێلایەنە؟!

## بودجەی لەگیرفانی حکومەتەو کارمەندەکانیشی لەپارتین



شوان سدیق

لەهەولێرو دهۆک بەو پێیەی پارتی پاراستنی حیزبەکەی نزیککردووەتەوە، لەئاسایشی جاران، لەئێستادا وەک تێکەڵبوونەوەیەک ناویان دێنێت، واتە پێیدەگوترێت "ئاژانسی پاراستنی ئاسایش"ی هەرێمی کوردستان، "A.P.A.H.K"، لەسلێمانیش یەکێتی هاوشێوەی پارتی بەئاشکرا دەزگای زانیاری تێکەڵ بەئاسایش نەکردووەتەوە، وەک ئەوەی لەراگەیاندنەکان تەنیا دەگوترێت دەزگا یان بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان "سلێمانی". بەڵام بەپێچەوانەی یەکێتی، پارتی لەهەمانکاتدا دووئامانجی خۆی پێکاوە، یەکەمیان ئەوەیە کە دەزگای پاراستن هی خۆیەتیو کەچی خستوویەتییە سەر ئاسایش، لەکاتێکدا ئاسایشیش خراوەتە ژێر باڵی پاراستن، هەروەها موچەی ئاسایشو پاراستنیش هەردووکیان لەسەر بودجەی حکومەتە هەموو خەڵکی کوردستان، پاڵپشتیدەکرێن، کەچی ئاسایشو پاراستنو هەموو دەزگاکە کۆم پلیت، هەر پارتییەو دیاریشە هەر بەنیازن بۆ پارتی وەک موڵکێک بۆ ئەو حیزب بمێنێتەوە، نەک هەموو خەڵکی کوردستان تێیدا بەشداربن!

ئێمە قسەمان دەربارەی تێکەڵکردنەوەی دەزگا ئەمنییەکانی حیزب نییە، چونکە لەکوردستان ئەوەی دەبینریۆ هەیە، شتێک نییە بەناوی دەزگایەکی ئەمنی راستەوخۆ سەر بەحکومەتی هەرێم بێت، هەر بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمیش پێیوابێت، جگە لەموچەوەرگرتن، بەتەحەداوە بڵێێت ئاسایش سەربە حکومەتە، بێگومان راستییەکان لەهاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەشارێتەوە، چونکە نموونەی ئەمانەش زۆرن.

رەنگە جیاوازیی ئاسایشی هەولێر تەنیا لەبەرپرسەکانیانەوە بێت، لەرووی دەرکەوتنیانەوە، چونکە بەرپرسانی ئاسایشی هەولێر، "پارتی" بەپێچەوانەی بەرپرسانی ئاسایشی سلێمانی "یەکێتی" دەرناکەون، هەمووو لێدوانو بۆچوونێک بەلایانەوە پێویستە بەفیلتەری جۆراوجۆردا راڤە بکرێت، دواتر لەمینبەرو لاپەڕەکانی رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە.

هونەری ئەم دەرنەکەوتنەی ئەوان دیار نییە نازانرێت ئایا دەرنەکەوتنیان پەیوەندی بەدۆخی ئاسایشی خۆیانەوە هەیە؟ یان ئاسایشی کوردستان ئەوە دەخوازێت؟ یاخود لەبەر هۆکاری جیاجیا نایانەوێت، بەرپرسە جیاجیاکانی دەزگاکە لێدوانی جیاجیا بدەنو خراپ بەسەر ئیشوکاری دەزگاکەیاندا بشکێتەوە.

ئەگەر سەرۆکی ئاژانسی پاراستن پێیوابێ لەناوخۆی هەرێمی کوردستان، کەسانێک هەبن، نەیارییان یاخود حەز بەبوونی دەزگایەکی وا ناکەن، بێگومان بەدڵنیاییەوە، کەسانێک هەن رەنگە ئەو کەسانە حەز بەبوونی ئەو جۆرە دەزگایە نەکەن، لەبەرئەوەی چونکە ئەو دەزگایە بێلایەن نییە!

جیا لەوەی کاروبارو شێوازی وەرگرتنی کارمەندی دەزگاو هەرجۆرە مامەڵەکردنێکی دەزگای پاراستن، لەگەڵ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، کتومت کۆپیکراوو لەرەچەڵەکدا، حیزبییانە بیردەکاتەوە.

بێگومان تائێستاکە ئەو دەزگایە لەبەرئەوەی خۆیان نایانەوێت، ئەوانیش نەهاتوون کار لەسەر ئەوە بکەن، کە دەزگایەکی ئەمنی لەم شێوەیە پەیوەندی بەدۆزی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەهەولێرو دهۆک هەیە، بۆیە پێویستدەکات، هاووڵاتییانیش بەدەزگای فەرمی خۆیانی بزانن.

بەڵام لەبەرئەوەی تائێستاکە دەزگای "پاراستنی ئاسایش"ی هەرێمی کوردستان، وێنەیەکی بێلایەنی نیشانی خەڵک نەداوە، جگە لەو کەسانەی سەر بەحیزبی حاکمن لەهەولێرو دهۆک، کەمن لەو کەسانەی ئەو دەزگایە بەموڵکی خۆیانو گەل بزانن.

ئەگەر وەڵامی دەزگای ئاسایشی پاراستنی هەرێم ئەوە بێت، "ئێمە کار لەسەر رەوشی ئاسایشی هەرێم بەتایبەتی دوو پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی زەرد دەکەین، بێگومان ئاسایشیش خۆراکێک نییە بەجیا دابەشبکرێت، بەسەر هەموو خەڵکیدا، بەڵکو بۆ هەمووییەتی". دیسان وەڵام بۆ ئەو وەڵامەی ئاسایش زۆر ئاسانە، چونکە جارێ وەرن سەیری پێکهاتەی دروستبوونی ئاسایش بکەن، لەم هەرێمە لەبەرئەوەی هەموو فەرمانو بوونو دروستبوونێکیان لەحیزبەوە سەرچاوەیگرتووە، بێگومان تائێستاکەش ئامادەنین یاخود ئامادەنەبوون، ئەو دەزگایە تەسلیم بەحکومەتی هەرێم بکەن.

بێلایەنیی ئەو دەزگایە لەوەشدا جێی هەڵوەستەیە کە تائێستا حیزبیانە مامەڵەدەکات، حیزبیانە خەڵک وەردەگرێت، کەواتە کەسێک پارتی نەبێت، بەهیچ جۆرێک لەو دەزگایە جێی نابێتەوە. لەکاتێکدا بودجەی تایبەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ تەرخاندەکرێت، ئەو حکومەتەی کە جگە لەپارتیو یەکێتی چەندان حیزبو لایەنی تریشی تێدا هاوبەشن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم بودجەی تایبەتی تەرخانکردووە بۆ ئاسایش، لەکاتێکیشدا بەحیساب دەبێت حکومەت، حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام دەزگایەکی وا تەنیا پارتی تێدا جێیدەبێتەوە.

ئەمەش وەڵامی ئەوە دەداتەوە بۆ بەرپرسانی ئاسایش کە زۆر لەسەری دەڕۆن، ئاسایش ئاسایشی خەڵکی کوردستانە، ئەگەر ئاسایشی خەڵکی کوردستان بێت، دەبێت هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستان، بەپێی پێوەرەکانی ئاسایشی ئێستا جێگەیان ببێتەوە، ئەو تواناو تاقەیەی کە هەیانە لەبواری ئەمنییەتیدا، با لە دەزگایەکی ئەمنی تایبەت بەحکومەت بۆ هەموو خەڵکی کوردستانی بخەنەگەڕ.

نەک دەزگاو دامەزراوەیەکی گەورە لەوڵاتدا لەسەر بنەمای حیزبی کارەکانی خۆی رایدەکاو لەسەر حکومەتیش بودجەی تایبەتی بۆ دابینبکرێت، لەکاتێکدا ئەو بودجەیە، بودجەی هەموو خەڵکی کوردستانە، کەچی دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوەو خەڵکی تریش چاوە زەقەیان بێت، ئەمە بێلایەنییەکەی ئاسایشە لەوڵاتدا!

shwansdiq@yahoo.com

# بارزانی لەهەوڵێکی چڕدایە بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەرکوک

وەرگێڕانی: دانا جەمیل

جێگیربوونو پەرەسەندنی دەسەڵاتی کورد لەدوو دەیەی رابردوودا ترسی هەرێمیو پێکهاتە عێراقییەکان بەئینتیما جیاوازەکانییەوە زیادکردووەو لەگەڵ روخاندنی رژێمی سەدام حسێنیشدا کوردەکان وەک هێزێکی سیاسیی کاریگەر دەرکەوتنو دامەزراندنی پەرلەمان بووە هۆی پێکهێنانی حکومەت، بووە هۆی دەرکردنی یاسای یەکلاکەرەوە لەپایتەختی هەرێم لەهەولێر، سەرکردەی پارتە سیاسییەکان خاڵێکی کاریگەربوون، کە بەهۆی سەردانەکانیانەوە پشتگیرییان بۆ ئەزموونەکە زیادیکردووە.

بەرزبونەوەی نائاسایی سامانی کورد، راستەوخۆ دەرئەنجامی یەکبوونی کوردی بووە، لەگەڵ تێکچوونی بەغدا لەهەردوو بواری سیاسیو سەربازیدا هەروەها هاوکاری ئەمەریکا بۆ کورد لەقۆناغە چارەنووسسازەکاندا بۆ تێکۆشانو خەباتکردنو باشکردنی ئەدائی دەسەڵاتیان، دامەزراندنی زۆنی پارێزگاریکردن لەلایەن ئەمەریکاوە لەدوای جەنگی کەنداو لەساڵی ١٩٩١دا ئەمەش مەترسیی داگیرکاری عێراقی بۆ کوردەکان نەهێشتو کوردەکان بەسەربەستی پیادەی دەسەڵاتیان دەکردو دامەزراوەکانیان گەشەپێداو فراوانیانکردنو کردیان بەئەمری واقیع.

دکتۆر ئەیاد عەلاوی دەڵێت "کوردەکان هەستدەکەن کە شەرعیەتی تەواویان هەیە بۆ فراوانکردنی نفوزی خۆیانو دانانی کاریگەریی زیاترو بەدەستهێنانی سودی گەورەتر، لەم پێناوەشدا سیاسەتی واقیعی پەیڕەودەکەن".

هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ وەستاندنی تموحی کوردەکان لەهەرێمە سەربەخۆکەیان لەعێراقدا، کە هەولێرو سلێمانیو دهۆکە، لەکاتێکدا عەرەبە عێراقییەکان یەکتریاندەکوشت لەشەڕێکی نەخوازراوی ناوخۆدا کوردەکان مەشغوڵی فراوانکردنی هەیمەنەی خۆیان بوون لەکەرکوکی دەوڵەمەند بەنەوتو دیالەو موسڵ، کە بەناوچە جێناکۆکەکان ناودەبرێن.

بەڵام ئایا ئەم فراوانکردنی دەسەڵاتەی کوردەکان، بەبێ وەڵامدانەوە بەردەوامدەبێت؟ لەچ بارودۆخێکدا سوپای عێراقی تەحەدای هێزی کوردی دەکات لەداهاتوودا؟ ناخۆشیو ئازارەکانی سوپای عێراق لەسەردەستی هێزەکانی پێشمەرگە لەموسڵو کەرکوکو دیالە کاردانەوەی خراپی لەسەر پێکهاتە نەتەوەییەکانی عێراق دروستکردووە تا ئەوپەڕی بێمتمانەیی.

سەرەڕای رەتکردنەوەی سەرکردە کوردو عەرەبەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەکانی داهاتووی هەولێرو بەغدا، بەڵام رووداوەکان لەواقیعدا وێنەیەکی تر پیشاندەدەن، لەکاتێکدا واشنتۆن رایگەیاند کە فرۆکە جەنگییە پێشکەوتووەکانی دەفرۆشێت بەعێراق، بۆ بەهێزکردنی هێزی ئاسمانیی عێراقی.

قسەکەری پەرلەمانی کوردستان "سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان" عەدنان موفتی رەخنەی لەو رێکەوتنە گرتو وتی تەیارەکان لەدژی کورد بەکاردەهێنرێن.

لەساڵی ٢٠٠٨دا باڵیۆزی ئەمەریکا لەعێراق رایان کرۆکەر بەشەخسی تەداخولیکرد بۆئەوەی سوپای سێی عێراقو هێزەکانی پێشمەرگە لەخانەقین بەیەکدا نەدەنو شەڕ دروست نەبێت، سوپای سێ ئەو سوپایەبوو، کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ناردی بۆ یارمەتیدانی عەرەبو تورکمانەکانی خانەقینو لەلایەن کوردەکانەوە رێگەیان لێگیرا.

بارزانی چاوی بڕیوەتە کەرکوک وەک خەڵاتێکی کۆتایی بۆ بەدەستهێنانی، کوردەکان بەسێ فراکسیۆنی سەرەکییەوە نوێنەرایەتییان دەکرێت بەداواکردنی لیستێک کە لە١٩ خاڵ پێکهاتووە بۆ گەڕاندنەوەی هاوکارییەکانیان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، تێگەیشتن لەمە قورسەو هەرچۆنێک بێت، سەرکردەی پارتە سیاسییەکان چۆن دەتوانن هاوپەیمانێتی دروستبکەن، ئەگەر کوردەکان سوربن لەسەر سەپاندنی داواکارییەکانیان تەنانەت ئەگەر رازیشبکرێن بەناچارکردنی کوردەکان، ئەوا پەرلەمانی نیشتمانی داهاتوو بۆ ماوەیەکی درێژ هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە.

### هەورە رەشەکان

ئەمڕۆ کوردەکان خۆشحاڵن بەکاریگەرییان لەکەرکوک، ئەوان بەتەواوی کۆنترۆڵی ئاسایشو ئابووریو ژیانی شارەکەیان کردووەو بەتوندی تورکمانو عەرەبەکان بێزاردەکەن، تورەبوونو دروستکردنی ئەزمەو ئەشکەنجەدانو کوشتنو رفاندن لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئەنجامدەدرێتو بووەتە هۆی چەپاندنی ژیانی سیاسیی شارەکە. ئەم تۆمەتانە لەلایەن بەغداوە رەتناکرێتەوە بەتایبەتی سیاسییەکان، کە وادادەنێن کوردەکان هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی چاکسازییەکی نیشتمانی گەورە لەعێراقدا.

جۆرج جۆف وانەبێژی زانکۆی کامبریج دەڵێت "لەئێستادا کوردەکان رووبەڕووی ئەزمە بوونەتەوەو هەستدەکەن گەمارۆ دراون، زیادەڕەویی دەکەن لەدەستبەسەرداگرتنی نەوتی کەرکوکو ئەوان نەوت بەرهەمدەهێنن، بەڵام ناتوانن بیفرۆشن".


هەروەها دەڵێت "بەتەواوی پشتبەستوون بەئابووریی تورکیاو ئیستسماری تورکیا ئێستا لەوە تێگەیشتوون، کە بەم شێوەیەش ناتوانن ئابووریی سەربەخۆیان هەبێت، لەبەرئەوە هەوڵدەدەن رۆڵێکی نێوەندگیریان هەبێت نەک حاکمی".

سەرەڕای تەقینەوەی ئەم دۆخە، هێشتا سەرکردە سیاسییەکانی عەرەب بێدەنگن لەبەرئەوەی دەزانن لەئێستادا پێگەیەکی ئەوتۆیان نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بارزانیو هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە هێزەکانی عێراق لەئێستادا زۆر لاوازنو چەند ساڵێکی تری دەوێت بۆ نوێبوونەوەیانو راهێنانیان بۆ بەهێزکردنەوەیان بەهەمان شێوەش هێزی ئاسمانیی نوێی عێراقیش هەندێک ساڵی دەوێت.

خراپبوونی ئەم دۆخە، بووەتە ئاماژەیەکی ترسناک بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەداهاتوودا کە لەوانەیە لەباکور تا باشوری عێراق بگرێتەوە، کە رەنگە دەیەیەک بخایەنێت، ئەگەر ئەم دۆخەی ئێستا لەکاتی خۆیدا چارەسەر نەکرێت، جەنگ لە کەرکوک هەڵدەگیرسێت.

**سەرچاوە: گۆڵف نیوز.**

# دیکتاتۆریەتی زۆرینە هەزارجار باشترە لەدیموکراسیەتی تاکە سەرۆکێک



ئاری ئەبوبەکر/دانیمارک

پاش بڕیاردان لەسەر یاسای خۆپیشاندان لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەگشتی ئۆپۆزسیۆن داوای ئەوەیان لەسەرۆکی هەرێم کرد، کە ئیمزا لەسەر ئەو یاسایە نەکاتو رەتیبکاتەوە.

دیارە بەپێی پێوەرەکانی ئۆپۆزسیۆن، یاساکە دژی ئازادییە گشتییو فەردییەکانە، بۆیە داوایان لەسەرۆکی هەرێم کردووە بۆ رەتکردنەوەی.

قسەکردنی ئێمە لێرەدا لەسەر باشو خراپیی یاسای خۆپیشاندان نییە، ئەوەیان هەڵدەگرین بۆ کاتو فرسەتێکی تر، بەڵکو قسەکردنی ئێمە لێرەدا لەسەر خودی داواکەی ئۆپۆزسیۆنە لەسەرۆکی هەرێم بۆ رەتکردنەوەی بڕیارێک کە زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان وەک دەزگایەکی شەرعی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە، کە داوایەکی لەو جۆرە لەلایەن هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتووو کۆمەڵی ئیسلامییەوە) هەڵگری کۆمەڵێک رەهەندو مەغزای ترسناکە، کە وادەکات سیستەمی پەرلەمانیو دیموکراسییەتی زۆرینەو کەمینە کاڵبکاتەوەو بە پێچەوانەوە برەو بەسیستەمی میهرەبانیو دیکتاتۆریەتی تاکەکەسی بدات.

لەڕاستیدا ئۆپۆزسیۆنو زۆربەی هێزە سیاسییەکانمان (جگە لەیەک حیزبی کوردستانی نەبێت، کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە) بەباشو خراپ، بەگەندەڵو شەفافەوە، تێڕوانینیان بۆ جۆری سیستەمی سیاسیی ناو هەرێمی کوردستان تێڕوانینی سیستەمی پەرلەمانییە، کە پەرلەمان وەک دەزگایەکی کارا، لەسەر بنەمای زۆرینەو کەمینە، بڕیارەکان دەربکات، جا ئەو بڕیارو یاسایانە باش بن یان خراپ، ئەوە جۆری دەنگی دەنگدەر ئەو زۆرینەو کەمینەیەی ناو پەرلەمان دیاریدەکات، لەوێشەوە جۆری بڕیارەکانی پەرلەمان، لێپرسراوێتی پەرلەمان، بەزۆرینەو کەمینە، پاش تاوتوێکردنو گفتوگۆی چڕ، بڕژێتە ناو رووباری ویستی هاووڵاتییانەوە. ئەمە بەکورتی خوێندنەوەی منە، بۆ قسەو کردارو بەرنامەی هەموو هێزە سیاسییەکان جگە لەپارتی، دیارە لەئێستادا پارتی، بەحوکمی ئەوەی کورسیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەژێر سەرۆکی ئێستای پارتیدایە، ئاواتەخوازی ئەوەیە کە سیستەمی سیاسیی کوردستان، سیستەمێک بێت کە سەرۆکێک بەتەنیا بڕیاردەربێتو هەموو قسەیەکو دوا بڕیارێک تەنیا لەدەستی سەرۆکدا بێت، ئەویش بەسادەیی لەبەرئەوەی کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمە، دەنا ئەگەر ئەو سەرۆک نەبێت، پێموانییە پارتیش رێگە بەوەبدات کە سیستەمی سیاسی کوردستان سەرۆکایەتیی بێتو تەنیا کەسێک لەبری هەموو پەرلەمان بڕیار رەتبکاتەوەو بڕیار ئیمزا بکات.

دەشێت لەئێستادا پەرلەمان یاسایەک دەربکات هەمووان دڵگرانبینو یاساکە بەمەترسی بۆ سەر دیموکراسیەتی کوردستان بزانین، بەڵام خستنەدەستی قەدەری هەموو یاساکان لەدەستی سەرۆکی هەرێمدا، وەک تاکە شەخسێک، بەوەی کە ئیمزای بکات ببێتە یاساو ئیمزای نەکات نەبێتە یاسا، تەمتومانێکە زیاتر لەدیکتاتۆریەتی شەخسێکەوە نزیکە وەک لەسیستەمێکی دیموکراسی، کە دوا بڕیار لەدەستی پەرلەماندا دەهێڵێتەوە، نەک شەخسێک یان کەسایەتییەک.

ئەگەرچی ئۆپۆزسیۆن بەتێڕوانینی خۆی، بۆیە داوا لەسەرۆکی هەرێم دەکات کە یاسای خۆپیشاندان ئیمزانەکات، بۆئەوەی ئازادی تاکو گروپەکان پێشێل نەکرێت، بەڵام میتۆدی بەرگرتن بەو پێشێلکارییە، هەڵەیە، چونکە بەهەموو پێوەرێک، بۆ کۆمەڵگەیەکی تازە ئازادو لەسەرەتای گەشەسەندنی دیموکراسیەتی وەک کۆمەڵگەی کوردی، لەناو ژینگەیەکی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە هەمیشە ژینگەی خۆرهەڵات لەبارە بۆ دروستبوونی دیکتاتۆر، هەڵەیەکی ستراتیژییە کە داوای ئەوە بکرێت کەسێک بتوانێت بەر بەقسەی پەرلەمان بگرێتو لەمپەڕ لەبەردەم یاساکانی پەرلەماندا دروستبکات.


بۆیە ئەگەر بڕیارەکانی زۆرینەی ناو پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەک لەشێوەکان دژی ئازادییە گشتییەکان بێت، سەدجار لەوە باشترە کە سیستەمی پەرلەمانی ئیفلیج بکرێت بۆ میهرەبانیی تاکە سەرکردەو سەرۆکێک، چونکە ئەگەر سیستەمی سیاسیی کوردستان بووە سیستەمێکی تاک سەرکردەو تاک سەرۆک، تەنیا شەخسێک هەموو شتێک بێتو یاسادەرکردنو رەتکردنەوە بەدەستی ئەو بێت، سیستەمی پەرلەمانیو دەزگای پەرلەمان دەبنە دەزگایەکی کارتۆنی خاڵی لەهەموو پرەنسیپەکانی زۆرینەو کەمینە، جیاوازیو فرەڕەنگی.

لەم هەڵە کوشندەیەدا (داواکردن لەسەرۆک بۆ ئەوەی میهرەبانی بنوێنێتو ئیمزا لەسەر یاسای خۆپیشاندان نەکات) ئۆپۆزسیۆن ئەوەی لەبیرچووە، کە ئەگەر بەیانی ئەوان بوونە زۆرینەو ویستیان ئەو یاسایانە دەربکەن، کە ئەوان ئاواتەخوازین، ئەو کات سەرۆکی هەرێم بەهەمان میتۆدی ئێستا دەتوانێت رێگری بکاتو ئۆپۆزسیۆنیش ناتوانێت قەناعەتمان پێبکات کە سەرۆک دیکتاتۆرە، چونکە سەرۆکو هەوادارەکانی دەڵێن، کەمینەی ئێستاو زۆرینەی داهاتوو بۆخۆی حەڵاڵ بوو داوا لەسەرۆکی هەرێم بکات یاسایەک ئیمزا نەکات کە بەدڵی ئەوان نەبێت، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە بۆ خەڵکی حەرامە! ئەمە ئەگەر حسابی ئەوەش نەکەین، کە دەشێت سەرۆک دواجار منەتی ئەوەمان بەسەردا بکات، کە لەیاسایەک لەیاساکاندا بەرەی میللەتی هەڵبژاردووەو رەتیکردووە (وەک لەیاسای رۆژنامەنووسیدا بینیمان، کە سەرۆک گلەیی ئەوەی لەرۆژنامەنووسان دەکرد لەسەر سپڵەییان).

بۆیە لێگەڕێن یاساکە تێپەڕێنرێت، جا بەباش یان خراپ، چونکە دیکتاتۆریەتی (ئەگەر بڕیارە زۆرینە دیکتاتۆر بێت) زۆرینە هەزارجار باشترە، لەپاڕانەوەو داواکردن لەمیهرەبانیی تەنیا سەرۆکێک.

Arei1976@hotmail.com

# جەنابی سەرۆک؛ تکایە واژۆیبکە



یاسین عومەر ئیبراهیم

لە سیستەمە دیکتاتۆریو نیمچە دیکتاتۆرییەکاندا، سیستەمی سیاسی هیچ نییە لەهەوڵێکی بێپەروا بۆ فووتێکردنی کاریزمای دیکتاتۆر زیاتر، لەحیزبی نادیموکراتدا، نزیکەی کۆی رووبەری ئۆرگانەکانی حیزب دەبنە ماشێنێک بۆ کێشانی وێنەیەکی پاکو بێگوناەو داهێنەرو میهرەبان بۆ سەرۆکی حیزب. ماشێنی ماسمیدیا، ماشێنی پەروەردە، ماشێنی دامەزراوەکان، هەر هەمووی لەگاڕانێکدا سەرقاڵی سەمان لەپێناو دروستکردنی وێنەیەک بۆ سەرۆک، کە وێنەی ئەو نییە. هەندێکجار ئەم ماشێنە زەبەلاحو بێڕەحمە تاکتیکێکی ئێجگار زیرەکانە دەگرێتەبەر، تاکتیکێک کە تازە لەکوردستان پارتێکی زرنگی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان تاقیدەکاتەوە.

پێشئەوەی ئەو تاکتیکە شیبکەمەوە، دەبێت بڵێم من سەرسامم بەکارکردنو جوڵە سیاسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم ماوانەی پێشوودا، لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاریی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنو خەڵکی کوردستان، بەڵام ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو پارتە کاریکاتێرییە نییە، کە نوخبەی خوێندەواری سیاسیی جیابووەوە لەپارتی وێنەیاندەکێشا، ئەو پارتەی کە جگە لەنەخوێنەوارو "کڵاو مشکیبەسەر"ەکان کەسی دیکەی لەگەڵدا نییە، ئێستا پارتی حیزبێکە کە دەیانجار دیراسەی هەنگاوێک دەکات ئەوجا دەینێت، هەزارجار بیر لەکارێک دەکاتەوە، ئەوسا دەیکات. بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرن، مراوەغەکانی ئەم حیزبە لەململانێی نێوان گۆڕانو یەکێتیدا، سەپاندنی سیستەمی سەرۆکایەتیو کردنی بەئەمری واقیع لەکوردستاندا، بەدەستهێنانی ژمارەیەکی باشی کورسی بەدەنگێکی کەم لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا، مامەڵەکردنی لەگەڵ گۆڕاندا، هەموویان گەواهیدەری ئەو قسەیەی سەرەوەن.

هەروەها دوا کاریان کە من پێموایە کارێکی زیرەکانەیە، تێپەڕاندنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانەکان بوو، چونکە وەک ئەوەی زۆر پێشتر من پێشبینیمکردبوو، یاساکە لەپەرلەمان تێپەڕێنرا، بەڵام بەبۆچوونی من، کاتێک یاساکە دەخرێتەبەردەم سەرۆکی هەرێم، بەتێبینییەوە دەینێرێتەوە بۆ پەرلەمانو واژۆی ناکات، سەرئەنجام ئەمەش دەکرێتەوە بە بەخششێکی دیکەی سەرۆکی پارتیو پێماندەفرۆشرێتەوە، وەک ئەوەی لەیاسای کاری رۆژنامەگەریدا کردیانو واژۆنەکردنیان کردە منەتێک، هەرکاتێکیش بچووکترین رەخنە رووبەڕووی پارتی دەکرایەوە بەوەی مومارەسەکانی دژ بەرۆژنامەنووسان دیموکراسییانە نین، هەر پارتییەک وەڵامیدەدایەوە یەکەم قسەی ئەوە بوو: کەس بۆی نییە منەتی بەرگرییکردن لەئازادیی رۆژنامەگەری بەسەر ئێمەدا بکات، چونکە ئەگەر "سەرۆک بارزانی" نەبووایە، ئەوا بەیاسایەکی هاوشێوەی وەکو یاساکانی سەردەمی بەعس حوکمدەکران، لەوەشدا بڕێکی ئێجگار زۆر لەڕاستی هەیە، بەخششێک هەیە، بەڵام بەخششێکی عەیبدار، چونکە بەخششێکە تاکەکسییە، پلانێک لەپشتییەوەیەتی کە ئامانجەکەی شتێکی دیکەیە جگە لەبەرگرییکردن لەئازادیی رۆژنامەگەری، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم کرایە عەبایەک بۆ ئەوەی هەموو کارە خراپەکانی پارتی دژی رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانی لەژێردا حەشاربدرێت.

پێشئەوەی بەتەواوەتی وێنەی ئەم تاکتیکە بکێشم، دەکرێت نموونەی هاوشێوەی ئەمە لەسیستەمە نادیموکراتەکانی دیکەدا ببینین، لەمیسر کاتێک هونەرمەند عادل ئیمام سەرقاڵی نمایشکردنی شانۆگەریی (الزعیم) بوو، وەزیری رۆشنبیریی میسر ویستی رێگیریی لێبکات، چونکە وەک دەزانین کۆی شانۆگەرییەکە تەنزێکی جەرگبڕبوو بۆ پیاوێکی وەکو حوسنی موبارەکو هەموو دیکتاتۆرە نەخوێندەوارو میلیتارەکانی عەرەب، بەڵام دیارە رێگرتن لەشانۆییەکی عادل ئیمام بۆ سیستمێک کە عەودالی سواڵکردنی رەزامەندیو دەستخۆشییە لەجەماوەرو لەدنیاش، ریسکێکی گەورەیە، چونکە سیستمی جەملەکی (جمهوری/مەلەکی) موبارەک باش دەزانێت بەو کارە هەم لەبەردەم جەماوەرو هەم لەبەردەم رایگشتیی جیهانییشدا هێندەی تر شەرمەزاردەبێت، لەو پێناوەشدا تاکتیکی "کۆیلەکانی حیزب هەڵەدەکەنو سەرۆک راستیدەکاتەوە، چونکە سەرۆک مەعسوومە" خرایەگەڕ، هەربۆیە حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر، خۆی لەپرسەکە هەڵقورتاندو بڕیاریدا دەرگای هۆڵەکان بۆ نمایشکردنی شانۆگەرییەکە بکرێنەوە، ئیتر نیوەی ئەو چەپڵانەی بڕیاربوو بۆ عادل ئیمام لێبدرێن، لەپای ئەو نواندنە مەزنەی لەشانۆییەکەدا؛ بەر موبارەک کەوتن، لەکاتێکدا لە "جڕت" زیاتر شایەنی هیچیدی نەبوو.

هەنووکە هەمان شانۆگەری لەکوردستان دووبارەدەبێتەوە، ئەمڕۆ رۆژی سێشەممە، چی رۆژنامەم دەکردەوە سیخناخ بوو لەهاوارو فوغان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان واژۆنەکات، لەپەرلەمانتارەکانی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵەوە بیگرە، بۆ رۆژنامەنووسە کورتبینەکان، بۆ رۆشنبیرانی کورد، بۆ چالاکوانەکانی کۆمەڵی مەدەنی، هەموویان لەیەک کۆرسدا سەرقاڵی وتنەوەی گۆرانی "دەخیلتم ئامان واژۆی نەکەیت" بوون، پێمسەیربوو، بەڵام بەزەییشم پیایاندا دەهاتەوە. لەوەتەی پرسی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانەکان هاتووەتە کایەوە، بەردەوام من گوێبیستی ئەوەم کە نابێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاساکە واژۆبکات، بەبێ ئەوەی یەک کەس لەوانەی گوێم لێیانبوو بپرسن ئەرێ کێ خولقێنەری ئەم کێشەیەیە؟ کێ وایکردووە یاسایەکی هێندە نادیموکراتو ناشیرین بگاتە سەر مێزی سەرۆکی هەرێمەکەمان؟ ئایا ناکرێت پێشئەوەی کارەکە بگاتە دادوفوغان بۆ سەرۆکی هەرێم، چارەسەربکرێتو هێندە سەرمان بەم یاسا ناشیرینو دواکەتووانە نەئێشێنرێت؟ کەس ئەو پرسیارەی نەکرد. هەموو ئەوانەش کە وەک تاکە فریادڕەس هانا بۆ سەرۆکی هەرێم دەبەن، بەخۆیان بزانن یان نا، بوونەتە داشی دامەیەک لەیارییەکی بێتامدا، یارییەک کە تەنیا یەک براوە لەخۆدەگرێتو تەواو.

ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان باوەڕی بەئازادییەکی تەندروستە، ئازادییەک کە بەیەک دنیا قەیدو شەرت، بەیەک دنیا پەرژینو قەدەغە نەتەنراوە، ئەوا دەبێت ئەمە لەئەدەبیاتی ئەو حیزبەدا لەسەرۆکەکەیەوە کە بەڕێز مەسعود بارزانییە، هەتا بچووکترین ئەندامی ئەو حیزبە ببینین، ئەوە شتێکی زۆر نالۆژیکییە فراکسیۆنێکی تەواوی ئەو حیزبە لەپەرلەماندا کە ژمارەیان ٢٩ پەرلەمانتارە دەنگیان بەو یاسایە داوەو تەنانەت بۆ دەرمانیش یەک پەرلەمانتاری ئەو پارتە نابینیت دەنگی نەخێری بۆ ئەو یاسایە بەرزکردبێتەوە، ئیدی ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەو حیزبە بەکۆ تێڕوانینیان بۆ پرسەکە ئەوەیە کە هەیە، بەهەمانشێوەی یاسای کاری رۆژنامەگەری، هەر ئەندامێکی ئەو حیزبە باسی رۆژنامەگەریی دەکرد لەکوردستان، وەکو مەترسییەکی گەورە کە پێویستی بەکۆتوبەندکردنە وێنایدەکرد، کاتێکیش یاساکەیان گەڵاڵەکرد، یاسایەکی دژە ئازادیی ناشیرینیان ئامادەکرد، کۆتایی سیناریۆکەش دیاربوو چۆنی لێهات، بەڕاستی ئەمە بۆ یەکەمجار یارییەکی خۆشبوو، بەڵام ئیدی وا بزانم جگە لەسیاسیو رۆژنامەنووسو رۆشنبیری کورد کەس ئەم یارییە بەجیدی وەرناگرێت.

لەسیستمی نادیموکراتو ستەمکاردا، هەمیشە رووبەرێکی فراوان هەیە بۆ نمایشکردنی هەڵەی ئەوانەی لەخوار سەرۆکەوەن، رەنگە نموونەی سەرکێشییەکانی عودەی کوڕی سەدام لەعێراقدا باشترین نموونە بێت، هەمیشە رێگەیەدەدرا کاری منداڵانەو ناشیرین بکات، دواتر دەمانبینی لەلایەن سەدام حسێنی باوکییەوە سزادەدرا، لەمەشدا وێنەیەکی درۆزنانەو لەهەمانکاتدا نموونەییانەی سەدام دەدرا بەڕەشەخەڵکی عێراق، وێنەکەش ئەوە بوو کە ئەوەتا سەدام حسێن چ باوکێکی نموونەییو مەزنە، تەنانەت لەتەمبێکردنی کوڕەکەی خۆشی سڵناکاتەوە، ئیدی دەبێت عێراقییە بەشەرەفەکانیش ملکەچبن بۆ باوکە بچووکراوەکانی دیکەو ئەگەر هەڵەیانکرد تەمبێبکرێن، لەڕوویەکی دیکەشەوە ئەو وێنەیە دەدرا بەخەڵک، کە جگە لەسەرۆکی فەرماندە ئەوانی دیکەش هەڵەدەکەن، ئەوە سەرۆکە کە گەرەنتی راستکردنەوەی هەڵەکان دەکات، ئەم یارییە، دوور لەم سیاقەی باسمکردو بەشێوەیەکی دیکەی زرنگانە، لێرە لەکوردستان دووبارەدەبێتەوە.

پیشاندانی سەرۆک وەکو فریادڕەس، وەکو ئەو عیسایەی کە لەکاتی قەرەبووکراوەی لەدەستچوودا دێتو هەڵەکان راستدەکاتەوەو شتەکان دەخاتەوە سەر سکەی ئاسایی خۆی؛ میکانیزمو تاکتیکێکی باوە لەسیستمە خراپو بەدەکاندا، چونکە سیستمی سیاسی لەم تایپەیدا بەدەوری ئایدیای یەک سەرۆکی مەعسوومدا دەسووڕێتەوە، هەربۆیە بۆ مانیفێستکردنی ئەم مەعسومییەتە، زۆرجار رێگە بەئەندامانی خوارەوە دەدرێت هەڵەبکەن، یاسای نادیموکرات دابڕێژنو تێشیپەڕێنن، رێگە بەبەرپرسە بچووکەکان دەدرێت یان چاویان لێدەپۆشرێت کاری ناشیرین بکەن، لەپۆلیسێکی هاتوچۆ بدەن، یان منداڵەکانیان لەمامۆستاکانی قوتابخانە یان زانکۆ هەڵبگەڕێنەوە، دواتر لەتەغتییەیەکی میدیایی گەورەدا ئەو بەرپرسە بچووکە لەلایەن سەرۆکی حیزبەوە سزادەدرێت، بەوەش ئەو وێنەیە پیشاندەدرێت کە سەرۆک چەند ئازادیخوازو میهرەبانو پاڵپشتی هەژارانەو چەند یاساپارێزو دادپەروەرە، لەکاتێکدا ئەمە بەرهەمهێنانەوەی وێنەیەکی دژ بەو وێنە زاڵەی واقیعە کە پڕە لە نادادیو نایەکسانیو ناشیرینی کە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ سەرۆک دەستی هەیە تێیاندا، هەرچەندە ئەمە گومانێکی پێشوەختە، بەڵام من بۆنی ئەم سیناریۆیە دەکەم لەتێپەڕاندنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانداندا، کە بێگومان بەپەسەندکردنو نەکردنی کۆمەڵێک شتمان بۆ روونەبێتەوە.

کورتەی قسان ئەوەیە؛ ئەگەر سەرۆکی هەرێم ئەم یاسایە واژۆنەکات یان بیکات، کۆمەڵێک پرسیاری جیدی دێنەکایەوە. ئەگەر یاساکە واژۆبکات، ئەوا دەبێت لەو پەرلەمانتارانەی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان بپرسین: ئەگەر سەرۆکی حیزبەکەتان باوەڕی بەئازادیی خۆپیشاندان هەیە، وەک ئەوەی بەرەی دژتان دەیانەوێت، بۆچی ئێوە ناتانەوێت، لەم بارەشداو لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانتارانی پارتیو "لەگەڵیاندا پەرلەمانتارانی یەکێتییش" دەبنە ئەو عەلاگەیەی خراپییەکانیان پیادا هەڵدەواسرێت، هێشتا ئەم مەسەلەیە بۆ سەرۆکی هەرێم جێی ئیحراجییە، چونکە هێمایە بۆ باش پەروەردەنەکردنی ئەندامانی پارتەکەی لەسەر پرەنسیپەکانی حیزب، ئەوەش کەمتەرخەمییە نەک شانازی.

خۆ ئەگەر سەرۆکی هەرێم یاساکە وەک ئەوەی کە بۆی دەنێردرێت واژۆبکات، ئەوە بەڕوونی ستراتیژی پارتی لەکوردستان روونەبێتەوە، کە ستراتیژییەکە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی، لەوەشدا لەسەر ئاستی نزیکمەودا زیانێکی بچووک دەکات، لەبەرئەوەی خزمەتێکی گەورە بەیەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەگەیەنێت، چونکە وەک ئاشکرایە زۆنی یەکێتی زۆنی گەرمی خۆپیشاندانو ئۆپۆزسیۆنە، بەوەش تاڕادەیەک کۆسپ دەخاتە بەردەم خۆپیشاندەرانی زۆنی یەکێتی، هەرچەندە یەکێتی لەو شەرەفە گەورەیەش بێبەشدەکات، کە ئیدی زۆنەکەی بەزۆنێکی دیموکراسترو کراوەتر ناوببرێت.

پارتی لەسەر ئاستی دوورمەوداش زیانێکی گەورەتر دەکات، چونکە لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا، ناڕەزاییەکان ژێرەوانکێنو خەڵکەکەش ناموتەمیترن بۆ سیاسەت، ئەوەش وا دەکات کە خۆپیشاندانەکان زۆر کەمترو بەرتەسکتربن، ئیدی یاساکان هەرچۆن بن بۆ ئەو وەک یەکە، بەم کارەشی پارتی دیموکراتی کوردستان خاڵێکی خراپ لەمێژووی خۆیدا تۆماردەکات، کە بریتییە لەبەرهەمهێنانو پەسەندکردنو پشتگیریکردنی یاسایەکی نادیموکرات.

من پێموایە دەبوو هەر لەسەرەتاوە هەڤاڵانی پارتی یاسایەکی دیموکراتو ئازادیپارێزیان رەوانەی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکەکەی خۆشیان بکردایە، بەوەش راستە کەمێک لەسەرورەرییەکانی سەرۆک کەمدەبووەوەو دەستکەوتەکە دەبووە بەرهەمێکی دەستەجەمعی، بەڵام سەرئەنجام بەکۆو پارتی وەکو یەکەیەکی سیاسی، ستایشێکی بەدەستدەهێناو هەموانیش: سەرۆکو پەرلەمانتارانی پارتیو ئێمەو گۆڕانو یەکێتیو کۆمەڵو یەکگرتوو و هەموو خەڵکی کوردستان، بەهرەمەنددەبووین لەیاسایەکی سەردەمییانەی مۆدێرن، ئێستاش کە پارتی واینەکردووە، بێگومان خۆی تووشی پارادۆکسێکی گەورە کردووە و واژۆنەکردنی ئەو یاسایە لەلایەن سەرۆکی هەرێمیشەوە نابێتە دەستکەوتێکی پەتی بۆ ئەوان، چونکە ئەگەر سەرۆکی هەرێم یاساکە واژۆنەکات، ئەوا تەنیا سەرۆکەکەیان براوە دەبێت، بەڵام حیزبەکەیان دۆڕاو، لەکاتێکدا دەکرا هەر لەسەرەتاوە هەمووان براوەبن، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر لەڕەها، هەربۆیە من خوازیارم سەرۆکی هەرێم یاساکە واژۆبکات وەک ئەوەی لەخوارەوە نێردراوە بۆی، چونکە لانیکەم هەڵوێستی راستگۆیانەی ئەم پارتەمان بۆ روونەبێتەوە لەئاقار پرسەکاندا، پێشموایە ئەگەر سەرۆکی هەرێم یاساکە واژۆنەکات، ئەوا دواتر ئەو هەڵوێستە دەبێتە کۆڵەکەکەی عەولاو لەژێر سێبەرەکەیدا دەیان کاری نەشیاو ئەنجامدەدرێن. هەمووان هیوای چاکەیان هەیەو هیواداریشبووین هەر لەسەرەتاوە بیبینین، هێشتا بوارێکی زۆر ماوە بۆ ئەوەی کارە چاکەکان بکەینو بۆ لەمەودواش دەکرێت هەر لەسەرەتاوە بژاردە چاکەکان بخەینە ناو سندوقەکانەوە.

yaseen_omer80@yahoo.com

”

**پیشاندانی سەرۆک وەکو فریادڕەس، وەکو ئەو عیسایەی کە لەکاتی قەرەبووکراوەی لەدەستچوودا دێتو هەڵەکان راستدەکاتەوەو شتەکان دەخاتەوە سەر سکەی ئاسایی خۆی؛ میکانیزمو تاکتیکێکی باوە لەسیستمە خراپو بەدەکاندا**



## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەم هەفتەیەت پڕدەبێت لەسەرکێشیو موفاجەئە، لەڕووی داراییشەوە دۆخت باشدەبێت. دڵخۆشییەکانت دەبنە هۆی ئەوەی کەسانی دەوروبەریشت بەهۆی تۆوە کامەران بن، پێویستە بەباشی لەگەڵ خۆشییەکان بژیت.

## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

ئەم چەند ڕۆژە زۆر سەرقاڵدەبیت، چونکە پێویستەدەکات لەگەڵ چەندان کەسدا قسەو وتووێژ بکەیت لەبارەی مەسەلەکانەوە، بەڵام سوودی زۆریشی دەبێت لەڕووی کارو ژیانی تایبەتیشەوە.

(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

هەفتەیەکی پڕ چێژ بەسەر دەبەیت، بەتایبەت لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەتدا کەدێنو بەشەوو بەڕۆژ سەردانت دەکەن، بەڵام پێویستە ئاگات لەنیازی هەندێکیان بێت، چونکە پێناچێت هەمووان حەز بەدڵخۆشیی تۆ بکەن.

## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

بەرەو ڕووی هەندێک زەحمەتی دەبیتەوە لەتەرکیزکردندا، هەندێک کێشەی تایبەتیت وات لێدەکەن کەنەتوانی وەک جاران لەسەرخۆبیتو بەباشی کارەکانت بکەیت، هەوڵبدە چەند جارێک بەتەنیا بچیتە دەرەوە، چونکە سوودی زۆری بۆت هەیە.

## شێر (٢٣ تەموز - ٢٢ ئاب)

بەقووڵی بیر لەشتەکان بکەرەوە، چونکە هەفتەیەکی باشە بۆ بیرکردنەوە. جەستەت بەوەرزشکردنو مێشکت بەفێربوونی شتی نوێ لەبوارەکەی خۆتدا بەرەو پێش ببەو بیانپارێزە.

## فەریک (٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ئەم هەفتەیە هەفتەیەکی زۆر باشە لەو رووەوە کەدەتوانی رۆح بکەیتەوە بەبەری پەیوەندییەکی کۆنی سۆزداریتدا، لەو ماوەیەدا هەریەک لەئێوە کۆمەڵێک شتتان لەسەریەکتر بۆ دەرکەوتووە، ئەوەش دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ دانوستاندن.

## تەرازوو (٢٣ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

لەڕووی سۆزدارییەوە پێشکەوتنی بەرچاوت بەخۆوە بینیوە، ئێستا دەزانیت خۆت کێیتو چیت دەوێ. زیاتر بڕۆرە دەرەوەو بگەڕێ، هەوای پاک سوودی زۆری بۆت هەیەو پێویستە وەرزشکردنیش لەبیرنەکەیت.

## دوپشک (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هەفتەیەکی باشە بۆ خۆسەرقاڵکردن بەکاروبارە بازرگانییەکانتەوە، زۆرینەی شتەکان بەدڵی تۆ دەبن. لەڕووی سۆزدارییەوە چەند ساتێکی خۆش چاوەڕێتنو دەتوانی سوود لەئەزموونی کەسانی دەوروبەرت وەرگریت لەوبارەیەوە.

## کەوان (٢٢ ت. دووەم - ٢٠ ک. یەکەم)

لەوانەیە بانگهێشتی نانخواردنێک، پێشهاتی چاوەڕواننەکراوی لێبکەوێتەوە لەڕووی سۆزدارییەوە. دەبیتە جێی سەرنجی کەسانی دەوروبەرتو هەست بەدڵخۆشی دەکەن، بەڵام پێویستە ئاگات لەهەڵسوکەوتەکانت بێت.

## گیسک (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

پێدەچێت هەندێک گۆڕانی گەورە لەژیانتدا رووبدەن. ئاگات لەخۆت بێت نەبیتە لایەن لەهیچ رووبەڕووبوونەوەیەکدا. ڕەوتی هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن کەزوو توڕە نەبیتو هیچ بڕیارێک لەخۆوە نەدەیت.

## سەتڵ (٢٠ ک. دووەم - ١٧ شوبات)

ئەم هەفتەیە یاخود هەفتەی داهاتوو پێویستدەکات چەند بڕیارێک بدەیت کەکاریگەریی زۆریان لەسەر باری دارایی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەبێت، ئەم هەفتەیە کاتی باشت دەبێت بۆ گەڕانو گەشتکردن، بەباشی بەکاریان بهێنە.

## نەهەنگ (١٨ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەندێک کاتی ئەم هەفتەیە هەڵچوونت پێوە دیار دەبێ، بەڵام کەسانی دەوروبەرت هەست بەهەڵچوونەکانت ناکەن. بیرت نەچێت کەپێویستە ڕێگە بەسۆزەکان بدەیت کاریگەرییان لەسەرت هەبێت، ئەگەرنا تەندروستیت بەرەو خراپی دەچێت.

# لەسریلانکاش پارکی عاشقان دروستدەکرێت



دەستوور

حکومەتی سریلانکا رایگەیاند سەرقاڵی دروستکردنی پارکێکە لەنزیکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە، تا گەنجانی عاشق بتوانن بەبێ چاودێریکردنی پۆلیس لەپاڵ یەکتردا کاتەکانیان بەسەربەرن. لالیت پیۆم پرا وتەبێژی ئەنجومەنی گەنجانی سریلانکا لەلێدوانێکدا بۆ بی بی سی وتی ئامانج لەجێبەجێکردنی ئەو پلانە، پێدانی دەرفەتە بەگەنجان، بۆ ئەوەی هەستەکانیان بگۆڕنەوە.

هەروەها وتی بیرۆکەی دروستکردنی ئەو پارکە کاتێک دروستبووە، کە پۆلیسی ئەو وڵاتە رۆژانە بەسەدان گەنجی کچو کوڕ بەهۆی پێکەوەبوونو ماچکردنی یەکتر دەستگیردەکرێنو گیراوەکانیش زۆربەیان مارەبڕاوی یەکترو هاوسەرن.

بڕیارە ساڵی داهاتوو پڕۆژەکە کۆتایی پێبێتو منداڵان مافی چوون بۆ ئەو پارکەیان نییە.

# شەیدا جاف: حەزم لەناو کوڕانە

سازدانی: رەوەندجەواد



شەیدا جاف خەڵکی شاری جوانڕۆم خۆرهەڵاتی کوردستانەو ماوەیەکی زۆرە لەکوردستانی باشوور دەژی، سەرقاڵی کاری راگەیاندنەو لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەی دەستووردا دەڵێت گوڵ دەداتە ئەو کەسەی خۆشی دەوێتو ئاشکرایدەکات زیاتر حەزی لەناو کوڕانە، وەک لەکچان.

**دەستوور:** چۆن دەستت بەکارکردن کرد لەڕاگەیاندندا؟

**شەیدا جاف:** لەگەڵ خوشکەکانم هەر لەمنداڵییەوەحەزمان لەکاری راگەیاندنو کاری هونەری بووە، وەک ئاماژەم پێدا کاری هونەریش دەکەم زۆریش حەزم لێیەتیو کارمکردووە.

**دەستوور:** حەز لەناو کوڕان دەکەیت یان کچان بۆ گفتوگۆو قسەکردن؟

**شەیدا جاف:** زۆر حەزدەکەم لەناو کوڕان تێکەڵبمو گفتوگۆ بکەمو رابگۆڕمەوە وەک لەکچان،چونکە واهەستدەکەم کە لەوانەوە زۆرشت ئاڵوگۆڕ دەکرێتو فێردەبیت، نەک لەرەگەزەکەی خۆت.

**دەستوور:** چۆن بەشداریدەکەیت لەدۆبلاجکردنی زنجیرە بیانییەکاندا؟

**شەیدا جاف:** بەدەنگ بەشداریی کاری دۆبلاژ دەکەمو زۆرجار پێیانوتووم دەنگت خۆشە.

**دەستوور:** بیرت لەوەکردووەتەوە ببێتە گۆرانیبێژ ؟

**شەیبدا جاف:** بیرم لێکردووەتەوە، بەڵام من توانای دەنگی خۆم دەناسم بۆ چڕینی گۆرانیو هەستدەکەم ئەوەی من دەمەوێت ئەوە نییە، لەبەرئەوە خۆمی لێنادەمو دنیای جوانی گۆرانی تێکنادەم.

**دەستوور:** کە تەنیا دەبیت چیدەیت؟

**شەیدا جاف:** زۆر حەزم لەتەنیاییە، بەڵام زۆربەی کات کتێب دەخوێنمەوە.

**دەستوور:** کەی گریاویت؟

**شەیدا جاف:** زۆرجار لەکاتی دۆبلاژدا دەبوایە بگریامایە، یان پێبکەنیمایە، بەڵام من بەپێچەوانەوە کاتی گریان پێدەکەنمو کاتی پێکەنین دەگریم.

**دەستوور:** رۆژی ڤالانتاین گوڵ بەکێ دەدەیت؟

**شەیدا جاف:** دەیدەم بەو کەسەی خۆشی بوێمو خۆشم بوێتو خۆشەویستی زەریاییەکی پڕ لەمیهرو سۆزەو مرۆڤ لێی تێر نابێت.

# بەپیری رۆیشتو بەگەنجی گەیشت



دەستوور

بەرپرسانی کەنەدا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەگەنجێکی خەڵکی چین، کە بەرووخساری پیاوێکی پیرەوە چووەتە ناو کەنەداوە.

کەناڵی سی ئێن ئێن بڵاویکردەوە ئەو گەنجە لەفڕۆکەخانەی هۆنگ کۆنگی چینەوە سواری فڕۆکە بووەو لەفڕۆکەخانەی ڤەنکۆری کەنەدا دابەزیوە.

ئەو گەنجە چینییە دوای ئەوەی گەیشتووەتە کەنەدا، چووەتە سوچێکەوەو دەمامکەکەی سەر روخساری لابردووەو دواتر پۆلیس پێی زانیوە.

ناوبراو بەپۆلیسی راگەیاندووە بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی پەنابەری چووەتە کەنەداو پێشووتر لەگەڵ خاوەنی پاسپۆرتەکە، کە پیاوێکی ٨٠ ساڵە بووە، رێکەوتووە.

# خێڵێکی ئەردەنی منداڵەکانیان ناودەنێن سەدام

زانیار داقوقی

سەرۆک خێڵێکی ئەردەنی داوا لەئەندامانی خێڵەکەی دەکات، لەمەودوا منداڵەکانیان ناوبنێن سەدام.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتووە سەرۆکی خێڵی نەواسیەی ئەردەنی داوای لەئەندامانی خێڵەکەی کردووە، منداڵە تازە لەدایکبووە کوڕەکانیان ناوبنێن سەدام، وەک وەفایەک بۆ سەدام حسێنی سەرۆکی لەسێدارەدراوی کۆماری عێراق.

بەپێی زانیارییەکان، ئەو بڕیارە، دوای نارەزایی بەرپرسانی عێراقیو کوەیتی دێت، بەرانبەر بەناونانی شەقامێکی شاری کەرکی لەئەردەن بەناوی شەقامی سەدام حسێنەوە.

سەرۆکی خێڵی نەواسیە لەگەڵ ئەنجومەنی خێڵەکەی کۆبووەتەوە پێیوتوون لەمەودوا منداڵە کوڕەکانتان ناوبنێن سەدامو کچەکانیشتان ناوبنێن رەغدەو رەنەو حەلا بەناوی سێ کچەکەی سەدام حسێنەوە.



# فیستیڤاڵی سینەمای ژنان ١٣٤ ملیۆن دیناری تێدەچێت



رەوەند جەواد

بەڕێوەبەری سینەما لەوەزارەتی رۆشنبیریو لاوان وتی فیستیڤاڵی ژنان تایبەت بەسینەما بەبۆنەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەهەولێر سەرەتای مانگی داهاتوو ئەنجامدەدرێت.

ناسر حەسەن وتی بەهاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێرو سلێمانیو دهۆک، فیستیڤاڵێکی سینەمایی بۆ پیشاندانی چەندان فیلمی تایبەت بەکێشەکانی ژنان لەسەرەتای مانگی داهاتوو لەهەولێر ئەنجامدەدرێت.

ناسر حەسەن وتیشی فیستیڤاڵەکە ماوەی سێ رۆژ دەخایەنێتو بڕی ١٣٤ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە ١٠٠ ملیۆن دینار بۆ بەرهەمهێنانی ١٠ فیلم تەرخانکراوە.

# برلسکۆنی: خۆشەویستی ژنان لەنێربازی باشترە



دەستوور

سیلڤیۆ برلسکۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوە گوایا پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ کچێکی مەغریبی هەبووەو وتی خۆشویستنی ژنانی جوان لەنێربازی باشترە.

رۆژنامەی تایمز هند بڵاویکردەوە برلسکۆنی ئەو تۆمەتانەی رەتکردووەتەوە کە دراونەتە پاڵیو رایگەیاندووە "بڕوا بەڕۆژنامەکان مەکەن، لەبەرئەوەی فریوتان دەدەن".

رۆژنامەکانی ئیتاڵیا بڵاویانکردەوە برلسکۆنی بە٧ هەزار یۆرۆ سێکسی لەگەڵ کچێکی ١٧ساڵەی مەغریبی کە ناوی روبییە ئەنجامداوە.

ئەو پەیوەندییە سێکسییەش لەسەرەتای ئەمساڵدا ئەنجامدراوەو کچە مەغریبییەکە لەگەڵ ١٠ ژنی دیکە بەشداریی ئاهەنگی ڤالانتاینی کردووە لەماڵی برلسکۆنی.

# لەیۆنان گروپێکی توندڕەو هەوڵی سوتاندنی ٤٠ مسوڵمان دەدەن

دەستوور

رۆژنامەیەکی یۆنانی ئاشکرایکرد گروپێکی توندڕەوی رەگەزپەرستی یۆنانی بەنیازبوون ٤٠ کۆچبەری مسوڵمانی ئەندۆنیزی بسوتێنن.

رۆژنامەی ئەلفەترۆتیپیا بڵاویکردەوە ئەو گروپە ناویان کازیوە ئاڵتونییەو لەدوای داخستنی دەرگاو پەنجەرەی شوێنی نوێژکردنی موسڵمانان، ئاگریان لەمزگەوتێکی شاری ئەسینا بەرداوەو بەنیازبوون هەموو نوێژکەرەکانی مزگەوتەکە بەزیندوویی بسوتێنن.

بەپێی رۆژنامەکە مسوڵمانانی ناو مزگەوتەکە بەخێرایی ئاگرەکەیان کوژاندووەتەوە، بەڵام دوو کەس بریندارپوونو گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە.

رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشداوە پۆلیس شوێنەکەی گەمارۆداوە، بەڵام کەسانی پەلاماردەر بەسەربەستیو بەبێ لێپرسینەوەی پۆلیس لەشوێنەکە دوورکەوتوونەتەوە.

نەعیم قەندور سەرۆکی یەکێتیی مسوڵمانانی یۆنان بەرۆژنامەی ئەلفەترۆتیپیای راگەیاند ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە پۆلیس لەکاتی رووداوەکەدا لەو شوێنە ئامادەبووە، بەڵام لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەو کارە نەکردووە.


www.arsivakurdi.org

دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر



# حەمە رەئوف کەرکوکی پەری کلیپکرد

موحسین یاسین

هونەرمەند حەمە رەئوف کەرکوکی گۆرانی پەری لەناو بینای سەرای کۆن لەشاری سلێمانی کلیپکرد.
حەمە رەئوف کەرکوکی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی گۆرانیی پەری تێکستی جەمال شارباژێڕیەو ئاوازو ئامادەکردنی میوزیک خەلیل عەبدوڵاو لەستۆدیۆی کاوان کاری تۆمارکردنی بۆ کراوەو بەهاوکاریی کەناڵی کوردسات کلیپکراوە.
کلیپی پەری کەمال محەمەد کاری وێنەگرتنو دەرهێنانی بۆ کردووەو ئاریان ئازاد مۆنتاژی دەکات.

# منداڵێک لەجلشۆردا دەمرێت

دەستوور

ژنێکی ٣٠ ساڵەی خەڵکی ئۆکلاهامای ئەمریکا بەهەڵە منداڵە تەمەن ١٠ رۆژەکەی دەخاتە ناو جلشۆرەوەو بەهۆیەوە گیان لەدەستدەدات.
ئاژانسی هەواڵی ئیسنای ئێرانی بڵاویکردەوە لەڕاپۆرتەکەی پۆلیسدا باس لەوەکراوە ئەو منداڵە ١٠ رۆژە لەگەڵ جلە چڵکنەکانی ئەو ماڵە پێچراوەتەوەو خراوەتە ناو جلشۆرەکەوە.
دایکی ئەو منداڵە ناوی لیندزی فیدلەرەو رۆژی دووشەممەی رابردوو لەلایەن پۆلیسی ناوچەی بارتزویلی ئۆکلاهاماوە دەستگیرکرا.
ئاژانسی هەواڵی شۆرت نیوزی ئەمەریکاش لەوبارەیەوە بڵاویکردەوە جەستەی شێوێنراوی ئەو منداڵە دواتر لەلایەن ئەندامێکی ئەو خێزانەوە لەجلشۆرەکەدا هێنراوەتە دەرەوە، بەڵام گیانی لەدەستداوە.
بەرپرسانی پزیشکیی ناوچەکە ئاماژەیان بەوەداوە ئەو منداڵە لەکاتی وشککردنەوەی جلەکانی ناو جلشۆرەکەدا گیانی لەدەستداوە.
لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لەو بارەیەوە بەردەوامە.

# سبەی کۆنسێرتی سوارە محەمەدە



موحسین یاسین

وا بڕیارە سبەی ٢٠١٠/١١/١١ کۆنسێرتێک بۆ سوارە محەمەد لەسلێمانی ئەنجامبدرێت.
لەلێدوانێکدا ئیبراهیم ئەحمەد بەڕێوەبەری کەلەپوری سلێمانی ئاشکرایکرد بەهاوکاریی گروپێکی میوزیک کەپێکهاتوون لەتوانا خورشید، خەلیل عەبدوڵا، نیاز محەمەد، سەروەر قادر، نەورۆز مەولود کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ سوارە محەمەد لەهۆڵی رۆشنبیری سازدەکەن.
لەکۆنسێرتەکەدا سوارە محەمەد کۆمەڵێ گۆرانیی نوێ پێشکەشدەکات.

# لەعێراق پێڵاوی ئۆباما بازاڕی گەرمە



دەستوور

بەشێک لەپێڵاوفرۆشەکانی شاری بەغدا سەرقاڵی فرۆشتنی جۆرێکی نوێی پێڵاون، کە لەبەشی ژێرەوەیدا وێنەی باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکای لەسەر دروستکراوەو عێراقییەکان بەهۆی نارازیبوونیان بەرانبەر ئەمەریکا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو پێڵاوە دەکڕنو لەپێی دەکەن.
فرۆشیارێکی ئەو پێڵاوانە لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵی سی ئێن ئێن رایگەیاند بۆ ماوەی ساڵو نیوێکە سەرقاڵی فرۆشتنی ئەو پێڵاوانەنو بازاڕێکی گەرمیان هەیە.
بەپێی راپۆرتەکە ئەو پێڵاوانە لەچین دروستدەکرێنو بەشێوەیەکی زۆر رەوانەی عێراق دەکرێن.
پێڵاوفرۆشەکەی شەقامی رەشیدی بەغدا وتی "پێشوازیی خەڵک لەو پێڵاوانە بەمانای سوکایەتیکردن نییە بەخودی ئۆباما، بەڵام عێراقییەکان دەیانەوێت بەو رەفتارە، تورەییان لەبارودۆخی عێراق نیشانبدەنو پێیانوایە ئەمەریکا بەرپرسیارە لەو بارودۆخە.



# گۆڕێکی بەکۆمەڵی جەنگی دووەمی جیهانی دەدۆزرێتەوە



دەستوور

لەشارێکی بچوکی رۆمانیا گۆڕێکی بەکۆمەڵی جەنگی دووەمی جیهانی دۆزرایەوەو تەرمەکان پێکهاتوون لەپیاوو ژنو منداڵ.
ئەنستیتۆی ئالی ویزڵ بۆ لێکۆڵینەوەی کارەساتی هۆڵۆکۆست لەڕۆمانیا رایگەیاند لەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا کە لەدارستانێکدا دۆزراوەتەوە، تەرمی ١٠٠ پیاوو ژنو منداڵی تێدایەو لەساڵی ١٩٤١ کوژراون.
لەجەنگی دووەمی جیهانیدا ٢٨٠ هەزار جولەکەو ١١ هەزار قەرەج لەڕۆمانیا بەدەستی نازییەکان کوژراون.




www.kurdipedia.org